٧
# رۆژنامە
لە ئیستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات
No.564 Tue 12/ 1/ 2010
نرخ 750 دینار
ژمارە 564 سێشەممە 12/ 1/ 2010



ئاسیاسێڵ
خزمەتگوزاری بەشداربووان ١١١
www.asiacell.com

## لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان:
# دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی کەمتەرخەمن

**رۆژنامە**

لە راپۆرتێکیدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، لیژنەی ناوخۆو ئاسایش، دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی بە کەمتەرخەم دەزانێت لەبەرامبەر ئەو رووداوانەی لەماوەی رابردوودا لە سنوورەکەدا روویانداوە.

نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «راپۆرتی سەرەتاییمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووەو رەخنەمان لە دەزگا ئەمنییەکانی پارێزگای سلێمانی گرتووە، چونکە کەمتەرخەمن لە ئیجرائاتکردن بەرامبەر بەو رووداوانەی لەم دواییەدا روویاندا».

ئەو راپۆرتەی لیژنەی ناوخۆ دوای پێشکەشکردنی یاداشتێکە لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەر لەو روانگەیەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەی ناوخۆی بۆ ئەو مەبەستە راسپاردو لیژنەکەش نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی پەرلەمانیان ناردە سلێمانیو دوێنێ لەوبارەیەوە راپۆرتێکیان دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

هەر لەوبارەیەوە قادر حەسەن، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ، بە رۆژنامەی راگەیاند، لە راپۆرتەکەدا جەختمان لە ئیجرائاتکردن لە رووداوەکانی ئەم دواییە کردووەتەوە، هەروەها هەمووشمان کۆکبووین لەسەر ئەوەی دژی تێکدانی ئاسایشین لەهەرشوێنێکی کوردستان بێت.

هاوکات سەمیر سەلیم، ئەندامی هەمان لیژنە بە رۆژنامەی راگەیاند، «لێدوانەکانی بەرپرسانی سلێمانی هیچ نرخو بەهایەکیان نابێت تا لێکۆڵینەوەکان تەواو نەبن».

لەماوەی چەند هەفتەی رابردوودا لە سنووری پارێزگای سلێمانی چەند رووداوێکی نەخوازراو روویاندا، دیارترینیان، (لێدانو هەڕەشەکردن لە خوێندکارێکی زانکۆ، تەقەکردن لە هەڵسووڕاوێکی گۆڕانو سووتاندنیماڵێکو ئۆفیسی پەرلەمانتارێکی گۆڕان لە کۆیە، دەستگیرکردنی چەند خۆپیشاندەرێک لە شارۆچکەی پیرەمەگروون، هەڕەشەکردنو سووتاندنی ئۆتۆمبێلی چەند هەڵسووڕاوێکی گۆڕان، قەدەغەکردنی سازدانی خۆپیشاندان بێ گەڕانەوە بۆ ئاسایشو وەرگرتنی مۆڵەت، هەڕەشەکردن لەو شارۆچکەو گرووپانەی دەیانەوێت خۆپیشاندان سازبکەن).

پێشتریش هەر سێ فراکسیۆنی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردبوو بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجەو تێکچوونی رەوشی ئەمنیی هەرێم.


ئارامیی سلێمانی، لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکانەوەیە
فۆتۆ: هیوا جەمال

# یەکێتی جێگەکەی بەرهەم ساڵح دەداتە پارتی

**رۆژنامە**

هاوپەیمانیی کوردستان، د.رۆژ نوری شاوەیس وەک جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستنیشاندەکات، لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەو پۆستەش لەلایەن پارتییەوە، یەکێتی وەزارەتێک لە پارتی وەردەگرێت.

دوێنێ (٢٠١٠/١/١١) پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنێکدا متمانەیان دایە د.رۆژ بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە پێشتر د.بەرهەم لەو پۆستەدا بووە.

بەوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، یەکێتی لە بەرامبەر وەرگرتنی وەزارەتێک لە پارتی، رازی بووە بەوەی د.رۆژ شوێنی د. بەرهەم لەبەغدا پڕبکاتەوە.

جەعفەر شێخ مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد، کە لە ئێستادا دەستکاری تەشکیلەی وەزارەتەکانی حکومەتی عێراقی ناکرێتو لەکاتی بوونی رێکەوتنێکی لەوشێوەیەش لەنێوان یەکێتیو پارتیدا، کە لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن د.رۆژەوە، یەکێتی وەزارەتێکی زیادە لە بەغدا وەربگرێت، ئەوا ئەو گۆڕانکارییە لە حکومەتی ئاییندەی عێراقدا دەبێت.

بەوتەی سیروان زەهاوی، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانیی لە پەرلەمانی عێراق، د.رۆژ نوری شاوەیس تا کاتی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق، لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عێراق لە (٢٠١٠/٣/٧)و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، کە رەنگە بکەوێتە مانگی حوزەیرانەوە، لەو پۆستەدا دەبێت.

# ١٥ رۆژی دیکە بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات

**رۆژنامە**

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاند، وردبینیی ناوی پاڵێوراوان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەردەوامەو هەرکات وردبینی تەواوبوو، کۆمسیۆن ناوەکان پەسەند دەکاتو هەڵمەتی بانگەشە دەستپێدەکاتو بەرپرسێکی کۆمسیۆنیش پێشبینی دەکات لەماوەی ١٥ رۆژی داهاتوودا هەڵمەتی بانگەشە دەستپێبکات.

عەبدولرەحمان خەلیفە بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆن راگەیاند: «کاتێکی دیاریکراو هەیە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کە نابێت لە مانگێک کەمتر بێت، پێشبینی ئەوەشی کرد لەماوەی کەمتر لە ١٥ رۆژی داهاتوودا وردبینی ناوی پاڵێوراوەکان تەواوبکرێتو بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێبکات».

**وردەکاریی زیاتر لە ل٣دایە.**

# عەلی باپیر: حکومەت خەڵکی نائومێد کردووە

**رۆژنامە**

عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان داوا لە تاڵەبانیو بارزانیو مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە دەکات، کە دەستی حکومەت ئاوەڵابکەنو بە روحی حیزبی مامەڵە لەگەڵ حکومەت نەکەن، لەو بارەیەوە دەڵێت: «حکومەت خەڵکی تووشی نائومێدیی کردووە» لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا عەلی باپیر ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات؛ کە تائێستا دوو ئیدارەیی هەیەو تەنیا بەقسە حکومەت یەکیگرتووەتەوە.

سەبارەت بەکاری هاوبەشی لایەنە ئیسلامییەکان ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی دەڵێت: یەکگرتنی کۆمەڵو یەکگرتووم پێباشە، پێشی وایە؛ گۆڕانکاریی لە کۆمەڵی ئیسلامییدا بووەتە پێویستیو ئەمساڵ لە کۆنگرەی حیزبەکەیدا «گۆڕانی جەوهەریی» بەسەر شێوازی کارکردنیاندا دێت.

# قادر عەزیز: کاندیدەکانمان لە لیستی هاوپەیمانیی لابراون

**رۆژنامە**

حیزبو لایەنەکانی ناو لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی، نارازین لە سڕینەوەی ناوی کاندیدەکانیانو دانانیان لە ریزبەندیی کۆتایی لیستەکەدا لەلایەن یەکێتیو پارتییەوەو پێیانوایە جیاکارییان لەنێواندا کراوە.

قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرەتا ئێمە شەش کاندیدمان هەبوو، بەبێ ئاگاداری خۆمانو بە پاساوی زۆر لاواز کاندیدەکانمان لەدهۆکو کەرکوک لابراون».

وتیشی: «بەغدا کاندیدەکەمان لە ریزبەندیی (١٠٥) دانراوە، سەیرەکە لەوەدایە کە هاوپەیمانیی کوردستانی، لە دوو هەڵبژاردنی رابردوودا لە بەغدا دەنگی نیو کورسی بەدەست نەهێناوە، کەچی کاندیدەکەی ئێمەی لە ریزبەندیی (١٠٥) داناوە».

هاوکات د.محەمەد بازیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئاماژەی بەوەکرد: « یەکێتیو پارتی هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بۆ هەر پارێزگایەک تەنیا یەک کاندیدمان هەبێت بە بیانووی ئەوەی کە دەنگەکان دابەش نەبنو دواتر ئێمە پێمانراگەیاندن کە بڕیاری مەکتەبی سیاسییە کە دەبێت هەموو کاندیدەکانمان بهێڵرێنەوە».

**وردەکاریی زیاتر لە ل٤دایە.**

# ١٥ رۆژی دیکه بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردن ده‌ستپێده‌کات

**به‌هادین یوسف**

سه‌رۆکی کۆمسیۆنی باڵای سه‌ربه‌خۆی هه‌ڵبژاردنه‌کان رایگه‌یاند، وردبینیی ناوی پاڵێوراوان له‌لایه‌ن لایه‌نه په‌یوه‌ندیداره‌کانه‌وه به‌رده‌وامه‌و هه‌رکات وردبینی ته‌واوبوو، کۆمسیۆن ناوه‌کان په‌سه‌ند ده‌کات‌و هه‌ڵمه‌تی بانگه‌شه ده‌ستپێده‌کات‌و به‌رپرسێکی کۆمسیۆنیش پێشبینی ده‌کات له‌ماوه‌ی ١٥ رۆژی داهاتوودا هه‌ڵمه‌تی بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردن ده‌ستپێبکات.

فه‌ره‌ج حه‌یده‌ری، سه‌رۆکی کۆمسیۆنی باڵای سه‌ربه‌خۆی هه‌ڵبژاردنه‌کان به رۆژنامه‌ی راگه‌یاند: «تائێستا به ره‌سمیی هیچ کاتێکمان دیاری نه‌کردووه بۆ هه‌ڵمه‌تی هه‌ڵبژاردنه‌کان، هه‌رکاتێک ناوی کاندیده‌کان په‌سه‌ندکران، ئه‌وکاته هه‌ڵمه‌تی بانگه‌شه ده‌ستپێده‌کات‌و لایه‌نه په‌یوه‌ندیداره‌کانیشمان ئاگادارکردووه‌ته‌وه که ئێمه کاتمان که‌م به‌ده‌سته‌وه ماوه‌و خشته‌یه‌کمان بۆ کاره‌کانمان داناوه».

ناوی (٦٥٣٩) که‌س که پاڵێوراون بۆ هه‌ڵبژاردنه‌کانی داهاتووی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق، نێردراوه بۆ ده‌سته‌ی لێپرسینه‌وه‌و دادپه‌روه‌ریی‌و وه‌زاره‌تی ناوخۆو وه‌زاره‌تی ئاسایشی نیشتمانی‌و ده‌سته‌ی نه‌زاهه‌و وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده بۆ لێکۆڵینه‌وه‌و وردبینیکردنیان، تائێستاش ئه‌و لایه‌نانه وه‌ڵامی کۆمسیۆنی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌کانیان نه‌داوه‌ته‌وه.

حه‌یده‌ری ئاماژه‌ی به‌وه‌شکرد، ئه‌وان خشته‌یه‌کیان بۆ به‌ڕێوه‌چوونی قۆناغه‌کانی پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردن داناوه، به‌ڵام ئه‌گه‌ر وردبینیی ناوه‌کان دواکه‌وت‌و کاریگه‌ریی له‌سه‌ر خشته‌که جێهێشت، ئه‌وکاته هه‌ڵوێستی خۆیان راده‌گه‌ینن به‌وه‌ی وردبینیی ناوه‌کان له‌ده‌سه‌ڵاتی کۆمسیۆن ده‌رچووه‌و که‌وتووه‌ته ئه‌ستۆی لایه‌نه په‌یوه‌ندیدراه‌کانی دیکه‌وه».

سه‌باره‌ت به بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردنیش، کۆمسیۆنی باڵا رایگه‌یاندووه، رێوشوێنی توند دانراوه بۆئه‌وه‌ی لایه‌نه‌کان پابه‌ندی رێنماییه‌کان بن‌و له شوێنه گشتییه‌کاندا بانگه‌شه نه‌که‌ن‌و هه‌ر قه‌واره‌یه‌کی سیاسیش دوای ته‌وابوونی هه‌ڵمه‌تی بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردن پۆسته‌رو لافیته‌کانی لێنه‌کاته‌وه‌و مه‌رجه‌کانی کۆمسیۆن جێبه‌جێنه‌کات، ئه‌وا له‌لایه‌ن کۆمسیۆنی باڵاوه ئه‌و قه‌وارانه په‌سه‌ندناکرێت».

له‌لایه‌کی دیکه‌وه عه‌بدولڕه‌حمان خه‌لیفه به‌ڕێوه‌به‌ری په‌یوه‌ندییه جه‌ماوه‌رییه‌کانی کۆمسیۆنی باڵای سه‌ربه‌خۆی هه‌ڵبژاردنه‌کان له‌عێراق به رۆژنامه‌ی راگه‌یاند: «کاتێکی دیاریکراو هه‌یه بۆ بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردن که نابێت له مانگێک که‌متر بێت، بۆ ئه‌وه‌ی قه‌واره سیاسییه‌کان‌و کاندیده‌کان ئه‌و ماوه‌یه‌یان له‌به‌رده‌ستدابێت بۆ بانگه‌شه‌کردن، ئه‌ویش دوای ئه‌وه‌ی ناوه‌کانیان له‌لایه‌ن کۆمسیۆنه‌وه په‌سه‌ندکرا له راگه‌یاندنه‌کاندا بڵاوده‌کرێته‌وه‌و رۆژی دوای بڵاوکردنه‌وه‌ی ناوی کاندیده‌کان راسته‌وخۆ هه‌ڵمه‌تی بانگه‌شه ده‌ستپێده‌کات».

سه‌باره‌ت به په‌سه‌ندکردنی ناوی پاڵێوراوه‌کانیش خه‌لیفه وتی: «وردبینیکردنه‌که زۆر ئاڵۆزه به‌پێی مه‌رجه‌کانی خۆپاڵاوتن، ئه‌ویش دڵنیابوون له بڕوانامه‌کانیان‌و پێشینه‌یان که حوکمدرابن یان نا، یاسای ریشه‌کێشکردنی به‌عس نه‌یانگرێته‌وه‌و پاک بن‌و گه‌نده‌ڵ نه‌بن‌و ته‌مه‌نیان له ٣٠ساڵ که‌متر نه‌بێت‌و بڕوانامه‌یان ته‌زویر نه‌بێت‌و له سلکی سه‌ربازیدا نه‌بن».

پێشبینی ئه‌وه‌شی کرد، له‌ماوه‌ی که‌متر له ١٥ رۆژی داهاتوودا وردبینیی ناوی پاڵێوراوه‌کان ته‌واوبکرێت‌و بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردن ده‌ستپێبکات».

بۆ هه‌ڵبژاردنی داهاتووی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق که بڕیاره رۆژی ٢٠١٠/٣/٧ به‌ڕێوه‌بچێت، (٦٥٣٩) پاڵێوراو له چوارچێوه‌ی (٨٦) هاوپه‌یمانیی‌و قه‌واره‌ی سیاسیدا له (١٨) پارێزگاکه‌ی عێراق کێبڕکێ ده‌که‌ن بۆ به‌ده‌ستهێنانی (٣٢٥) کورسی په‌رله‌مان.

# سه‌رۆکی رێکخراوی جیۆلۆجیانی سلێمانی، پۆسته‌که‌ی لێسه‌ندرایه‌وه

**رۆژنامه**

به‌هۆی ئینتیمانه‌بوونییه‌وه بۆ یه‌کێتی، سه‌رۆکی لقی سلێمانیی رێکخراوی جیۆلۆجیانی کوردستان له پۆسته‌که‌ی دوورده‌خرێته‌وه.

زه‌رده‌شت ئه‌حمه‌د، سه‌رۆکی له‌سه‌رکارلادراوی لقی سلێمانی رێکخراوی جیۆلۆجیانی کوردستان له لێدوانێکدا بۆ رۆژنامه، ئه‌وه‌ی خسته‌ڕوو که (٢٠٠٩/١٢/٩) له مه‌کته‌بی رێکخراوه‌دیموکراتییه‌کانه‌وه بانگکراوه‌و له‌لایه‌ن سه‌رۆکی ناوه‌ندی سلێمانی رێکخراوه‌کانه‌وه پێیراگه‌یه‌نراوه «له‌مه‌ودوا تۆ سه‌رۆکی لقی سلێمانی رێکخراوی جیۆلۆجیانی کوردستان نیت، چونکه تۆ که‌سێکی یه‌کێتی نیت‌و که‌سێک داده‌نێین



که خزمه‌تی سیاسه‌تی یه‌کێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات، چونکه تۆ ئه‌وکاره‌مان بۆ ناکه‌یت».

به وته‌ی زه‌رده‌شت ئه‌حمه‌د، لقی سلێمانیی رێکخراوی جیۆلۆجیانی کوردستان له ساڵی (٢٠٠٠)ه‌وه که ئه‌ویان وه‌ک سه‌رۆک هه‌ڵبژاردووه، تائێستا هه‌ڵبژاردنیان نه‌کردووه، هه‌ربۆیه کاتێک بڕیاری لابردنی له پۆسته‌که‌ی دراوه، ئه‌و بڕیاره‌ی ره‌تکردووه‌ته‌وه‌و پێیراگه‌یاندوون، «من به هه‌ڵبژاردن له‌و پۆسته دانراوم‌و ناتوانن بمگۆڕن، به‌ڵام پێیانوتووه، که رێکخراو رێکخراوێکی حیزبییه (یه‌کێتییه)و حیزب ده‌توانێت هه‌موو گۆڕانکارییه‌ک بکات».

زه‌رده‌شت ئه‌حمه‌د وتیشی «پێشتر چه‌ندینجار داوای به‌ستنی کۆنگره‌یان کردووه، چونکه پێویست بوو دوای (٤) ساڵ کۆنگره ببه‌ستنه‌وه، به‌ڵام حیزب رێگه‌ی پێنه‌داون که کۆنگره ببه‌ستن».

# لیستێکی کوردیی له که‌رکوک کشایه‌وه

**ئارام جه‌مال**

لیستی چاکسازی‌و بونیادنانه‌وه‌ی که‌رکوک له هه‌ڵبژاردنی داهاتووی په‌رله‌مانی عێراقدا له که‌رکوک کشایه‌وه‌و سه‌رۆکی لیسته‌که‌ش ئاماژه به‌وه ده‌کات، که ده‌نگ به پاڵێوراوی لیسته کوردییه‌کانی دیکه‌ی که‌رکوک ده‌ده‌ن.

عه‌لی ساڵه‌یی سه‌رۆکی لیستی چاکسازی‌و بونیادنانه‌وه‌ی که‌رکوک به رۆژنامه‌ی راگه‌یاند «به‌شێوه‌یه‌کی ره‌سمیی کشانه‌وه‌ی لیسته‌که‌مان راگه‌یاندووه له هه‌ڵبژاردنی داهاتووی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق».

لیستی چاکسازی‌و بونیادنانه‌وه، که له‌لایه‌ن کۆمسیۆنی باڵای سه‌ربه‌خۆی هه‌ڵبژاردنه‌کانه‌وه ژماره (٨٩)ی پێدراوه له سه‌رۆکێک و دوو ئه‌ندامی دیکه پێکدێت‌و عه‌لی ساڵه‌یی که سه‌رۆکایه‌تی ئه‌و لیسته‌ی ده‌کرد ئه‌ندامێکی بێلایه‌نی ئه‌نجومه‌نی پارێزگای که‌رکوک بووه له سه‌ر لیستی برایه‌تی.

هاوکات عه‌لی ساڵه‌یی هۆکاری کشاندنه‌وه‌ی لیسته‌که‌ی گه‌ڕانده‌وه بۆ سه‌رنه‌گرتنی هه‌وڵه‌کانیان بۆ پێکهێنانی یه‌ک لیستی کوردی بۆ هه‌ڵبژاردنی که‌رکوک، وتیشی: «له‌ژێر هیچ گوشارێکدا بڕیاری کشانه‌وه‌ی لیسته‌که‌مان نه‌داوه‌و بڕیارمانداوه له هه‌ڵبژاردنی داهاتووی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌راندا له‌سنووری که‌رکوک ده‌نگ به پاڵێوراوی لیسته کوردییه‌کانی دیکه بده‌ین».

# حکومه‌ت ئاگای له‌یاساکانی په‌رله‌مان نییه

**شارا عه‌بدولڕه‌حمان**

ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی هه‌رێم، پڕۆژه‌یاسایه‌کی بۆ دیاریکردنی رۆژی هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نی پارێزگاکان‌و درێژکردنه‌وه‌ی ماوه‌ی ئه‌و ئه‌نجومه‌نانه نارده په‌رله‌مان، ئه‌مه له‌کاتێکدا په‌رله‌مانی کوردستان پێشترو به‌یاسا ده‌سه‌ڵاتی دیاریکردنی رۆژی ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌ی داوه‌ته ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران.

ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران، کۆتایی مانگی رابردوو پڕۆژه‌یاسایه‌کی ره‌وانه‌ی په‌رله‌مان کرد به‌مه‌به‌ستی دیاریکردنی رۆژی هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نی پارێزگاکانی هه‌رێم له مانگی تشرینی یه‌که‌می ئه‌مساڵدا.

عه‌ونی به‌زاز، جێگری سه‌رۆکی لیژنه‌ی یاسایی له په‌رله‌مانی کوردستان به رۆژنامه‌ی راگه‌یاند: به‌هۆی ئه‌وه‌ی یاساو بڕیاری پێویست له په‌رله‌مان بۆ ئه‌و مه‌به‌سته ده‌رچووه، هیچ پێویست به‌و پڕۆژه‌یاسایه‌ی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران ناکات‌و کاری پێناکرێت.

د.ئه‌حمه‌د وه‌رتی، ئه‌ندامی لیژنه‌ی یاسایی له په‌رله‌مانی کوردستانیش به رۆژنامه‌ی راگه‌یاند: گفتوگۆی ئه‌و پڕۆژه‌یاسایه‌مان کرد که ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران ناردبووی‌و دڵنیابووینه‌وه له‌وه‌ی که هیچ پێویستییه‌ک به‌یاسای نوێ ناکات بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌و مه‌سه‌له‌که په‌یوه‌ندیی به حکومه‌ت خۆیه‌وه هه‌یه، نه‌ک په‌رله‌مان.



## بەڕێوەبەری هۆبەی مادە هۆشبەرەکانی هەولێر:

# هێنانی حەشیشو تلیاک لە زیادبووندایە

**رۆژنامە**

بە وتـەی بەرپرسانی بەشی مادە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی هەولێرو سلێمانی بە بـەراورد بە ساڵانی رابـردوو رێژەی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ ناو هەرێم لە زیادبووندایە.

فرسەت دۆڵەمەڕی، بەڕێوەبەری هۆبەی مادە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی هەولێر، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ساڵ بە ساڵ هێنانی مادە هۆشبەرەکان، بەتایبەت حەشیشو تلیاک بۆ ناو هەرێمی کوردستان لە زیادبووندایە، ئەمساڵیش ژمـارەیـەکـی زۆر بەهۆی بازرگانیکردنو بەکارهێنانی ئەو مادانەوە دەستگیرکراونو بڕێکی زۆریش لە تلیاکو حەشیش دەستیان بەسەردا گیراوە.

بەرپرسانی ئاسایشی هەرێم، هۆکاری زیادبوونی بازرگانیکردنو بەکارهێنانی ئەو مادانە لە هەرێم دەگەڕێننەوە بۆ کۆنترۆڵنەکردنی سنوورەکان لەگەڵ تورکیاو ئێران، کە تائێستا توانراوە تەنیا (٣٠٪) کۆنترۆڵ بکرێن.

لە سنووری پارێزگای سلێمانیش، بە وتەی جەلال ئەمین بەگ، بەڕێوەبەری بەشی مادە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی، لەماوەی (٥) ساڵی رابـردوودا زیاتر لە (٤٢) کیلۆگرام مادەی هۆشبەرو زیـاتـر لـە (٣٥٠) کـەس بـە تۆمەتی بازرگانیکردنو بەکارهێنانی تلیاکو حەشیش دەستگیرکراون، کە رێژەیەکی زۆری ئەو مادانە لە ئەفغانستانەوەو لە رێگەی سنوورەکانی ئێرانەوە بە قاچاغ دەهێنرێنە هەرێم.

بەرپرسی بەشی مادە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی هەولێر ئاماژەی بەوەشکرد؛ پێویستە حکومەت گرنگی زیاتر بەم دەزگایانە بداتو کارابکرێنو نەخۆشخانەی تایبەتیش بۆئالودەبووانی مادەهۆشبەرەکان دروستبکرێت، نەک بخرێنە زیندانەوە.

## حکومەت

# مامۆستایان بێئومێد دەکات

**شارا عەبدولڕەحمان**

دەرماڵەی (٥٠٠) هـەزاری مامۆستایان کە حکومەتی هەرێم لێی بڕین، تائێستا بۆیان نەگەڕێنراوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا سێ مانگ لـەمـەوبـەر وەزیـری پـەروەردەی کابینەی پێشوو بەڵێنیدا بە گەڕانەوەی ئەو دەرماڵەیە، بەو هۆیەشەوە مامۆستایان بێئومێدبوون لە گەڕانەوەی دەرماڵەکەیان.

دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٨)دا حکومەتی هەرێم بەهۆی کورتهێنانی بودجەوە، بۆ ماوەی چوار مانگ (١٢٥) هەزار دیناری لە مووچەی مامۆستایان بـڕی، کە کـۆی گشتیی دەکاتە (٥٠٠) هەزار دینار، حکومەتی هەرێم بەڵێنیدا بە گەڕانەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ مامۆستایان، بەڵام دوای تێپەڕینی دوو ساڵ بەسەریدا تائێستا نەگەڕێنراوەتەوە.

لە دوایەمین بەڵێنی بەرپرسانی حکومیشدا بۆ ئەو مەبەستە، رۆژی (٢٠٠٩/١٠/١)، د.دڵشاد عەبدولڕەحمان وەزیـری پێشووی پـەروەدەی حکومەتی هەرێم لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: بڕیاریداوە بەجێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەی کە لەلایەن مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایانەوە بۆیان نێردراوە، وتیشی: «وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بە رەسمیی بڕیاری سەرفکردنی دەرماڵەی (١٢٥) هەزار دیناری بۆ چوار مانگ دەرکردووەو لەم مانگەوە سەرف دەکرێت».

ئەم بەڵێنەی وەزیـری پێشووی پـەروەردە هاوکات بوو لەگەڵ راگەیەنراوێکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا، کە تیایدا تا رۆژی (١٠/٣)ی دابووە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، بۆئەوەی داواکارییەکانی مامۆستایان جێبەجێ بکات بە گەڕانەوەی دەرماڵەی پیشەیی چوار مانگی مامۆستایان، ئەگەرنا مانگرتنی سەرتاسەریی رادەگەیەنن، بەو هۆیەشەوە بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکەیان درا، بۆئەوەی مانگرتن ئەنجام نـەدەن، بەڵام بەڵێنەکە جێبەجێنەکراو یەکێتیی مامۆستایانیش لە بڕیاری مانگرتنەکە پاشگەز بووەوە.

مامۆستا ئالان بەکر لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە بەڵێنەکانی حکومەتی هەرێم بۆ گەڕانەوەی دەرماڵەکەیان بێزارو بێ ئومێدبوون، هاوکات لە هەوڵەکانی یەکێتیی مامۆستایانیش لەوبارەیەوە بەگومانن، چونکە چەندین جار بەڵێنی هـەوڵـی زیـاتـرو فشاری مانگرتنو خۆپیشاندانیان داوە، بەڵام بە بەڵێنێکی زارەکی لەسەرجەم قسەکان پاشگەزدەبنەوەو داوا دەکەن کە مامۆستایان هەڵوێست وەرنەگرن».

سـەبـارەت بەدوایەمین هـەوڵـی یەکێتیی مامۆستایانیش سیروان نوری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە رۆژنامەی وت: «رۆژی (٧)ی ئەم مانگە دووبارە نامەمان ناردەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیـران بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکاریی مامۆستایان بۆ گەڕانەوەی دەرماڵەکەیان، بەڵام تائێستا وەڵامنەدراوینەتەوە».

## بەرەی تورکمانی ناڕازییە

# پۆلیسی کەرکوک وێنەی بارزانی بەرزدەکاتەوە

**هەستیار قادر، ئارام جەمال**

بەرزکردنەوەی وێنەی مەسعود بـارزانـی لە یـادی (٨٨) ساڵەی دامەزراندنی پۆلیسی عێراقیدا کێشەی لێدەکەوێتەوەو بەرەی تورکمانیش بەیاننامە لە دژی دەردەکات.

بـەپـێـی ئـەو زانـیـاریـیـانـەی دەست رۆژنامە کەوتوون، رۆژی پێنجشەممەی رابـردوو لە یادی (٨٨) ساڵەی دامەزراندنی پۆلیسی عـێـراقـیـدا لـە شـاری کـەرکـوک چـەنـد ئۆتۆمبێلێکی سـەر بە ئەکادیمیای پۆلیسی ئەو شارە وێنەی هەریەک لە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بەرز دەکەنەوەو رێشنادەن وێنەگرێکی کەناڵی تورکمان ئیلی وێنەی ئەو دیاردەیە بگرێت، بـەو هۆیەشەوە کێشە دروستدەبێتو بەرەی تورکمانیش لـە بـەیـانـنـامـەیـەکـدا، وێـڕای ئیدانەکردنی ئەو هەڵسوکەوتەی پۆلیسی کەرکوک ئاماژە بەوە دەکات؛ کە مەسعود بارزانی هیچ پۆستێکی لە کەرکوکدا نییەو دووبارەبوونەوەی بەرزکردنەوەی وێنەی بارزانی لە کۆبوونەکانی کەرکوکدا، کارێکی ئیستفزازییەو ئەم هەڵسوکەوتانەش دەرئەنجامی خراپی دەبێتو پێویستە هێزەکانی ئەمریکاو وەزارەتی ناوخۆو دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک لەوبارەیەوە بە بەرپرسیارێتی خۆیان هەڵسن.

لـەوبـارەیـەوە ژاڵـە نەفتچی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی بەرەی تورکمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەرزکردنەوەی وێنەی مەسعود بـارزانـی لە یـادی دامەزراندنی پۆلیسی عێراقیدا، زیان بە بەهاو ناو و ناوبانگی دەزگا ئەمنییەکانی کـەرکـوک دەگەیەنێت لـەڕووی دەستتێوەردانی حیزبییەوەو ئەو کارەش کێشەی سیاسیی نوێ لە کەرکوکدا دروستدەکات.

لەبەرامبەریشدا عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کـەرکـوک وێـڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە بۆ رۆژنامەی روونـکـردەوە؛ کە ئەو دیاردەیە لە کەرکوکدا بووەتە کارێکی ئاساییو لایەنەکانی دیکەیش بەهەمانشێوە لە بۆنەکانی کەرکوکدا وێنەی سەرکردەکانیان بەرزدەکەنەوە، وتیشی: «ئەوەی پۆلیسی کـەرکـوک کردوویەتی کارێکی ئاساییە، چونکە زۆربەی ئەفسەرەکانی سەر بە هەرێمن».

سـەبـارەت بـە هەڵوێستی داهـاتـووی بـەرەی توکمانیش لـەسـەر ئـەو کـێـشـەیـە ژاڵـە نەفتچی ئاشکرایکرد، کە وێڕای ئـەوەی کوتلەی تورکمانی ئەو هەڵسوکەوتەی پۆلیسی کەرکوکی ئیدانە کـردووە، لەماوەی چەند رۆژی داهاتوودا سەردانی دەزگای پۆلیسی کـەرکـوک دەکـەن، تا بەشێوەیەکی رەسمیی ناڕەزاییو هەڵوێستی خۆیان لەوبارەیەوە پی رابگەیەنن».

## «لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کەمتەرخەمە»

# کۆمسیۆنی بەغدا دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئیفلیج دەکات

**راپۆرتی، سامان بەشارەتی**

سەرۆکی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم نیگەرانە لـەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی بەغدا رێگە نادات دەستەکە رۆڵی خۆی بگێڕێت لەکاتی هەڵبژاردنەکانی کوردستانداو ئەو یاسایەی کۆمسیۆن کە کاری دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم رێکدەخات، بە لاواز دەزانێتو لاوازیی ئـەو یاسایەش بۆ کەمتەرخەمیی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەبەغدا دەگێڕێتەوە.

سەرەڕای وەرگرتنی بودجەیەکی زۆر لە حکومەت، زۆرێک لەو دەستانە، کە دامەزراون بۆ کاروبارەکانی هەرێم، تائێستا بەپێی ئەو یاسایەی بۆیان دانـراوە کارەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەنو رۆڵـی چالاکیان نییە، بە تایبەتی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم.

عـەلـی قـادر، سـەرۆکـی دەسـتـەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بەپێی یاسا بەشێکە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەڵام بەپێی پێویست دەسەڵاتەکانی بۆ فەراهەم نەکراوە»، ئاماژە بەوە دەکات لە بڕگەی (٣، ٤)ی مادەی (٢)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، دەسەڵاتەکانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دیاریکراوە، بەڵام تائێستا دەسەڵاتەکانی پێنەدراوە، پێویست بوو لەنێوان دەستەو بەغدادا سیستمێک دەربچێت، کە پێی بوترێت: «نیزامی


عەلی قادر

کاری دەستە»، بۆئەوەی رێچکەی نێوان بەغداو دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم رێکبخاتو تائێستاش ئەو سیستمە دەرنەچووە، هەرچەندە هەوڵی زۆر دراوەو نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەوبارەیەوە ئاگادارکراوەتەوە بۆئەوەی ئەو دەسەڵاتانەی دەستە هەیەتی لەناو کۆمسیۆن بگەڕێتەوە بۆی».

عەلی قادر پێیوایە: «کۆمسیۆن نایەوێت دەستەی بـاڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەسەڵاتی هەبێت، لە ئێستادا بۆ هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی عێراق بارەگای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم بووەتە بارەگای لیژنەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی دەرەوەو زۆربەی کارمەندانی دەستە کار لەگەڵ لیژنەی هەڵبژاردنەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکەن».

سەبارەت بە جیاوازی کاری دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەگەڵ نووسینگەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی بەغدا لە هەرێمی کوردستان، عەلی قادر سەرۆکی دەستەی بـاڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم وتـی: «دەسـتـەکـەی هـەرێـم هەیئەتێکی ئیداریی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە رۆڵی داراییو ئیدارییو هونەریی دەبینێت لەکاتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا وابەستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی بەغدا دەبێت، بەوپێیەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵە».

وتـیـشـی: «لاوازبـوونـی دەسـتـەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم لە زیانی هەرێمی کوردستانە، دەبێت کۆمسیۆن لەڕێگەی دەستەوە مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمدا بکات، نەک خۆی ئەو رۆڵە بگێڕێت».

لەگەڵ هەموو هەڵبژاردنێکدا دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەردەکەوێتو رۆڵی دەبێت، بەڵام دواتر ئەم رۆڵەی نامێنێتو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رۆڵی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی، وەک هەڵبژاردنەکەی (٧/٢٥) بۆ پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم، دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم فشارێکی زۆریـان خستە سەر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بۆ ئەوەی کارەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن بێنە هەرێمی کوردستان، نەک لە بەغدا بکرێت، بەڵام دواتر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەبەغداوە لیژنەیەکی هێنایە دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم بۆئەوەی کارەکان هەڵسووڕێنێت، کارمەندەکانی دەستە بوون بە بەشێک لەکارەکانی کۆمسیۆنی باڵا.

عەلی قـادر سەرۆکی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم پێیوایە؛ ئەگەردەستەکەی هەوڵی بەهێزکردنی خۆی نەدات، بوونی هیچ رۆڵێکی نابێت، ناکرێت لەئاست داواکانی خۆی کەمتەرخەم بێت، هۆکاری سەرەکی لاوازبوونی دەستەش بۆ لاوازیی یاساکە دەگەڕێنێتەوەو پێشیوایە؛ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە بەغدا کەمتەرخەبوون لە بەرامبەر ئەو یاسایەو نەیانتوانیوە داکۆکیی لە مافەکانی دەستە بکەن لە پەرلەمانی عێراق، چونکە ئەوان نوێنەری کوردستانن لە پەرلەمانی عێراق».

لەلایەکی دیـکـەوە، هەندرێن محەمەد بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، سەبارەت بە رۆڵی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەپێی یاسای پۆڵ بریمەر حاکمی مەدەنی ئەمریکا لە عێراق دەستەیەک دادەمەزرێت لە هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی تایبەت بەخۆیو ئێستاش بەپێی یاسایی ژمارە (١١)ی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووە: «دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە چەند مادەیەکی یاسایی دەسەڵاتی پـێـدراوە، بـەڵام لەلایەکی دیکەوە هەموو کارەکانیشی دەبەستێتەوە بە کۆمسیۆنی باڵاوە، هەر هەڵبژاردنێک لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت ئەو دەستەیە سەرپەرشتیی دەکات، بەڵام کۆمسیۆن لە یاساکەی خۆیدا لە چەند بڕگەیەکدا رێگەی لەو دەسەڵاتەی گرتووە».

هەر لەوبارەیەوە بورهان رەشید ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان سـەبـارەت بـە بـوونـی دەسـتـەی بـاڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم وتی: «تائێستا لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەک دەرنەچووە سەبارەت بە دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم، ئەم دەستەیەش بەشێکە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان».

ئاماژەی بەوەشکرد ئەوە لە دەسەڵاتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی بەغدایە، کە دەستەی هەڵبژاردنی لە هەموو شارەکانی عێراقدا هەبێت، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان هەیە لەلایەن پارتیو یەکێتی بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژارنەکانی هەرێم.

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە؛ نەبوونی ئەو دەستەیە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە، چونکە هەموو هاوڵاتییانی کوردستان ئاگادارن لە هەڵبژاردنەکەی (٧/٢٥) بەشێوەیەکی ئاشکرا رێگەیان دەدا دەسـەڵات تەزویر بکاتو رێگرنەبوون لە بەردەم ساختەکارییدا.

وتیشی: «باشتروایە ئەم دەستەیە کارەکانی لە چوارچێوەی کۆمسیۆنی باڵادا بەڕێوە ببات، نەک پارتیو یەکێتیو هەوڵبدەن دەستەیەکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانی هەرێم دابمەزرێنن».

## لە ناکۆکییەوە بۆ دیالۆگ

# کێ ڕێگای سێیەم هەڵدەبژێرێت؟

ڕاپۆرتی، هیوا جەمال

نوکتەیەکی کۆن هەیە دەڵێت: کەسێکی برسی لە ژوورێکدا دەبێت، سێ سێوی پێیە، سێوی یەکەم لەتدەکاتو دەبینێت کرمێیە، سێوی دووەم لەت دەکاتو دەبینێت کرمێیە، بۆ سێوی سێیەم، گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوەو ژوورەکە تەواو تاریک دەکاتو دەستدەکات بە خواردنی.

ئێستا لەنێوان یەکێتیو گۆڕاندا سێ ڕێگا هەیە، هەریەکەیان ڕێگایەکیان هەڵبژاردووە کە ناکۆکییەکانی قووڵکردووەتەوە، بەڵام بۆ ڕێگای سێیەم دەبێت لە هەندێک بەرژەوەندیی ببوورن بۆئەوەی بتوانن هەردووکیان سوود لە سێوی سێیەم وەربگرن.

**ڕێبین هەردی:**

**فشاری ڕۆشنبیران کاریگەریی دەبێت، بەتایبەت کە ئێمە لە دۆخێکداین بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆین، ئەوەی کە گوێ ناگرێت لە خەڵکو نوخبەی ڕۆشنبیری، دواجار تووشی دۆڕاندن دەبێت**

بەختیار عەلی لە دواکتێبیدا بەناوی (سێوی سێیەم)ەوە وا شرۆڤەی ئەم نموونەیەی سەرەوە دەکات، «سێوی سێیەم ساتەبڕیارێکی سەختە، گەیشتنی دوو ئەگەری سەرەکیو دوو هەڵبژاردنی گەورەیە بە بنبەستێکی تەواوەتی، واتە هەرەسی دوالیزمێکی گەورەو سەرهەڵدانی ئەگەرێکە کە هێشتا بە وردی نازانین چییە».

دەبێت بەشێک لە حەقیقەت بدەین بەهەریەک لە لایەنی گۆڕانو یەکێتی، هەردوولا بەهۆی بەشێک لەو بەرژەوەندییەی کە بیری لێدەکەنەوە، پێویستە بەرگریی لەخۆیان بکەن، بەڵام ئەگەر بیانەوێت هەمیشە دەتوانن هێڵە خۆڵەمێشییەکان بهێڵنەوە یان دروستیان بکەنەوە، هەردەم دەتوانین ڕێگای سێیەم بدۆزینەوە.

هێشتا بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی هەردوولاو جەماوەرەکەشیان لەو بڕوایەدان کە خاڵە هاوبەشەکان زۆرن، وەک عیماد ئەحمەد، لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەڵێت: خاڵی هاوبەش زۆرە لەنێوان هەردوولادا، چونکە هەردوولا ساڵانێکی زۆر پێکەوە خەباتمان کردووە، ململانێی نێوان ئێمەو بەغدا خاڵی هاوبەشە بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ یەکتر قبووڵکردن، بۆیە لەهەردوولا خەڵکی بە مەنتیقو هەستکردوو بە بەرپرسیارێتی هەن کە دەتوان ببنە عامیلی خێر، شانبەشانی ئەوەش لەهەردوولا خەڵکی ئاگرخۆشکەرو موستەفزیش هەن.

هەروەک ڕێبین هەردی، نووسەرو ڕۆشنبیر، لەوبڕوایەدایە، خاڵی هاوبەشی نێوان یەکێتیو گۆڕان ئەوەندە زۆرن، مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەبێت کە بارگرژیی ڕوودات، چونکە بەشێک لە قیادەکانی گۆڕان لەیەکێتییەوە هاتوونەتەدەر، لە ڕووی فیکریو دیدەوە یەکێتی باڵی چەپی بزووتنەوەی کوردی بووە، بزووتنەوەی گۆڕانیش بە دروشمەکانیدا دیارە کە باڵی چەپی بزووتنەوەی کوردییە.

لەماوەی ڕابردوودا ڕۆشنبیرانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جوڵەیان تێکەوت بەرامبەر ئەو گرژییەی دروستبووە، بۆیەو لەو ڕوانگەیەوە چەند بەیاننامەو یاداشتێک دەرچوون کە هەمووان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە هەندێک کەسی بەرژەوەندخواز برەو بە ناکۆکییەکان دەدەن، هەروەک ڕێبین هەردیش وتی: ئەوەی کە هەیە ئەوەیە کە لەوانەیە کۆمەڵێک کەس بەرژەوەندییان هەبێت لە گرژبوونی نێوان ئەم دوو هێزە، لەوانەیە کۆمەڵێک کەس ترسی مەوقیعەکانیان هەبێت، جا ئابووریی بێت یان سیاسیی، ئەگینا تەنگژەکە هیچ تەفسیری نییە.

لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیش هەمان بیروڕای هەیە، بۆیە دەڵێت: خەڵکانێک سوودمەندن لە یەکتری ترازان، ئیمکانە لە دەوروبەری هەردوولاش لایەن هەبێت، لایەنی دەوڵیو ناوچەیی هەبێت بۆئەوەی هەردوولا یەکتری لاواز بکەین، بۆئەوەی لەسەر ئاستی کوردستان لایەنی دیکە سوودمەند بێت، لەسەر ئاستی عێراقو ناوچەکە لایەنی دیکە سوودمەند بێت.

لەدوای بڵاوبوونەوەی یاداشتەکانو بەدەنگهاتنی نوخبەی سیاسیو ڕۆژنامەوانان، سەبارەت بە مەترسی ئەگەری گرژتربوونی بارودۆخەکە لە نێوان گۆڕانو یەکێتیدا کە مەترسی بۆ سەر دۆخی سیاسیی کوردستان بەگشتیی دەبوو، دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بەناوی سەرۆکی هەرێمەوە ئیدانەی گرژیی ئەمنییەتی کوردستانی کردو دواتریش سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە پەرلەمانی کوردستان کۆبووەو لە دوای کۆبوونەوەکە، چەند خاڵێک وەک ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان بڵاوکرایەوە. دوابەدوای ئەو هەوڵانەش، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداوە بەمەبەستی دروستکردنی لیژنەی ئاشتیو بەرگریکردن لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو.

هەرکاتێک ناکۆکییەکان بەرەو گرژبوونو توندبوونی ئاڕاستەکان ڕۆیشتبن، جەماوەرو نوخبەی سیاسیی بێلایەنی کۆمەڵگەی کوردیی هەڵوێستی خۆیان هەبووە، بەڵام وەک ڕێبین هەردی دەڵێت، کەمجار حیزبەکان گوێیان لە جەماوەر گرتووە، ئەو کارەشیان بەردەوام وایکردووە کە خەڵک لێیان بتەکێتەوە، ڕێبین نموونەی ڕەتکردنی دەستووری هەرێمی کوردستانی هێنایەوە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر نارەزایی هەبوو، کەچی دەسەڵات زەرەری لەو نارەزاییانە کرد.

ئێستا لەوانەیە بارودۆخەکە گۆڕابێت بەتایبەت کە بەرەو هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز دەچین، بۆیە دەکرێت فشاری خەڵک کاریگەریی هەبێت، هەر ئەوەندەش نا وەک عیماد ئەحمەد وتی: خەڵک هەیە کە هەموو تەمەنی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بەسەر بردووەو دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت، سەرکردایەتییەکان دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت، ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت، قەواعیدی هەردوولاو خەڵکی بێلایەنی ئەم شارە دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن.

**عیماد ئەحمەد:**

**خەڵکانێک سوودمەندن لە یەکتری ترازان، ئیمکانە لە دەوروبەری هەردوولاش لایەن هەبێت، لایەنی دەوڵیو ناوچەیی هەبێت بۆئەوەی هەردوولا یەکتری لاواز بکەین، بۆئەوەی لەسەر ئاستی کوردستان لایەنی دیکە سوودمەند بێت**

ڕێبین هەردیش، هیواداره فشارەکان کاریگەرییان هەبێت، مەنتیقو ئەقڵ زاڵبێت، لەوبڕوایەدایە، فشاری ڕۆشنبیران کاریگەریی دەبێت، بەتایبەت کە ئێمە لەدۆخێکداین بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆین، ئەوەی کە گوێ ناگرێت لە خەڵکو نوخبەی ڕۆشنبیری، دواجار تووشی دۆڕاندن دەبێت.

عیماد ئەحمەد بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت: بۆ ئێمە تادوێنێ پێکەوە کارمان دەکردو هاوبەشبووین لە بڕیارەکاندا، بۆ ئێستا ڕقمان لەیەک بێت؟ بۆ بەدوژمن سەیری یەکتری بکەین؟ جاران جیاوازیمان هەبوو لەناو حیزبێکدا، ئێستا لە دوو حیزبو لایەندا هەمانە، بۆ بتوانین دۆستایەتی پارتی، یان پارتی دۆستایەتی ئێمە بکات، لەکاتێکدا ڕووبارێک خوێن لەنێوانماندا هەبووەو ئێستا نەفرەتی لێدەکەین، بۆچی ئێمەو گۆڕان نەتوانین دۆستایەتی بکەین، بۆ بە هێمنی ئەم ململانێیە نەکەین؟ هەموومان بەشێک لە ڕاستیمان لایە، پێویستە لەیەکتری قبووڵ بکەین. ئێمە چ قازانجێک لە شکاندنی سەرکردەکانمانو شکاندنی یەکتری دەکەین؟ تا دوێنێ پێکەوەبووین، ئێستا نابێت لەسەر شەخسی یەکتر بخوێنین، پێویستە ململانێکان لەشەخسەنە دەربکرێن. تەئکید لەوەش دەکاتەوە، زەمەن ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ڕۆژێک دێت باوەش بۆیەکتری دەکەینەوە، بۆیە ئەمجۆرە لێکخوێندنە بە ڕاست نازانم.

سەبارەت بە وەستاندنی گرژبوونو هەڵکشانی ناکۆکییەکان، عیماد ئەحمەد وتی: هەرکاتێک هەردوولا شعوریان بەوەکرد کە ئەمە زەرەر لە بەرژەوەندیی حیزبایەتیو کوردایەتییان دەدات، ئەوا واز لەو جۆرە ململانێیە دەهێنن، کەی هەستیان بەوەکرد کە وایان لێدێت لە میللەت دوور دەکەونەوە، وازی لێدەهێنن، بەڵام تا زانیاریی ناڕاستیان بۆ بچێت بەرەو خراپی دەڕوات.

## تاڵەبانی و بارزانی هاوخەمیيان دەربڕیوە

# عارف تەیفور ڕاپۆرتی لە ساڵح موتڵەگ داوە

ڕاپۆرتی، هەستیار قادر

لەدوای ساڵح موتڵەگ حیزبەکەی جەوهەر هەرکیش لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەی دادپەروەرییەوە لە لیستی پاڵێوراوانی هەڵبژاردن بێبەش دەکرێتو پەرلەمانتارێکی عێراقیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکردنی لیستەکەی موتڵەگ لە لیستی پاڵێوراواندا، ڕاپۆرتێک بووە، کە پێشتر عارف تەیفوری جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پێشکەش بە دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی کردووەو وتەبێژی لیستەکەی موتڵەگیش ئاماژە بەوە دەکات کە هەریەک لە تاڵەبانیو بارزانی نامەی هاوخەمیو ئیدانەکردنی ئەو بڕیارەیان ئاڕاستە کردوون.


عارف تەیفور


ساڵح موتڵەگ

لەپاش ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەسمیی بەرەی دیالۆگی نیشتمانیو ساڵح موتڵەگی سەرۆکی وەک بەشێک لە لیستی عراقییە لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەرییەوە لەوە ئاگادارکراوەتەوە، کە ڕێی پێنادرێت بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکات، لایەنە بەشداربووەکانی ئەو لیستە کاردانەوەی توندیان هەبووە بەرامبەر بەو بڕیارەو لەو چوارچێوەیەشدا تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجومەنی سیاسیی بۆ ئاسایشی نیشتمانی کردووە، سەبارەت بەو بڕیارەش حەیدەر مەولا وتەبێژی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی عێراقی، تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو بڕیارە گەمژانەبووە، کە لەلایەن عەلی لامی سەرۆکی جێبەجێکاری دەستەی نەزاهەوە دەرکراوەو دەستی دەرەکی لەپشتە، هەربۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیو حیزبی سیاسیی عێراق پشتیوانی خۆیان بۆ لیستەکە لە دژی ئەو بڕیارە دەربڕیوەو نامەی هاوخەمییان ئاراستە کردووین لەوانە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمار».

حەیدەر مەولا ئاماژەی بە وەشکرد؛ کە چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەیەو بێبەشکردنی لیستەکەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو لیستی عێراقییە ناچار دەکات پەنا بۆ چەندین ئەگەر ببات تەنانەت ئەگەر بگاتە ئاستی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنو تەواوی پرۆسەی سیاسیی عێراق، لەلایەکی دیکەوە فەلاح شەنشەل سەرۆکی لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرایکرد؛ کە جگە لەو بەڵگانەی کە سەبارەت بە هەبوونی پەیوەندی بە بەعسەوە لەسەر ساڵح موتڵەگ پێشکەشکراوە، عارف تەیفوری جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش ڕاپۆرتێکی لەسەر دەستکەوتنی نائاسایی سەروەتو سامانی موتڵەگ پێشکەشکردووە، کە کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەو بڕیارەی دەستەی لێپرسینەوەی دادپەروەریی، هاوکات کامیلیا ئیبراهیم ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی لەو جۆرەی عارف تەیفوری پشتڕاست کردەوەو وتی: «من ئاگاداری پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی لەو جۆرەم، بەڵام ئاگاداری ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە نیم».

لەلایەکی دیکەوە، ماڵپەڕی عێراقی یاسا ناوی (١٣) لیستی دیکەی بڵاوکردووەتەوە، کە لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەی دادپەوەرییەوە مافی بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا لێسەندراوەتەوە، لەنێویاندا پارتی دادپەروەری کوردستانی تیایە، کە لەلایەن جەوهەر هەرکی بەرپرسی پێشووی ڕژێمی بەعسەوە سەرۆکایەتی دەکرێتو بنکەی سەرەکی لە سوریایە.

## بانگەشەکەیان (هەرکەس بۆخۆیەتی)

# پارتی‌و یەکێتی ناوی کاندیدی هاوپەیمانەکانیان دەخەنە کۆتایی لیستەکەیانەوە

**راپۆرتی، بەهادین یوسف**

حیزب‌و قەوارە بەشدارەکانی چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی، نارازین لە سڕینەوەی ناوی کاندیدەکانیان‌و دانانیان لە ریزبەندیی کۆتایی لیستەکەدا لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوەو بۆئەوەش هەر حیزبەو کار لەسەر کاندیدەکانی خۆی دەکات بۆ هەڵمەتی بانگشەی هەڵبژاردن.

لیستی هاوپەیمانیی کە لە یەکێتی‌و پارتی‌و (١١)حیزبی دیکە پێکهاتوون، بۆ هەر پارێزگایەک دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسییەکانی پاڵێوراویان داناوە، بەجۆرێک کاندیدی حیزبەکانی دیکەیان خستووەتە دوا ریزبەندیی لیستەکەوەو ئەمەش ئەگەری دەرچوونی ئەو کاندیدانەی لاوازکردووە.

حیزبی زەحمەتکێشانیش لە کۆی شەش کاندید، ناوی دوانیان لادراوەو ئەوانی دیکەشیان لە دواریزبەندیی لیستەکەدا دانراون.

لەوبارەیەوە قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە حیزبەکەی بە ناوی زەحمەتکێشانی سەربەخۆوە لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانیی بەشدارە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرەتا ئێمە شەش کاندیدمان هەبوو، لە هەریەک لە پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دیالە، بەغدا، کاندیدی کەرکوک‌و دهۆک بەبێ ئاگاداری خۆمان‌و بە پاساوی زۆر لاواز لادراون، کاندیدی کەرکوکمان بەبیانووی ئەوەی کە کەسێکی دیکە لە کاکەییەکان لیستەکەدایەو نابێت دوو کاکەیی لە لیستەکەدا هەبن، لایانداوەو بۆ ئەوەی دهۆکیش لەدواکاتدا داوایان لێکردین ئافرەتێک لەشوێنەکەی دابنرێت، ئێمە کەسێکی دیکە لەکوێ بهێنین، دەرکەوت ئەمەش هەر بیانوویەکی دیکە بوو بۆ لابردنی کاندیدەکەی ئێمە».

سەبارەت بە ریزبەندیی کاندیدەکانیاشیان وتی: «ناهەقی‌و جیاکارییەکی زۆرمان لەگەڵدا کراوە، بۆ نموونە لە سلێمانی لەریزبەندیی (١٨)و لە هەولێر، کاندیدەکەمان کە ئەندامی پێشووتری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو، لە ریزبەندیی (٢٧) دایانناوە، واتا ناوێک پێش کۆتایی، لە بەغداش لە ریزبەندیی (١٠٥) دانراوە».

وتیشی: «سەیرەکە لەمەدایە کە هاوپەیمانیی کوردستانی، لە دوو هەڵبژاردنی رابردوودا لە بەغدا دەنگی نیو کورسی بەدەست نەهێناوە، کەچی کاندیدەکەی ئێمەی لە ریزبەندیی (١٠٥) داناوە، سەیرتر لەهەموو ئەمانە ئەو لایەنانەی کە کورسییان لە پەرلەمانی کوردستاندا نییەو دەنگێکی ئەوتۆیان نییە کەچی لەریزبەندییەکەدا پێش ئەو لایەنانەیان خستوون کە کورسییەک یان دوو کورسییان هەیەو دیارە هەر لەبەر ئەوەی کە ئەو لایەنانە لە هەڵوێستی سیاسیدا لەخۆیانەوە نزیکن‌و بەنیازن بەو شێوەیە دەنگیان بۆ پەیدا بکەن».

حیزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستانیش کاندیدەکانیان بە جۆرێک دانراون کە دەکەونە ریزبەندی کۆتایی لیستی هاوپەیمانییەوە.

بێرون عومەر فەتاح، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان پێیوابوو، بەهۆی ئەوەی لیستەکان نیمچە کراوەن، لەبەرئەوە هەرلایەنەو کار بۆ دەرچوونی کاندیدەکەی خۆی دەکات‌و دەکەوێتە سەر قورسایی کارکردنی خۆی؟

سەبارەت بە کاندیدەکانیشان وتی: «لەسلێمانی ژمارە (١٥)و لەهەولێر ژمارە (١٧) و لە کەرکوک ژمارە (٢٣)مان بەرکەوتووە».

ئەمە لەکاتێکدایە هەولێر (١٤)کورسی‌و کەرکوک (١٢)کورسی هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراقدا.

حیزبی زەحمەتکێشان (باڵی مەکتەبی سیاسیی) کە ژمارە (١٢٥)ی لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان وەرگرتووە، بەهەمانشێوە پێیانوایەو چاوەڕێی ئەوەیان کردووە کە ریزبەندیی کاندیدەکانیان لەدواوە بێت.

سەعد خالید، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسیی) بە رۆژنامەی راگەیاند: «ریزبەندیی کاندیدەکان، یەکێکە لەو مەسەلانەی حیزبەکانی دەرەوەی پارتی‌و یەکێتی گلەییان لێی هەیە بە ئێمەشەوە، لە ریزبەندییەکاندا لەدواوەین، لە هەولێرو سلێمانی‌و کەرکوک‌و دهۆک کاندیدمان هەیە، بەڵام ریزبەندییان دوورەو خۆشمان چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە کاندیدەکانمان لەپێشەوە نەبن، هاوپەیمانێتییەکە پارتی‌و یەکێتی خۆیان بەخاوەنی دەزانن، بەڵام پێموایە، ئەو کاریگەرییەی نابێت، بەوپێیە هەرلایەنەو کار بۆخۆی دەکات‌و هەر حیزبەو بەپێی قەوارەی خۆی دەنگ دەهێنێت».

هاوکات د.محەمەد بازیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی کە حیزبێکی دیکەی بەشداری لیستی هاوپەیمانین ئاماژەی بەوەکرد: «سەرەتا لە سلێمانی‌و هەولێر (٣)کاندیدو لە کەرکوک‌و (٢)کاندیدیان هەبووە، یەکێتی‌و پارتی هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بۆ هەر پارێزگایەک تەنیا یەک کاندیدمان هەبێت بە بیانووی ئەوەی کە دەنگەکان دابەش نەبن‌و دواتر ئێمە پێمانڕاگەیاندن، کە بڕیاری مەکتەبی سیاسییە کە دەبێت هەموو کاندیدەکانمان بهێڵرێنەوە، بەوپێیەی ئێمە سێیەم حیزبی بەشداری لیستەکەین».

سەبارەت بەهۆکاری دواخستنی ریزبەندیی کاندیدەکانی حیزبەکانی دەرەوەی یەکێتی‌و پارتی لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیدا کە پێشتر زۆربەی ئەو حیزبانە داوای زەمانەتیان کردبوو، قادر عەزیز وتی: «زەمانەت لەمەسەلەکەدا نییە، لیستی کراوە هەر لایەنە بۆخۆی دەنگ بەکاندیدەکەی خۆی دەدات، بەڵام جیاکاریی‌و ناهەقیەکە لەوەدایە کە ئێمە لەگەڵیان لە لیستەکەداین‌و دەنگ بەو لیستە دەدەین، کەچی بەو شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن، کاندیدمان لادەبەن، یان لە ریزبەندییەکەدا دەمانخەنە دوای ئەو لایەنانەی کە نە دەنگیان هەیەو نە کورسی، لەکاتێکدا دەبوو جیاکارییەکە بەپێچەوانەوە بوایە لە دانانی کاندیدو ریزبەندیی کاندیدەکانداو ئەفزلیەت بۆ ئەو لایەنانە بوایە کە کورسییان هەیەو رێز لە ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بگیرابایە، کەچی ئەوان بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە پێچەوانەکەیان کردووە».

خدر قادر روسی، سەرۆکی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان کە بەشدارە لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانییدا بە رۆژنامەی راگەیاند، بەپێی ئەو هەل‌ومەرجەی پێشووتری کە لیستی ئازادی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیبووە، تەنیا لە پارێزگای هەولێر کاندیدمان داوە، ئەویش کەوتووەتە دواریزبەندییەوەو لە (٢٨)دانراوە کە پارێزگای هەولێر خۆی (١٤)کورسی هەیە، ئەمەش ئەگەری دەرچوونی نییە.

لیستی هاوپەیمانیی پێکهاتووە لە ١٣ حزب‌و قەوارە (یەکێتی نیشتمانی، پارتی دیموکرات، بزووتنەوەی ئیسلامیی، سۆسیالیست دیموکرات، زەحمەتکێشان، زەحمەتکێشانی سەربەخۆ، شیوعی کوردستانی، کۆمەڵەی لیبراڵی تورکمان، یەکێتی نەتەوەیی، یەکێتی کرێکاران‌و رەنجدەران، لیستی تورکمانی هەولێر، ئەخای تورکمانی، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان).



> هەموو ئەمانە ئەو لایەنانەی کە کورسییان لە پەرلەمانی کوردستاندا نییەو دەنگێکی ئەوتۆیان نییە کەچی لە ریزبەندییەکەدا پێش ئەو لایەنانەیان خستوون کە کورسییەک یان دوو کورسییان هەیەو دیارە هەر لەبەرئەوەی کە ئەو لایەنانە لە هەڵوێستی سیاسیدا لەخۆیانەوە نزیکن‌و بەنیازن بەوشێوەیە دەنگیان بۆ پەیدا بکەن

# مایكڵ گەنتەر: ئەمریکا هیچ ستراتیژێکی فراوانی بۆ کورد نییە

**ئا: شالاو فەتاح**

مایكڵ گەنتەر، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان‌و شارەزای کێشەی کورد ئاماژە بە کورتهێنانی پێشبینیی کوردەکان دەکات‌و پێیوایە، کە دەبێت بیریان بێت کە ئەمریکا پێشتر هەڵوێستی خۆیان دەربارەیان گۆڕیوە، هەربۆیە نابێت چاوەڕێی زۆری لێبکەن‌و بزانن کە ئەمریکا لەنێوان کوردو تورکیادا یەکەمیان هەڵنابژێرێت، چونکە دووەمیان هاوڕێ‌و هاوپەیمانێکی بەهێزترە.

لەبارەی بوونی ستراتیژەوە، گەنتەر دەڵێت، لە راستیدا ئەمریکا هیچ ستراتیژێکی فراوانی دەربارەی کورد وەکو نەتەوەیەک نییە، چونکە ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدادەژین وەک (تورکیا، عێراق، ئێران‌و سووریا) زیاتر لە کوردەکان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گرنگترن، کوردەکان دەبنە هۆی کێشە بۆ ئەمریکا لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دەوڵەتە گرنگانەدا. هەرچەندە، لەبەر بەرژەوەندیی خۆی‌و مافی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەندێکجار کوردەکان دەپارێزێت، ئەمە راستە بەتایبەت دەربارەی عێراق، چونکە کوردە عێراقییەکان لە ساڵی (٢٠٠٣دا پشتگیریی ئەمریکایان کرد لەکاتێکدا تورکیا نەیکرد.

لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەیدا، گەنتەر پێیوایە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهیچ جۆرێک پشتگیریی لە سەربەخۆیی کوردستانی عێراق ناکات‌و دەڵێت: «ئەمریکا پشتگیریی لە سەربەخۆیی کوردستانی عێراق ناکات، چونکە هەستدەکات ئەوە دەبێتە هۆی دابەشبوون‌و کۆتایی عێراق‌و دواجار دەشبێتە هۆی ناجێگیریی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست».

گەنتەر ئاماژە بە سیناریۆیەکی ترسناک لە پشت پشتگیریی ئەمریکاوە بۆ کورد دەکات‌و بە «کاتیی» ناودەبات‌و پێیوایە، ئەمریکا هەرزوو پەشیمان دەبێتەوە لە بەڵێنەکانی، بۆ ئەوەی جێگیریی بۆ عێراق دابینبکات‌و سەلامەتی کوردەکانیش بپارێزێت‌و ئەم هەڵوێستەش بۆی هەیە تەواو پێچەوانەببێتەوە.

زۆرێک لە چاودێران تیشکدەخەنە سەر ئەوەی کە کوردە عێراقییەکان چەند ئەمریکایان خۆشدەوێت، ئەمە پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، چونکە کوردەکان بیریانە کە پێشتر دووجار خیانەتیان لێکراوە لەلایەن ئەمریکاوە، جارێک لە ساڵی (١٩٧٥)و جارێکی دیکە (١٩٩١)، هەر لەبەرئەوەش ئەگەری دووبارە روودانەوەی هەیە.

هەر لەو چاوپێکەوتنەدا، گەنتەر ئاماژە بەوەدەکات، کە هەمیشە ئەمریکا تورکیا بە هاوپەیمانێکی شیاوتر دەزانێت وەک لە کورد، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی هەرێم خۆی لەگەڵ تورکیا بگونجێنێت، گەنتەر دەڵێت: «ئەمریکا کورد وەک هاوڕێ‌و هاوپەیمان دەبینێت، بەڵام نەک وەک هاوپەیمانێکی گرنگی وەک تورکیا، لەبەرئەوە پەیامەکە روونە، حکومەتی هەرێم دەبێت لەگەڵ تورکیادا هەڵبکات، ئەگەر پێچەوانەی ئەمە رووبدات‌و رووبەڕووبوونەوە لەنێو ئەو دووانەدا رووبدات، ئەوا حکومەتی هەرێم ناتوانێت پشتگیریی ئەمریکا بەدەستبهێنێت.

لەبارەی رەوشی ناوخۆی هەرێمەوە، گەنتەر پێیوایە، کە هێشتا زۆر شت ماوە کە دەبێت بکرێن، ئەمەش بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووزدا دەرکەوت، هەربۆیە پێویستە سەرباری دەستکەوتەکان، هەوڵی کەمکردنەوەی مەحسووبیەت‌و مەنسووبیەت بدرێت، گەنتەر دەڵێت: «پێموایە سەرکردایەتی کورد زۆر شتی پۆزەتیڤی بەدەستهێناوە ئەگەر حساب بۆ ئەو هەموو کێشە زۆرە بکەین کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، بەڵام ئەو ئەنجامەی لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممووزدا بەدەستهات، دەریخست کە حکومەتی هەرێم کێشەی زۆری هەیە کە دەبێت چارەسەریان بکات، وەک گەندەڵیی‌و مەنسووبیەت.

لە دوابەشی چاوپێکەوتنەکەیدا، گەنتەر پێشنیازدەکات کە کوردەکان ئەو مافانەی بەدەستیانهێناون‌و لە دەستووردا چەسپاون لەدەستیان نەدەن‌و سیاسەتێکی دەرەکی نەرمیش لەگەڵ دراوسێکاندا پێڕەوبکەن. لەوبارەیەوە دەڵێت: «پێویستە کوردەکان ئەو مافانەی بەدەستیان هێناون وەک دیموکراتی‌و فیدراڵی لە دەستووری عێراقی هەموارکراوی ئۆکتۆبەری (٢٠٠٥)دا بپارێزن، پێویستیشە پشتگیریی تورکیا لە گەیشتنی بە ئاواتی ئەندامێتی لە رێکخراوی یەکێتیی ئەوروپا بکەن، بۆ زیاتر دیموکراتیزەبوونی ئەو وڵاتە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت سنووری خۆیان بزانن‌و فشاری زۆر نەکەن کە ببێتە هۆی لەدەستدانی هەرچی بەمدواییانە بەدەستیانهێناوە».

**لە بڵاوکراوەی (میزۆیی ئەڵمانی-ئینگلیزی) وەرگیراوە.**


مایكڵ گەنتەر

# پێویستە ئەرکو جۆری هەماهەنگیی لیژنەی نەزاهەو دەستەی نەزاهەی هەرێم چۆن بێت؟

**راپۆرتی، شارا عەبدولڕەحمان**




لەئێستادا لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان بوونی هەیەو ئەنجومەنی وەزیرانیش پرۆژەیاسایەکی بۆ پێکهێنانی دەستەی نەزاهە ناردووەتە پەرلەمان، بەڵام نەدراوەتە لیژنەکانو لای سەرۆکایەتی پەرلەمان گلدراوەتەوە، بوونی لیژنەو دەستەی نەزاهەش لەکاتێکدایە کە لەماوەی رابردوودا لە کوردستان، هیچ کەسێک لەسەر گەندەڵیی نەدراوەتە دادگا و تائێستاش لای چاودێرانو هاوڵاتییانو روون نییە کە ئەرکی دەستەی نەزاهەو لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان چییەو هەماهەنگی لەنێوان ئەو دوو لایەنە چیدەبێت بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیی لە دامودەزگاکانی هەرێمدا.

لە رۆژی (١١/٨)وە لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمان دروستبووە، بەڵام تائێستا هیچ فۆرمێکی نووسراویان بۆ کارکردن نییە کە کارەکانی دیاریکردبێت، ئەمەش بە وتەی سەرهەنگ فەرەجی ئەندامی لیژنەکە، بەهۆی ئەوەوە بووە کە لیژنەکە نوێیەو تائێستا بەفەرمی نووسراو بۆ دیاریکردنی کارەکانی دەرنەکراوە.

لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، لیژنەیەکی پەرلەمانیو تەشریعییە کە کارەکانی خۆی لە(٣) لایەندادەبینێتەوە،یەکەمیان:گەڵاڵەکردنی چەند یاسایەکە بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵیی، دووەمیشیان: چاودێریکردنی دامودەزگاکانو کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو زانیارییانەیە کە لەسەر مەسەلەکانی دارایيو کارگێڕین، سێیەم کاریشی چاودێریکردنی دەزگا سەربەخۆکانی وەک چاودێریی دارایيو دەزگاکانی داواکاری گشتییو دەستەی نەزاهەیە ئەگەر پێکهات.

سەبارەت بەو کارە گرنگانەی کە ئێستا لەبەردەستی لیژنەی نەزاهەی پەرلەماندان، سەرهەنگ فەرەج ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «یەکخستنەوەی هەموو دەستەکانی چاودێریی دارایيو داواکاری گشتیی لە کارە گرنگەکانی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان دەبن، ئەمە جگە لە پشتگیریکردنو کۆنتاکی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ مەسەلەی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی».

سەرهەنگ، گەشبین بوو بە سەرەتای کارەکانیانو وتی «لەگەڵ سەرۆکو ئەندامانی لیژنەی نەزاهەدا لەسەر زۆربەی بابەتەکان کۆکینو ئەگەر لەداهاتووشدا زانیمان رێگرییەک لەکارەکانماندا هەیە، بەئاشکرا بە هەموو خەڵکی کوردستانی رادەگەیەنین».

## پێکهێنانی دەستەی نەزاهە لەسەرەتایدایە

رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢١) ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، پرۆژەیاسای پێکهێنانی دەستەی نەزاهەی پەسەندکردو رەوانەی پەرلەمانی کرد، بەڵام نەدرایە لیژنەکان تا لەکاتی پشووی زستانەیاندا تاووتوێی بکەن، بەڵکو لای سەرۆکایەتی پەرلەمان گلدراوەتەوەو پێدەچێت تاکۆتایی پشووەکەیان کە(٢٠١٠/٣/١)یە ئەو پرۆژەیە هیچ بەرەو پێشچوونێک بەخۆوە نەبینێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە بە بڕوای چاودێرانی بوارەکە، پەلەکردن لە پێکهێنانی دەستەی نەزاهە چەسپاندنی زیاتری دیموکراسییەتە بە مەبەستی بنەبڕکردنی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا.

هاورێ تۆفیق، مافناسو چالاک لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنی پێیوایە، کە دروستکردنی دەستەی نەزاهە لە کوردستاندا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە، ئەویش بەدوو شێوە، یان ئەوەتا دەستەی نەزاهە دەستەیەکی رووکەش دەبێت بۆ رووپۆشکردنو هەڵخەڵەتاندنی رای گشتیی، بەجۆرێک کە ئێستا رای گشتیی کوردستان داوای دەستەی نەزاهە دەکاتو رەنگە دەسەڵات بۆ رازیکردنی رای گشتیی دەزگایەک دروستبکات کە ناوی نەزاهە بێت، بەڵام پێکهاتەو ناوەرۆکەکەی بەشێوەیەک بێت کە نەتوانێت کارەکانی نەزاهە جێبەجێبکات، دووەمیش ئەوەیە کە بە راستی دەستەیەکی نەزاهەی راستەقینەی جدیی دروستبکرێت کە بتوانێت کاری راستەقینەی نەزاهە جێبەجێبکات.

هاورێ وتیشی: «بۆئەوەی ئەو دەستەیە کاری راستەقینەی خۆی ئەنجامبدات، دەبێت بەشێوەیەک دروستبکرێت کە سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن نەبێت، بەڵکو خاوەنی کەسایەتییەکی یاسایيو دارایيو مەعنەویی سەربەخۆی خۆی بێتو پەرلەمانی کوردستان سەرپەرشتی بکات، هاوکات ئەو کەسانەی کە دادەنرێن بە سەرۆکو کەسە ئیدارییەکانو فەرمانبەرەکانەوە، کەسانێک بن کە لیژنەیەکی پسپۆڕی پەرلەمان بەهاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان دایانبنێتو کەسانێک بن کە ئازاو چاونەترس بنو لەژێر کاریگەریی حیزبدا نەبن، بەدەر لەو پرەنسیپانەش، دەزگایەکی گەورە لەژێر ناوێکی شایستەی وەک نەزاهەدا وا دەکات کە دەزگایەکی دیکەی قەبە دروستببێت کە جگە لە لۆدێکی ئیدارییو ژمارەیەک فەرمانبەرو بودجە، جگە لە رازیکردنی رای گشتیی، هیچ کارێکی ئەوتۆی پێ نەکرێت».

بە بڕوای هاورێ تۆفیق، ئەو کارە گرنگانەی کە لەدوای پێکهێنانی دەستەی نەزاهەوە لەبەر دەستیدا دەبن، ئەمانەن(مەلەفی داهاتی نەوت، مەلەفی داهاتی دەستکەوتی پلە بەرزەکان لە سەرۆکی هەرێمەوە هەتا نزمترین پلەی وەزیفی، پشکنینی گشتیی کە ئەم دەستەیە دەبێت پێی هەستێتو لێپێچینەوە لەکاروباری دارایيو ئیداریی دامودەزگا حکومییەکاندا بکات).

## پەیوەندیی لیژنەو دەستەی نەزاهە

بەهۆی ئەوەی کە لە پرۆژەیاسای دەستەی نەزاهەدا هاتووە، کە ئەو دەستەیە راستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە پەرلەمانی کوردستانەوە، هەربۆیە سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی یاسادانان پێویستییەکی حەتمیە بۆ باش بەڕێوەچوونی کارەکانی دەستەکە، ئەمە جگە لەوەی کە لەدوای پێکهێنانی دەستەی نەزاهەوە پێویستە لەگەڵ لیژنەی نەزاهەی پەرلەماندا پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەبێت، پەیوەندییەکانیش لە سێ بابەتدا خۆیان دەبیننەوە:

١. پەرلەمان چاودێریی پەیامی گشتیی دەستەی نەزاهە دەکات کە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی حیزبی سیاسییو ئەگەر لەو پەیامە لایدا، پەرلەمان دەتوانێت هەڵیبووەشێنێتەوە.

٢. پەرلەمان پشتیوانیی یاسایی بۆ دەستەی نەزاهە دەکات، بەدەرکردنی ئەو یاسایانەی کە دەستە بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵیی پێویستێتی، ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر دامەزراوەیەک وەک پێویست بەدەنگی دەستەی نەزاهەوە نەهات، دەتوانێت سکاڵا بەرێتە پەرلەمان تا مافی یاسایی پێبدات لە لێکۆڵینەوەی زیاتر.

٣. پەرلەمان دەتوانێت ئەو دۆسیانەی کە دێنە بەردەستی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان، ئاڕاستەی دەستەی نەزاهەی بکات بۆ بەدواداچوون، واتە لیژنەکەی پەرلەمان دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دەستەی نەزاهە.

بەپێی ئەم خاڵانەش لیژنەی نەزاهە، سیفەتێکی هاوکارو پشتیوانی دەبێت بۆ دەستەی نەزاهە.

## پەیوەندیی دەستەکانی نەزاهە لە بەغداو هەولێر

دەستەی نەزاهەی بەغدا، بەپێی مادەی(١٠٢) لە دەستووری عێراقی دەستەیەکی سەربەخۆیە کە لەژێر چاودێریی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدایە، لە رابردووشدا هەوڵێک هەبوو لەلایەن حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە بۆ کردنەوەی نووسینگەی دەستەی نەزاهەی بەغدا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە رەتکرایەوەو ئاماژە بەپێکهێنانی دەستەیەکی هاوشێوەی دەستەکەی بەغدا لەکوردستاندا کرا، هاوکات بەهۆی ئەوەی کە دەستەی نەزاهەی بەغدا زۆر چالاکەو چەندین مەلەفی گەندەڵی دارایيو ئیداریی یەکلاییکردووەتەوە، بە بڕوای ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێویستە لە هەرێم سوود لە ئەزموونی دەستەی نەزاهەی عێراق وەربگیرێتو پەیوەندییش لەنێوان ئەو دوو دەستەیەدا هەبێت.

کامیلیا ئیبراهیم، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێویستە پەیوەندیی لەنێوان نەزاهەی ئیتیحادیو نەزاهەی هەرێمدا زۆر پتەوبێت، بەشێوەیەک کە دەستەی نەزاهەی هەرێم بۆ هەندێک لە مەسەلەکان بگەڕێنەوە بۆ دەستەی نەزاهەی بەغدا، چونکە هەندێک مەلەف هەن کە لەکوردستانن، بەڵام تایبەتن بە کەسانێک کە لە حکومەتی ناوەندیدان، ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە ئەو پرۆژەیاسایانەی کە هاوبەشن لەنێوان بەغداو هەولێردا بەئاگاداری هەردوولایان تێپەڕێنرێن».

# پەڕینەوە بۆ (٢٠١٠)



**ئەلەند مەحوی**

زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا ساڵی (٢٠٠٩) بە شانازییەوە جێدەهێڵنو بە پلانێکی هەمەلایەنەی پڕ دەستکەوتو ئایندەبینییەوە دەپەڕنەوە بۆ ساڵی (٢٠١٠)، بەبێ ئەوەی منەت بەسەر هاونیشتمانییەکانیاندا بکەن، لە دەستکەوتەکانی رابردوویان.

رەنگە هیچ دەسەڵاتێک هێندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان منەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا نەکردبێت، لەو خزمەتانەی پێشکەشی خەڵکیان کردووە، لەکاتێکدا ئەو خزمەتانە ئەرکی سەرشانیان بووەو هیچ منەتێکی تێدا نییە بۆ هاوڵاتییان، هەروەها بەهۆی ئەوەی زلحیزبەکان لەبەردەم ململانێی هەڵبژاردندا بوون، رەنگە هیچ ساڵێکیش هێندەی (٢٠٠٩) منەت بەسەر خەڵکی زوڵملێکراوی کوردستاندا نەکرابێت.

خەڵکی هەرێمی کوردستان لەدوای هەڵبژاردنەکەی (٧/٢٥) ئومێدێکیان بۆ گەڕایەوە، کە رەنگە لە ئامادەیی هێزی ئۆپۆزسیۆندا حکومەتێکی کارا لەدایک ببێت، کە بتوانێت لەئاست خەمو داواکارییەکانی هاوڵاتییاندا بێت، بەڵام دیارە ئەم بۆچوونە جێی خۆی نەگرتو ئەمساڵیش بە نەهامەتییەکانی چەند ساڵی رابردووەوە دەپەڕنەوە بۆ (٢٠١٠)، بەڵام ئەمجارە توندوتیژییو تیرۆری سیاسیش زیادیکردووە.

کابینەی شەشەم، کە لە (٢٠٠٩/١٠/٢٨) متمانەی پێبەخشرا، ناتوانێت لەئاستی داخوازییەکانی خەڵکدابێت، لەکاتێکدا دەناڵێنێت بەدەست کێشەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی دوو هاوپەیمانەکە (یەکێتیو پارتی)و کێشە ناوخۆییەکانی ئەو حیزبەی، کە سەرۆکایەتی دەکاتو شکستەکانی ئەو حیزبە لە هەڵبژاردنەکانو بوونە هێزی سێیەمی ئەو حیزبەی سەرۆکایەتی حکومەت دەکات.

لەڕاستیدا کابینەی پێنجەم ئەو مافەی پێ رەوا دەبینرا لە ئیمزاکردنی گرێبەستو ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانو دەیان پرۆژەی دیکە شانازی بەخۆیەوە بکات، ئەگەرچی ئەمانەش هەر ئەرکی خۆی بوو، بەڵام بەپێچەوانەوە لە یەکەم ساڵی تەمەنی کابینەی شەشەمدا شڵەژانی باری ئەمنی پارێزگای سلێمانيو تیرۆری سیاسييو خراپبوونی کارەبا دەستیپێکرد، کە دەکرێت ئەمەش وەک لێزمەیەکی سیاسييو ئەمنييو خزمەتگوزاریی کابینەی شەشەم حسابی بۆ بکرێت.

ئەوەی کە هەرگیز ناتوانین لەبیری بکەین شکستە یەک لەدوای یەکەکانی کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە چارەسەرکردنی سێ کوچکەی کێشەکانی هاوڵاتییان (ئاو، کارەبا، رێگەوبان)، کە هەموو ئەمانە بە نیوە ناچڵی بۆ کابینەی شەشەمیش ماونەتەوە.

کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بیەوێت ببێتە جێی متمانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان، دەبێت ئەو کۆتە لەبەری خۆی دابماڵێت، کە یەکێتيو پارتی بەسەر شانیانداوەو خۆی بەدوور بگرێت لە ململانێ سیاسییەکانی ناوخۆی یەکێتییو هەروەها دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان یەکێتییو پارتی، ئەوکات دەتوانێت سەری بەرزکاتەوەو لە (٢٠٠٩)وە بپەڕێتەوە بۆ (٢٠١٠).

# چ هەڵبژاردنێک شەرعیەتی بە حوکمڕانیی یەکێتی لە سلێمانی داوە؟

راپۆرتی، رۆژنامە

لەدوایین هەڵبژاردنی کوردستاندا، پارێزگا پڕ جموجۆڵەکەی هەرێمی کوردستان (سلێمانی) زۆرترین دەنگی بە (گۆڕان)داو بەشەکەی دیکەیشی بەخشییە زەردو سەوزی لیستی کوردستانیی.

لەو نـاوەنـدەدا یەکێتی وەک بەشێک لەلایەنی بـراوەی دووەمـی پارێزگاکە بێ گـەڕانـەوە بۆ خەڵکو بە شەرعیەتی هەڵبژاردنە بەسەرچووەکان، سەرگەرمی لابردنو ئاڵوگۆڕی بەرپرسانی ئیداریی‌و ئەمنیی سنوورەکەیە.

ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی پێشووی هەرێمی کوردستان ئـەوە دەردەخـات دواکەوتنی هەڵبژاردنەکان لەکاتی ئاسایی خۆیدا بووەتە نەریتو مۆدێلێک، کە لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا دووبـارە بووەتەوە، لەو چوارچێوەیەشدا دەکرێت درێژکردنەوەی مـاوەی یاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) تا هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)و دواتـر درێـژکـردنـەوەی خولی دواتـری، هاوکات دواکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکانو دوابـەدوای ئەویش دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگانی هەرێم، وەک نموونەی زیندووی ئەو حاڵەتە بخرێتە بەرچاو.

لەبەرامبەریشدا دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم، نەک هەڵوەستەیان لەسەر شەرعیەتی یاسایی حوکمڕانیی دامەزراوەکان نەکردووەو بگرە بەردەوامبوون لەسەر جێگیرکردنی ئامانجە حیزبییەکانیان لەناو دامـەزراوە خزمەتگوزاریی‌و ئەمنییەکانی خەڵکو ئاڵوگۆڕکردنو جێگۆڕکێکردنی کەسەکان لەپۆستەکاندا.

لـەمـاوەی رابـــردوودا لە سنووری پارێزگای سلێمانی چەندین بەرپرسی ئیداریی، خزمەتگوزاریی‌و ئەمنیی پارێزگاکە لەلایەن یەکێتییەوە گۆڕاونو کەسی دیکەیان خـراوەتـە جێگەیان، جگەلەوەش دوای دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگای سلێمانیی‌و داواکاری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکەو چەند بەرپرسێکی دیکە، دیسانەوە یەکێتی خەریکی دیاریکردنی کەسی دیکەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستانە، ئەم حاڵەتە لەکاتێکدایە کە لە نزیکترین راپرسی جەماوەریی پارێزگاکەدا لە هەڵبژاردنی (٢٥ی تەمموزی پەرلەمانی کوردستان، یەکێتی خاوەن نفوزی پێشووی پارێزگاکەو پارتی دیموکراتی کوردستان نەیانتوانی ببنە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکەو بە (٣٠٥١١) دەنگ کەمتر لەبەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕان بوونە دووەم لیستی براوەی پارێزگای سلێمانی.

ئاسۆس هەردی نووسەرو رۆژنامەنووس، بەشێوەیەکی گشتیی ئاماژە بە سروشتی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دەکـاتو پێیوایە؛ لەهەرێمدا نە دامەزراوەییبوون بوونی هەیەو نە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش بەشێوەیەکی دامەزراوەیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەوبارەیەوە دەڵێت: «لێرە حکومەت خۆی دامــەزراوەیــی‌و سەربەخۆ نییە لە دەسەڵاتی حیزبەکان، بەڵکو ئـەوەی پێی دەوترێت حکومەت شتێکە لەلێدانو خستنە پاڵی دوو حیزبەوە دروستبووە، بەشێوەیەک تائێستا وەزیــری حیزبێکیان لەسنووری حیزبەکەی دیکە دەستی ناڕوات، هەروەک بڕیارەکان لەدەستی حکومەت کۆنەبوونەوە، بەڵکو زۆرجـار پێویست دەکات سەرۆکی هەرێمو سەرۆک کۆماری عێراق کۆببنەوە، یان هەردوو مەکتەبی سیاسیی بگەنە یەک، ئینجا حکومەت بڕیار بدات».

عەدنان عوسمان، ئەندامی فراکسیۆنی گــۆڕان لە پەرلەمانی کـوردسـتـان، ئەو هەلومەرجەی لە سلێمانی هەیە بە «حاڵەتێکی شاز» لەناوچەکە ناودەباتو پێیوایە؛ یەکێتی وەک کەمینەی سەپێندراو لە گۆشەی حیزبییەوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی محەلی ئەو پارێزگایە دەکاتو وتی: «داڕشتنەوەی دەسەڵاتی محەلی لەسەر بنەمای حیزبایەتی کارێکی نایاسایی‌و دژ بەدیموکراسییەتە، بەتایبەت بۆ یەکێتی کە ئەو شەرعییەتەی نەماوە، کە پێشتر بەخۆی دابــوو، چونکە بەگشتیی لە کوردستانو بەتایبەت لەسنووری سلێمانی ئەو حیزبە کەمینەیە، بۆیە هەندێک دەزگا لەوێ هەن ناشەرعین بەشێوەیەک نە سەر بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمو پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمن، نە سەر بە دەزگایەکی هەڵبژێردراوی خەڵکین».

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ سەلماندنی قسەکانی باس لەوە دەکات؛ لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کراوەو تائێستا هەڵبژاردن نەکراوەتەوە، کەچی چەندین ئاڵوگۆڕیان لەسەرۆکی شارەوانییەکان کردووەو بێئەوەی پرسو راوێژ بەخەڵک بکەن، بۆ پارێزگا بەهەمانشێوە، بەڕێوەبەری ئاسایشو پۆلیسو قایمقامەکان بێ گەڕانەوە بۆ خەڵکو لەسەر بنەمای (وەلا) بۆ حیزبو سەرۆکی حیزب دادەنێت، «ئەو شێوازە بەڕێوەبردنەی لەناوچەی سلێمانی هەیە نایاسایییەو نائسوڵییەو دەبێت بگەڕێتەوە بۆ واقیعی خۆی، بەدەر لەوەی قسە لەسەر ئەوە بکرێت بـراوە کێیەو کەمینە کێیە»، عەدنان عوسمان پێیوایە؛ دامەزراوەکانی ئەو شارە پێویستی بەخەڵکی بەتواناو بێلایەن هەیە، ئەگەر پێشتریش ئەو بەرپرسانە سـەر بەحیزبێک یـان بزووتنەوەیەکی سیاسیی بووبن، پێویستە لەکاتی وەرگرتنی پۆستەکانیان دەسـت لـە حیزبەکانیان بکێشنەوە.

ئـاسـۆس هـەردیـش بـڕوایـوایـە؛ هەر ئاڵوگۆڕێک لەسەر ئینتیمای حیزبیی‌و بنەمای حیزبیی بکرێت، ناشەرعی‌و بەدەر لە دەسەڵاتی یاساییە «لەدنیادا بەپێی رێوشوێنە یاساییەکان لە حاڵەتی مردنی بەرپرسی دامەزراوەیەکی حکومیی، یان دەستلەکارکێشانەوە، یان لابــردن لەبەر کەموکورتی خەڵکی دیکە دەخرێتە جێگەی، بەڵام لێرە هەڵبژاردنی شارەوانی‌و پارێزگاکان ناکرێت، کەچی دەسەڵات پاساوی بۆ دێنێتەوە».

ئاسۆس وتیشی: «رەنگە دەسەڵاتی سیاسیی پاساوی هەبێت بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکان، یان لابردنی کەسێکو دانانی کەسێکی دیکە، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەم پاساوانە زەمینەیەکی حەقن بۆ بەرگریکردن لە باتڵێک، بۆ چارەسەری ئەو کێشانە پێویستە هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدرێت، یان ئەوەی رێوشوێنی یاسایی توندوتۆڵ بگیرێتەبەر بۆ ئەو حاڵەتانەی پەیوەندی بە لابردنو گۆڕانو جێگرتنەوەی بەرپرسەکان هەیە».

لەبارەی دوورەپەرێزیی بزووتنەوەی گۆڕان لە بڕیارو راسپاردەکانی پارێزگای سلێمانی، عــەدنـان عوسمان ئەندامی فراکسیۆنی گــۆڕان وتــی: «ئێمە خۆمان دوورەپەرێز نەگرتووە، بەڵکو وەک بەشێک لە دامەزراوەیەکی تەشریعی‌و شەرعی لە پەرلەمانەوە بڕیار دەدەینو بڕیارەکانیش بۆ هەموو ناوچەکانە، راستە ئێمە لە پارێزگای سلێمانی زۆرینەی دەنگەکانمان هێناوەو بـراوەی یەکەمین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە ئێمە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرین، بەڵکو ئێمە قسەمان لەسەر دەسەڵاتی یاساو بەدامەزراوەیکردنی کاروباری حکومەتو دوورکەوتنەوەی ئەو دەزگایانە لەناوەندە حیزبییەکان».

عەدنان عوسمان هەوڵەکانی یەکێتی بە «پەلەقاژێیەک» نـاودەبـات بۆئەوەی لە هەڵبژاردنی عێراقدا کەمێک لە نفوزی لەدەستچووی خۆیان لەو شارە وەربگرنەوە، بەڵام بە بڕوای ئەو «زیاتر لەدەستدەدات، چونکە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵک بەو ئاقارە، تووشی شکستی گەورەتری دەکات».



## پەرلەمانی کوردستان تا چەند لە پەرلەمانی عێراق دەچێت؟

# لە (٢٠٠٩)دا پەرلەمانی عێراق (١٠٦)و کوردستان (٣٦) دانیشتنیان ئەنجامداوە

راپۆرتی، بەرهەم خالید

لەماوەی ساڵی رابردوودا پەرلەمانی عێراق (١٠٦) دانیشتنی ئەنجامداوەو (٣٣) پڕۆژەیاسای پەسەندکردووەو لەبەر پەسەندکردنی بودجەش پشووی زستانەی دواخست، بەڵام پەرلەمانی کوردستان لـەومـاوەیـەدا تەنیا (٣٦) دانیشتنی سازکردووەو نزیکەی (١٠) پڕۆژەیاسای پەسەندکردووەو ئێستاش بەبێ ئەوەی بودجەی ساڵی (٢٠١٠) پەسەندبکات پشووی زستانەی دەستپێکردووە. بە بڕوای چاودێرێکی سیاسییش یەکێتی‌و پارتی هۆکاربوون بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان چالاک نەبێت، لەبەرئەوەی ویستوویانە مەکتەبە سیاسییەکانیان خاوەن بڕیار بن، نەک پەرلەمان.

خولی دووەمی پەرلەمای کوردستان لەساڵی(٢٠٠٩)دا(٢٣)دانیشتنی ئەنجامداوە، کە دواترینیان لە (٩)ی تەمموزی (٢٠٠٩) بـوو، لەو ماوەیەشدا پڕۆژەیاساکانی هەمواری یاسای هەڵبژاردنو یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانو درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانو پڕۆژەیاسای پەیمانگای دادوەریــی‌و بودجەو کۆتا بۆ کەمە نەتەوەکانی هەرێمو وەزارەتــی ناوخۆی پەسەندکردووە، هەروەها خولی سێیەمی پەرلەمانیش، کە لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە تەمموزی ساڵی رابــردوو پێکهات، (١٣) دانیشتنی ئەنجامدا، کە دواترینیان (٢٩ی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٩) بوو، بەبێ ئــەوەی هیچ پـڕۆژەیـاسـایـەک پەسەندبکاتو دواتریش بڕیاریدا پشوو وەربگرێت، لەکاتێکدا فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن داوای دواخستنیان کرد لەبەرئەوەی تائێستا بودجەی ساڵی (٢٠١٠) پەسەندنەکراوە، لە بەرامبەردا پەرلەمانی عێراق پشووی وەرنەگرتووەو کار بۆ پەسەندکردنی بودجە دەکات.

محەمەد ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی راگەیاندنی سەر بە ئەنجومەنی نوێنەران، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەساڵی (٢٠٠٩)دا پەرلەمانی عـێـراق (١٠٦) دانیشتنی ئەنجامداوەو (٣٣) پڕۆژەیاسای پەسەندکردووەو چەند یاسایەکی دیکە تەنیا دەنگیان مـاوە بۆ پەسەندکردن، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە پەرلەمانی عێراق دەرچوونی یاسا کەمێک لە پەرلەمانی کوردستان قورسترە، چونکە بە پێی دەستووری عێراق لە ساڵێکدا دوو وەرزی یاسادانان هەیە، بەپێی دەستووریش وەرزی یاسادانانی دووەم، کە لە مانگی تشرینی یەکەمەوە دەستپێدەکات بەردەوام دەبێت تا بودجەی ساڵی دواتر پەسەند دەکرێت، بەو هۆیەشەوە پەرلەمانی عێراق پشووی وەرنەگرتو دوایخست. وتیشی: «پەرلەمانی عێراق هیچ جارێک دوو مانگ پشووی وەرنەگرتووە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا دوای هەر وەرزێکی یاسادانان مافی پشوویەکی دوو مانگیی هەیە».

لە دانیشتنی رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٩دا پەرلەمانی کوردستان خولی گرێدانی خۆی کۆتاییپێهێناو پشووی زستانەی دەستپێکرد، لەکاتێکدا فراکسیۆنەکانی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ داوایانکرد کە پشووی پەرلەمان بۆماوەی (٤٥) رۆژ دوابخرێت، بۆئەوەی بودجەی گشتیی پەسەندبکرێت، بەڵام بە زۆرینەی دەنگو لەلایەن فراکسیۆنی کوردستانییەوە رەتکرایەوە.

یوسف محەمەد سـادق، مامۆستای زانستی سیاسیی لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم لەماوەی رابردوودا نەیانویستووە پەرلەمان ببێتە مەرجەعێکو ئەکتیڤ بێتو بڕیارەکان تەنیا لەلایەن یەکێتی‌و پارتی خۆیانەوە دەردەچوون، هەروەها پەرلەمانی کوردستان پەیڕەوێکی ناوخۆیی دواکەوتووی هەیە، کە بەهۆیەوە لیستی زۆرینە ئاستەنگ لەبەردەم کاری ئۆپۆزسیۆندا دروستدەکات، ئەوەش لانیکەم هەتا دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بــەردەوام دەبێت، بۆیە ئەوەش کاری لە سستی‌و ناچالاکیی پەرلەمانی کوردستاندا کردووە، لەبەرامبەر ئەوەدا لە پەرلەمانی عێراق کێشمەکێشی سیاسیی هەیەو دەستوور هەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێ‌و ناکۆکییەکان، بۆیە بەوهۆیەوە ناتوانرێت باز بەسەر پەرلەمانی عێراقدا بدرێتو دۆخەکە لەوێ دیموکراسیترەو تائێستا چەند هەڵبژاردنێک کـراوە بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە بەغدا، هەربۆیە پەرلەمانی عێراق پەرلەمانێکی ئەکتیڤەو وتیشی: «تاڕادەیەک سەرۆکایەتی هەردوو پەرلەمانیش رۆڵیان هەیە لە دروستکردنی ئەو جیاوازییەدا، کە دەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە ئەرکی خۆی هەستێت وەک چاودێریی‌و پەسەندکردنی پڕۆژەیاساکان بەتایبەت بودجە».

دانا عەبدولکەریم، شـارەزای بواری یـاسـای دەسـتـووریـی‌و مامۆستای زانکۆ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ هۆکاری سستی پەرلەمانی کوردستان بۆ کەمیی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، کە ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە دەسەڵاتی دانیشتنی پەرلەمان تەنیا بەدەست سەرۆکی پەرلەمانەو پەرلەمانتاران ئەو مافەیان نییە. وتیشی: «پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتیش هۆکارێکی دیکەی سستبوونی پەرلەمانە».

بۆیە بەباشی زانـی پەیوەندییەکی تەواوکارییان هەبێتو بە نەفەسی پێش هەڵبژاردن کارنەکەن.

یەکێک لـە یاساکانی پەرلەمانی کـوردسـتـان لـە خـولـی دووەمـیـدا درێژکردنەوەی وادەی کارکردنی خۆی بوو هەتا هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥، هەر لەو ماوەیەشدا دەسـتـووری هەرێمی پـەسـەنـدکـرد، لەکاتێکدا زۆرێـــک لە هاوڵاتییانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوکات دژی پەسەندکردنی بوون، بەڵام لەم خولەیدا ئەگەرچی هێشتا بودجە پەسەند نەکراوە، ئامادەنەبوو پشووەکەی خۆی دوابخات، لەلایەکی دیکەوە کەمترین جـار بـەرپـرسـە باڵاکـانـی حکومەتی بانگهێشتکردووەتە پەرلەمانو لەماوەی خولی سێیەمیشدا وەزیـری سەرچاوە سروشتییەکانی بانگهێشتی پەرلەمان کرد، بەڵام لەماوەی ساڵی رابردوودا هەریەکە لە وەزیرەکانی بازرگانی‌و نەوتو سەرۆک وەزیرانو وەزیرانی ناوخۆو بەرگریی‌و کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکانیش بانگهێشتی پەرلەمانی عێراق کراونو بەهۆیەشەوە وەزیری بازرگانی لەسەر کار لابرا.

بەپێی وتـەی محەمەد ئەبوبەکر سـەرەڕای جیاوازیی بۆچوونەکان، ململانێی جدیی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان هۆکاری باشی ئەدای پەرلەمانی عێراق بووە لەچاو پەرلەمانی کوردستاندا، هەربۆیە توانیویەتی تاڕادەیەکی باش بە ئەرکی راستەقینەی خۆی هەڵسێتو چالاکانە کاربکات.

# عەلی باپیر: ناکرێت حکومەت هەبێتو دوو سێ دەزگای ناحکومیی هەبن خەڵک دەستگیربکەن

سازدانی: سیروان ڕەشید_ هەولێر

عەلی باپیر پێیوایە؛ تائێستا سیستمی دوو ئیدارەیی لە کوردستان پەیڕەودەکرێتو حکومەت یەکینەگرتووەتەوە. هەربۆیە باس لەوەدەکات، کە ئەگەر ئەدای دەسەڵات بەمشێوەیە بەردەوام بێت، خەڵک تووشی نائومێدییەکی زۆر دەکات.
لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی نکوڵی لەوەشدەکات، کە کێڕقی سەنگی لایەنە ئیسلامییەکان لە پاشەکشەدابێتو پێیوایە؛ تەوژمی ئیسلامیی کوردستان لە گەشەسەندندایە، هەروەها باس لەوەشدەکات کە حیزبەکەی پێویستی بە گۆڕانە.



**ڕۆژنامە: دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، کە ئێوەش بەشێکن تێیدا حاڵەتێکی تازەیە، ئایا تائێستا هیچ پرۆژەو بەرنامەی هاوبەشتان لەگەڵ بزووتنەوەی گـۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیی هەیە؟**

* بەڕاستی ئێمە هەڵسوکەوتی فراکسیۆنەکەمان لە پەرلەمان سەرپشککردووە، کە پێموایە لێکنزیکیی هەیە لەگەڵ گۆڕانو یەکگرتوو.

**ڕۆژنامە: مەبەستم لەسەر ئاستی کۆی کایە سیاسییەکەیە، نەک تەنیا پەرلەمان، ئایا بەپێویستی نازانیت ئۆپۆزسیۆن لە بەرەیەکدا خۆی ڕێکبخاتەوە؟**

* بەڵێ بەپێویستی دەزانم، بەڵام بەمەرجێک هەموومان بەیەک نەفەسو شێواز کۆببینەوە، نەک یەکێکمان توندبێتو ئەوی دیکە نەرم. من لێت ناشارمەوە ئێمە ئۆپۆزسیۆنین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە سەنگەرمان لێگرتبنو حەز بە ڕووخانیان بکەین.

**ڕۆژنامە: دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان تا چەند کاریگەریی هەبوو بۆ سەر بەرەوپێشچوونی ڕەوشی دیموکراسی لە کوردستان؟**

* ئەوە نەک هەر من، بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی لێیان پرسیوە، کەس نکوڵی لەوە ناکات، کە بزووتنەوەی گۆڕان کاریگەریی هەبووە لەسەر گۆڕانی تاموبۆی گۆڕانکاریکردن لەم هەلومەرجە سیاسییەداو کاریگەریشی دەبێت بە ئەندازەی ئەوەی وەفاداردەبێت بە شیعارو دروشمەکانی خۆی.

**ڕۆژنامە: لەسەر گوتاری سیاسیی بزووتنەوی گۆڕان هیچ تێبینییەکتان هەیە.**

* پێموایە حاڵەتێکی کاردانەوەی هەیە بەرامبەر یەکێتیو کەمتر لەسەر پارتی قسەدەکات.

**ڕۆژنامە: بۆچی گوتاری سیاسیتان لەبەرامبەر دەسەڵات نەرمە، لەکاتێکدا جاران دەگوترا کۆمەڵی ئیسلامیی توندەو یەکگرتووی ئیسلامیی نەرمە، بەڵام ئێستا پێچەوانە بووەتەوە؟**

* شتەکان دەزانن، جاری وا هەیە کە شتێکمان کەوتبێتە بەرچاوو شایستەی ڕەخنەگرتن بێت ڕەخنەی خۆمان دەگرینو پێشتر واشبووینو ئێستاش بەهەمانشێوە. سەبارەت بە برایانی یەکگرتووش، کە ئێستا توندنو پێشتر نەرم بوون، ئیدی خۆ وەختی خۆی هەردووکمان لە حکومەتدا بووینو دوای ئەوەی کە بارەگاکانیشیان سووتێنرا، لێیان چاوەڕواندەکرا بە باری توندیدا ڕەخنە بگرنو بەو مانایەی بەرگریی لە مافی خۆیان بکەن، ئێستاش گرنگ ئەوەیە هەرلایەکمان ئەوانیشو گۆڕانیش گرنگ ئەوەیە واسەیری بکەین کە ئەو توندییە ئامانج دەپێکێت.

**ڕۆژنامە: ئەدای دەسەڵاتو حکومەت چۆن دەبینیت، ئایا لە ئاستی داخوازییەکانی هاوڵاتییاندایە؟**

* نەخێر لە ئاستی خراپدا دەیبینم.

**ڕۆژنامە: چۆن؟**

* ئەگەر حکومەت هەر بەوشێوەیە بێت، پێموایە خەڵک تووشی نائومێدییەکی زۆر دەکات، هیوا دارم هەر لە جەنابی مام جەلالو کاک مەسعودو مەکتەب سیاسیی هەردوو لایەنیانەوە چاو بەخۆیاندا بگێڕنەوەو دەستی ئەو حکومەتە ئاوەڵا بکەنو بە ڕۆحی حیزبیی مامەڵە نەکەنو تەسفیات حسابی حیزبیی لەسەر کەوڵی حکومەت نەکەن.

**ڕۆژنامە: فاکتەرەکانی پشت ئەو بێئومێدییەی خەڵکو خراپیی ئەدای حکومەتەکە لە چیدایەو چییە؟**

* دەستوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەتو کەسایەتییەکانی، هەروەها گوریس پچڕێنیی پارتیو یەکێتییە.

**ڕۆژنامە: کەواتە هەستدەکەیت لە کابینەی شەشەمیشدا حیزب حکومەتی ئیفلیج کردووە؟**

* من زۆر بە ڕوونی دەیبینم، ئایا ئێستا دەتوانین بڵێین فیعلەن یەک حکومەتی یەکگرتوومان هەیە؟

**ڕۆژنامە: من ئەو پرسیارە لەتۆ دەکەم؟**

* نەخێر.

**ڕۆژنامە: بۆچی نییە؟**

* دەبێت دوعا بکەین پەیدابێت، لەبەرئەوەی بەداخەوە حکومەتایەتی بە نەفەسی حیزبایەتی ناکرێت، کە ئێستا پارتیو یەکێتی دەیکەن، ناکرێت وەزیرێک لەلایەن بەرپرسی لقو مەڵبەند ئاراستەبکرێت، یان ڕێ لە تەعینکردنی کەسێک بگیرێت لەبەرئەوەی لقو مەڵبەند لێی ڕازیی نییە، یان لە پاراستنو زانیارییەوە پشتگیریی لێناکرێت، ناکرێت حکومەتێکت هەبێت دوو سێ دەزگا هەبن خەڵک دەستگیربکەنو موحاسەبە بکەنو سەر بە حکومەت نەبن، ئایا دەکرێت شتی وا؟

**یەکگرتنی کۆمەڵو یەکگرتووی ئیسلامیم پێباشە**

**ڕۆژنامە: مەسەلەی دوو ئیدارەیی هەستدەکەیت بە فیعلیی نەمابێت؟**

* ئەوە بە قسەو بە نەزەریی تێکەڵکراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەسەر ئەرزی واقیع ڕەنگبداتەوە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئەوە ڕەنگیداوەتەوەو لە دوو حکومەتی دەربازمان بووە؟**

* نەخێر وای نابینم.

**ڕۆژنامە: بارودۆخی ئێستای حیزبەکەتان لە چ ئاستێکدایە، بەتایبەت لەدوای هەڵبژاردنی (٧/٢٥)، کە بڕیارتان داوە ببنە ئۆپۆزسیۆنو بەجۆرێکی دیکە سیاسەت بکەن؟**

* لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان، بە پێویستمان زانی چاو بەخۆماندا بگێڕینەوەو فیعلەن لە هەموو ئاستەکاندا دەستمانکرد بە چاوبەخۆدا گێڕانەوە. وەزعی ئێستای خۆمان بڵێین زۆرباشین وانییە، بەڵام خراپیشی نابینین لە قەدەر ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەژینو لەقەدەر ئەو ئاستو کۆسپانەشی کە لە پێشمان دادەنرێت، لەقەدەر ئەو مافو ئیمتیازانەشمان کە پێشێلدەکرێت.

**ڕۆژنامە: پەیوەندیتان لەگەڵ دوو هێزە دەسەڵاتدارەکە لە چ ئاستێکدایە، لەکاتێکدا باس لەوەدەکرێت پەیوەندییەکانتان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا پتەوترە، لەچاو پارتیدا، کە هەست بە ساردیی لە پەیوەندییەکانتاندا دەکرێت؟**

* پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ یەکێتیو پارتی لە یەک ئاستدایە، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە سەر لایەنی بەرامبەر، کە تا چ ڕادەیەک دێتە پێشو دان بە مافەکانتدا دەنێت، لەو ڕووەوە نەک ئێستا، پێشتریش یەکێتی لەگەڵماندا ئیجابیترو کراوەتر بووە، بەڵام لەگەڵ پارتیش پەیوەندیمان باشە، کە ئومێدمان وایە لەگەڵ پارتی باشتریش بکرێت.

**ڕۆژنامە: هەندێک لە چاودێران دەڵێن ساردیی پەیوەندیی ئێوەو پارتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پارتی هەندێکجار ویستوویەتی لایەنێکی دیکەی ئیسلامیی، وەک بەدیل بۆ ئێوە قوتبکاتەوە؟**

* پارتی بۆخۆی ئازادە کە چۆن مامەڵە دەکاتو لایەنی دیکە دروست دەکاتو قوتی دەکاتەوەو دەیهێنێتە پێشەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەسەر حسابی بوونی واقیعی ئێمەو مافەکانمان نەبێت.

**ڕۆژنامە: ئایا هیچ ئاماژەیەکی واتان بینیوە کە لەسەر حسابی ئێوە بووبێت؟**

* دیارە لایەنە سیاسییەکان پارتیو یەکێتی ئەو حاڵەتانەیان بووە، جاری وایە لایەنێک زۆر دێننە پێشو لایەنێکی دیکە پەراوێزدەخەن.

**ڕۆژنامە: لەکاتی پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا هەستتان بەم حاڵەتە کرد؟**

* بەڵێ هەستمان پێکرد.

**ڕۆژنامە: چۆن؟**

* ئێمە کە ئەو مەرجانەی دامانناببوو بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا، کە زۆر بە ڕوونو ئاشکرایی لەدوا کۆبوونەوەدا لەگەڵ کاک د.بەرهەم وتمان، ئەگەر مەرجە تایبەتو حیزبییەکانمان کۆسپن لەبەردەم بەشداریماندا، ئامادەین مەرجە حیزبییەکانمان لابەرین، مەرجە گشتییەکان کاک د.بەرهەم وتی ئەوانە هەموویان ئەرکی حکومەتن، ئێمەش وتمان فەرموو جێبەجێی بکەن بەشداریی حکومەتەکەتان دەبین، بەڵام بڕیاریان وابوو کە ئێمە بەشدارنەبینو هەستمانکرد نیەتێکی پێشتر هەیە، کە ئێمە واباشە بەشداریمان پێنەکرێت.

**ڕۆژنامە: لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا چوونە بەغداو تاڵەبانیتان بینی، ئایا لەو سەردانەتاندا هیچ ڕێکەوتنێکی حیزبییو شەخسی لێکەوتەوە، یان سەردانێکی ئاسایی بوو؟**

* هەر سەردانێکی ئاسایی بوو، ئێمە ناوبەناو پێمان خۆشە جەنابی مام جەلال چ وەک سکرتێری گشتیی یەکێتیو چ وەک سەرۆک کۆمارو کەسایەتییەکی سیاسیی ببینینو دەربارەی بارودۆخی سیاسی بەگشتیی قسەی لەگەڵ دەکەین، بەتایبەت لەم بارودۆخەدا، کە ئێمە هەستدەکەین ئەزموونی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەرەو پاشەکشەیەو لەبەردەم کۆمەڵێک ئاستەنگدا ڕووبەڕووبووەتەوە.

**ڕۆژنامە: ئێستا خیتابی سیاسیی ئێوەو یەکگرتووی ئیسلامیی هاوتەریبە، باس لە ئەگەری یەکگرتنی ئێوەو یەگرتوو دەکرێت، پرۆژەیەکی لەو چەشنە هەیە؟**

* ئێمە پێکەوە هاوکاریمان هەیەو لیژنەمان دروستکردووە، بەڵام پرۆژەی یەکگرتنەوە لە ئێستادا بەوجۆرەی تۆ باسی دەکەیت لەگۆڕێدا نییە، بەڵام یەکگرتنی ئیسلامییەکان ئاواتی لە مێژینەی ئێمەیە، کە ئێستا شێوەی کارکردنمان لەگەڵ یەکگرتوو وەک یەکە، ئەگەر بتوانین تواناکانمان یەکبخەین لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا ئەوەمان پێخۆشە.

**ڕۆژنامە: ئەم فیکرەیە لای بەڕێزتان باشە؟**

* ئەم فیکرەیەم زۆر پێباشەو لەمێژە لای من هەیە، بەڵام دیارە مەل بە باڵێک نافڕێت، پێشمان وایە لای لایەنی بەرامبەریش ئەسڵی نیەتەکە، کە ئێمە بەرەو یەک بچین لای زۆریان هەیە، بەتایبەت لای مامۆستا سەڵاحەدین بەهادین.

**ڕۆژنامە: هەست ناکەن جەماوەری لایەنە ئیسلامییەکان پاشەکشەی کردووە؟**

* من بەگشتیی وای نابینم، پێموایە تەوژمی ئیسلامیی ڕوو لە گەشەو بەرەوپێشەو ئەگەر لایەنێکی ئیسلامیش لە پاشەکشەدا بێت، حاڵەتە ئیسلامییەکە لە گەشەکردندایە.

**ڕۆژنامە: بۆچوونەکەم پشتئەستوورە بە کەمبوونەوەی ژمارەی کورسییەکانی لایەنە ئیسلامییەکان لە (١٥) کورسییەوە، کە ئێستا دابەزیوە بۆ (١٢) کورسی؟**

* جا ئەوە نیشانەی پاشەکشە نییە، بەڵکو بە بۆچوونی من دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، هۆکاری یەکەم تەزویر، کە بە بۆچوونی منو خەڵکێکی چاودێر، بەلای کەمەوە (٢٠٪) تەزویر کراوە، پاشان پەیدابوونی حاڵەتی گۆڕان، کە پەیدابوو سواری شەپۆلی ناڕەزایی خەڵک بوو، گومانی تێدا نییە کە بە قازانجی گۆڕان تەواوبوو، هەروەها هۆکاری سێیەم ئەوەیە، کە ئێمە لەگەڵ دوولایەنی دیکە هاوپەیمان بووین، کە هەموو کەس دەزانێت دەنگی ئێمە ئەگەر بۆ ئەوان نەچووبێت هی ئەوان بۆ ئێمە نەهاتووە، ئەگەر ئەم سێ هۆکارە بێنینە بەرچاو، ئەوا تەفسیری کورسییەکانی لایەنە ئیسلامییەکان دەکرێت.

**ڕۆژنامە: بڕیارتان داوە لەم ساڵدا کۆنگرە ببەستن، ئایا پێتانوایە پێویستە لە کۆنگرەدا بڕیار لەسەر مۆدێلێکی دیکەی کاری سیاسیی بدەن؟**

* ئێمە لیژنەیەکی تایبەتیمان داناوە، کە هەم خۆیان بیربکەنەوەو هەم پرسیش بە خەڵکی شارەزاو پسپۆڕ بکەن بۆئەوەی کە بە فیعلیی دەمانەوێت لە شێوازو ئامرازی کارماندا گۆڕانکاریی بکەینو تازەگەریی بکەین.

**ڕۆژنامە: وەک بۆچوونی شەخسیت، ئایا کۆمەڵی ئیسلامیی پێویستی بە گۆڕانە لە سیاسەتکردنیدا؟**

* بەڵێ پێموایە پێویستمان بە گۆڕانکارییە، هەلومەرجی سیاسیو بارودۆخمان گۆڕاوە، ئێمە سێ گۆڕانکاریمان بەسەردا هات؛ یەکەمیان، هاوپەیمانێتییەکمان کرد لەگەڵ پارتیو یەکێتی، دووەم، هاوپەیمانێتییەکی چوارقۆڵیمان کرد، ئێستاش بە لیستی سەربەخۆ دادەبەزین، جگە لەوەی لەماوەی چوارساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک هەورازو نشێویشمان هاتووەتە بەر، ئێمە ناڵێین هەردەم بەرەو سەرەوە چووین.

**ڕۆژنامە: خاڵە جەوهەرییەکانی ئەو گۆڕانکارییەی کە دەیکەن چین؟**

* من نامەوێت جارێ قسەی لەسەر بکەم، چونکە لیژنەمان دروستکردووە، هەر گۆڕانکارییەک پێویست بکات دەیکەین، بۆ نموونە لەسەر هەیکەلی ڕێکخراوەیی لەوانەیە هەندێک پۆست لاببەین.

**کۆمەڵی ئیسلامیی پێویستی بە گۆڕانە**

## مەلا فەرمان:

# بڕیاردەرە سەرەکییەکانی مادەی ١٤٠ کەرکوکی نین

سازدانی، شاڵاو محەمەد
پشتیوان سەعدوڵڵا

**مەلا فەرمان، نووسەرو هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکوک پێیوایە؛ نوێنەرانی کورد لە بەغدا ئەوەندەی سەرقاڵی ناکۆکیی نێوان یەکترو بەرژەوەندیی حیزبیی بوون، ئەوەندە خەمی کێشەی کەرکوکیان نەبووە، هاوکات بەپێویستی دەزانێت، خەڵکی کەرکوک خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بداتو ئیدارەی شارەکە بدرێتەوە دەست کەرکوکییەکان.**

**مەحمود محەمەد ئەحمەد، کە ناسراوە بە (مەلا فەرمان) لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا دەڵێت: «لەهەر هاوڵاتییەکی کەرکوکی بە تایبەت کوردەکان بپرسە ئەو حەقیقەتە دەزانێت، کە کورد لە ئیدارەکردنی کەرکوکدا شکستی هێناوە، بۆ نموونە تائێستا بەشێکی زۆر لە کوردەکانی کەرکوک لە شارەکەی خۆیشیاندا ئاوارەن».**

**رۆژنامە: هەندێک لە دانیشتووانی کەرکوک باسلەوەدەکەن کەرکوک لە هەموو روویەکەوە پشتگوێخراوە، ئایا خاوەنی نییە یان هۆکاری دیکە هەیە؟**

* ئەمە یەکێکە لەو پرسیارانەی خەڵکی کەرکوک هەمووکات قسەی لەسەر دەکەن، نەبوونی خەڵکی کەرکوک لە ناوەندی بڕیاری کوردیدا یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی دانیشتووانەکەی، هەتا ئێستا سەرکردایەتی سیاسیی کورد بڕیار لەسەر چارەنووسی کەرکوک دەدات، نەک کەرکوکییەکان خۆیان، تا ئەم کاتە بڕیاردەرە سەرەکییەکانی مادەی (١٤٠) کەرکوکی نینو خەڵکی شاری دیکەن، بۆیە لەئێستاوە پێویستە خەڵکی کەرکوک خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، ئیدارەی شارەکەش دەبێت بدرێت بە کەرکوکییەکان.

**رۆژنامە: دەوترێت کورد لە ئیدارەکردنی کەرکوک شکستی هێناوە، ئەمە تاچەند دروستە، ئەگەر وایە چۆن؟**

* بەڵێ راستە، لەهەر هاوڵاتییەکی کەرکوکی بەتایبەت کورد، بپرسە، ئەو حەقیقەتە دەزانێت، بۆ نموونە تائێستا بەشێکی زۆر لە کوردەکانی کەرکوک لە شارەکەی خۆیشیاندا ئاوارەن، چەندین هەزار خێزانی کورد گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک تائێستا خانووەکانیان تاپۆنەکراوە، لەماوەی چەند ساڵی رابردووی ئیدارەکردنی کەرکوکدا لەلایەن کوردەوە نەتوانراوە بە جدیی کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک بکرێتو نەشتوانراوە گیانی هاوکاری لەنێوان پێکهاتەکاندا دروستبکرێت.

**رۆژنامە: ئایا خەڵکی کەرکوک لە نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا رازین؟**

* کاتێک خەڵک نوێنەر هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی چارەسەری کێشەکانیان بکات، بەڵام ئەمە لە کەرکوک وا دەرنەچوو، کاتی خۆی ئێمە کە دەنگمان بەو نوێنەرە کوردانەی کەرکوک دا، بۆ نموونە وەکو ئەوەی کێشەکانیان لە بەغدا پێ چارەسەرنەکرا، تائێستا نەهاتوونەتەوە کۆڕو کۆبوونەوە بە خەڵک بکەنو بێنەوە ناو جەماوەر، بەداخەوە ئەوان وا فێربوون دەبێت هەر خەڵک بچێت بۆ لایان، ئەو بارودۆخەی کەرکوک کە بە ئێستا گەیشتووە، نوێنەرانی کورد لە بەغدا لێی بەرپرسن، چەند جارێک بودجەی ئەم شارە بڕاوە یان گەڕێنراوەتەوە بۆ بەغدا ئەم نوێنەرانە ئێستا باسیدەکەن، جگە لەوە ئێمە بۆیە ئەو نوێنەرانەمان بۆ کەرکوک هەڵبژارد بۆئەوەی شەڕ لەسەر کەرکوک بکەن، دەبوو لیستی هاوپەیمانیی کوردستان فشارێکیان بخستایەتە سەر حکومەتی بەغدا، کە لە ریزبەندی باسەکان، یەکەم جار باسی کێشەی کەرکوکیان بکردایە، بۆیە ئەم نوێنەرانەی لیستی هاوپەیمانیی هەمیشە لە کاردانەوەدا بوون، نەوەکو کارکردن بۆ کێشەی کەرکوک، کاتێک لەسەر مادەیەک لایەنێکی عەرەبی یان هەر لایەنێکی دیکە، کە شتێکی ورووژاندووە دژ بە کورد، ئەمان راستەوخۆ لە کاردانەوەدا بوونو هیچی دیکە.

**رۆژنامە: باسی ئەوە دەکرێت بەرپرسانی کورد لە بەغدا هەمیشە بەرژەوەندیی حیزبییان خستووەتە پێش بەرژەوەندیی گشتییەوە، تاچەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایت؟**

* بەڵێ وایە، نوێنەرانی کورد لە بەغدا ئەوەندەی سەرقاڵی ناکۆکی نێوان یەکترو ناکۆکیی نێوان دوو حیزب بوون، ئەوەندە خەمی کێشەی کەرکوکو چەند دۆسیەیەکی دیکە نەبوون، بۆ نموونە دوای ئەوەی مادەی (١٤٠) چەند جارێک لە وادەی خۆی جێبەجێنەکراو درێژکرایەوە، سەرکردایەتی کورد ئەو پێداگرییەی نەکرد بۆ جێبەجێکردنی، جەعفەریی و عەلاوی و مالیکی ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە تائێستا نوێنەرانی کورد لە بەغداو سەرکردایەتی کورد نەهاتوون داکۆکی لە مادەی (١٤٠) بکەن، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا ئەوەندەی لە هەوڵی بودجەو پارەی خۆیاندا بوون، ئەوەندە لە هەوڵی کەرکوکدا نەبوون، تائێستا ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەسەر مەسەلەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان لە هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران نەهاتوونەتە دەرەوەو رۆژێک لە رۆژان شەڕیان لەسەر ئەو مەسەلەیە نەکردووە.

**رۆژنامە: پێتوایە سەرکردایەتی ئێستای کورد بتوانێت چارەسەری کێشەی کەرکوک بکاتو بیگەڕێنێتەوە بۆ سەر هەرێم؟**

* بەم ئەقڵییەتەوە نەخێر، تائێستا سەرکردایەتی کورد دوو سیاسەت پەیڕەو دەکات، سیاسەتێکیان توندوتیژییە، سیاسەتەکەی دیکەیان سیاسەتی سەرلەقاندنە بەرامبەر بە بەغداو ئەمریکا، کاتێکیش بتەوێت چارەسەری کێشەی کەرکوک بکەیت دەبێت واز لەو دوو سیاسەتە بهێنیت، پێویستە سیاسەتێک بگرنەبەر کە لەسەر ئەوە بێت بڵێت؛ ئەمە مافەکانی منە.

**رۆژنامە: هاتنە مەیدانی چەند لیستێکی جیاواز لە کەرکوک، تاچەند گرنگە بۆ ئێستای کەرکوک ؟**

* لیستی جیاواز لە کەرکوک کێبڕکێی دیموکراسیی زیاتر دەکات، چونکە یەکلیستیی سەلماندی، کە شکستی هێناوە، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق کورد یەک لیست بوو، بەڵام دۆڕاندی، یان لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥) خەڵکیی بە حەماسەوە دەهاتن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، بۆیە ئەم فرەلیستییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کەرکوکدا خەڵکی بە هەمان حەماسەوە بێن بۆ سەر سندوقی دەنگدان. ئەو بۆچوونە زۆر هەڵەیە، کە دەڵێت فرەلیستی لە قازانجی کورد نییە، ئەم قسانە تەنیا بۆ ئەوەیە خەڵک سارد بکەنەوە، ئەوەی تائێستا دەسەڵاتی ئەم شارەی گرتووەتە دەست دەیەوێت ئەو بارودۆخە خراپەی کە هەیە بە هەمانشێوە درێژەی هەبێتو نەگۆڕێت.

**رۆژنامە: لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا لە کەرکوک نزیکەی (٣٠) قەوارە کێبڕکێی یەکتر دەکەن، هەماهەنگی نێوان قەوارەکان تاچەند گرنگە؟**

* پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان، کە لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا بەشدارین بۆ پاراستنی ئارامیی کەرکوک، پێشوەخت پێکەوە دابنیشین بۆئەوەی جۆرێک لە تێگەیشتنمان هەبێت بۆ ئارامیی ئەم شارە، کە زۆر گرنگە، پێویستە ناکۆکی شارەکانی دیکە نەهێنین بۆ کەرکوک، وەکو چۆن دەوترێت بارودۆخی کەرکوک تایبەتییە، با بەکردەوە ئەو تایبەتمەندییە بپارێزین، تا بتوانین لە بانگەشەی هەڵبژاردن ناوزڕاندنی تێدا نەبێتو خەڵکی ئازادبێتو چاوسوورکردنەوەی تێدا نەبێت، پەیاممان بۆ خەڵکی کەرکوک ئەوەیە، کەس نەڵێت من ناچم دەنگ بدەمو دەنگی من کاریگەریی نییە، چونکە دەنگیان کاریگەریی زۆری هەیە، دەبێت بە هەموو لایەنەکان هانی خەڵک بدەین بچن بەرەو دەنگدان.

**رۆژنامە: چی بە ئەولەویەت دەزانیت، کە گۆڕان بۆ کەرکوکی بکات لە بەغدا؟**

* پێویستە لە بەغدا یەکەم کاری گۆڕان داکۆکیکردن بێت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، هەروەها دەبێت لە پەرلەمان چاو بەو سیاسەتی کورددا بخشێنینەوەو بیگۆڕینو نەهێڵین جارێکی دیکە فێڵمان لێبکرێت، وەکو چۆن لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا روویدا.



مەحمود محەمەد ئەحمەد، ناسراو بە مەلا فەرمان
لە ساڵی (١٩٥٧) لە کەرکوک لەدایکبووە،
لە ساڵی (١٩٩٣ تا ٢٠٠٤) مامۆستا بووە لە هۆڵەندا،
هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕانە لە کەرکوک.

## سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ:

# کورد لە بایکۆتی ئیدارەی موسڵ زەرەری کرد

سازدانی، ئەمیر گۆران

**محەمەد بەشیر، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵو ئەندامی لیستی برایەتیی نەینەوا، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، کە ماوەیەک پێش ئێستا، هەریەکە لە کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی هەرێمو د.محەمەد ئیحسان وەزیری پێشووی ناوچە دابڕاوەکانو نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێرو بەرپرسی لقی پارتی لەموسڵو بەرپرسی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی، لە بەغدا لەگەڵ ئەسیل نجێفیو ئەندامانی لیستی حەدبا کۆبوونەتەوە بێئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێکو بڕواشی وایە، کورد زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە لە ئەنجامی بایکۆتکردنی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لەلایەن لیستی برایەتیی نەینەواوە.**

**رۆژنامە: کێشەکانی نێوان هەردوو لیستی حەدباو برایەتی، پەیوەندییان بەوەوە نەبووە کە لە سەرەتاوە پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ بارودۆخەکەو عەرەبەکاندا هەڵەبووە؟**

* هۆکاری ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە بەمدواییە هاتە کایەوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵدا، هێنانی ئەندامانی حیزبی بەعس بوو بە پاڵپشتی نوری مالیکیو بەکارهێنانیان بوو لەدژی کوردو هێزە کوردییەکان، هەروەک مامەڵەی ئێمەش کاریگەریی هەبووە، بەڵام تەزویرکردنو راکێشانی جەماوەر لەلایەن لیستی حەدباوە بۆلای خۆیان بەپڕوپاگەندەی ناڕاست هۆکارێکی دیکە بووە، هۆکارێکی دیکەش ئەوبووە کە خەڵکی عەرەبی قینلەدڵ هەیە لەناو موسڵو دەروبەری کە وێنەی کوردیان شێواندووە.

**رۆژنامە: بایکۆتکردن چارەسەرە؟ هەست ناکەن پاش نزیکەی (١٠)مانگ، کورد زیانی پێگەیشتووە لەو بایکۆتە؟**

* بێگومان، کورد زیانی زۆری کردووە کە بەشداریی لە دەسەڵاتدا نەکردووە، بەڵام زەرەرمەندی دووەم لیستی حەدبایە، چونکە لەم ماوەیەدا خەڵکێکی زۆریان لەدەستداوە، ئەوان بەبێ کورد ناتوانن هیچ بکەنو ئێستا ئەسیل نجێفی پارێزگاری چەند گەڕەکێکە نەک هەموو موسڵو ناتوانێت بگاتە هەموو شوێنێک کە ئەمەش زیانێکی زۆر گەورەیە کە لە ئەوان کەوتووە.

**رۆژنامە: چاوەڕواندەکرێت کە کورد لەموسڵ لاوازبێتو پێگەی بێهێزبێتە بەتایبەتی لەهەڵبژاردنی داهاتوودا؟**

* لەسەنتەری موسڵدا کورد دوودڵەو دەسەڵاتی نییە، دەتوام بڵێم، شاری موسڵمان بەجێهێشتووە، هەروەها ئەندامو کادیرانی هەردوو حیزب بەماڵەکانیانەوە موسڵیان بەجێهێشتووە، پێشتر دەسەڵاتمان لەهەموو شوێنێک لە پارێزگای موسڵدا بەدەستبوو، هەر لە بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسەوە تا دەگاتە قیادەی عەمەلیاتو ناو پارێزگاو دامودەزگاکانی دیکە، بەڵام ئێستا ئەو دەسەڵاتەمان نییە.

**رۆژنامە: ئومێدتان هەیە کە لیستی برایەتیو حەدبا جارێکی دیکە رێکبکەونەوە؟**

* دوایین هەوڵ ئەوەبوو کە لەماوەی رابردوودا، هەریەکە لەخەسرەو گۆرانو د.محەمەد ئیحسانو نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێرو کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆو بەرپرسی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی، لە بەغدا لەگەڵ ئەندامانی لیستی حەدبای موسڵ کۆبوونەوە، سەرەتا ئەسیل نجێفی نارازی بوو بە بەشداریکردنی خەسرەو گۆرانو دواجار کەریم سنجاری گوشاری خستەسەر حەدباو ناچاربوون بەشداری کۆبوونەوەکە بکەن، بەڵام دوای دانیشتنێکی درێژخایەن، بێئاکام بوو، پێش چەند رۆژێکیش نجێفی وتی، ئامادەم لەگەڵ کورددا مامەڵە بکەمەوە، ئێمەش دەزانین کە ئەوە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەو بۆ خۆی دەکات، ئێمەش دەستبەرداری داواو مافەکانمان نابین کە ئەوانیش بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنو جێگری پارێزگارەو ئومێدمان وایە، جێبەجێبکرێنو ئەگەر ئێستاش نەبێت پاش هەڵبژاردنی عێراق، ئەو پۆستانە بەدەستبهێنین.

**رۆژنامە: ململانێی نێوان پارتیو یەکێتی لەموسڵ وای نەکردووە کە ئەوان ئاگایان لە کێشە چارەنووسسازەکان نەبێتو خەریکی کێشەی حیزبایەتی ببن؟**

* بارودۆخی ئێستا جیاوازە لە بارودۆخی پێنج ساڵی رابردوو، ئێستا یەک هەڵوێستو تێڕوانینمان هەیە، بەڵام مەسەلەی حیزبایەتی جێی خۆی دەگرێت، چونکە دوژمنەکانمان دژایەتیمان دەکەن وەک کورد، نەک وەک حیزب.



# (٧) ساڵە کێشەی موڵکداریی لە کەرکوک چارەسەر نەکراوە

راپۆرتی، پشتیوان سەعدوڵڵا

**لەماوەی (٧) ساڵی رابردوودا لە کۆی (٤٥) هەزار کێشەی موڵکداریی لە شاری کەرکوک تائێستا تەنیا (٣) هەزار کێشە چارەسەرکراون. بڕیارە ئیدارەی کەرکوکیش بەدواداچوون بکات، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی لە پارێزگای کەرکوک.**


کێ خاوەنی کەرکوکە؟

هەفتەی رابردوو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە کۆبوونەوەیەکیدا بڕیاریدا لیژنەیەک لە هەموو پێکهاتەکانی نێو ئەنجومەن پێکبهێنێت بۆ هاوکاریکردنی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) لە چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی لەسنووری پارێزگای کەرکوک، هاوکات بڕیارە ئەنجومەنی پارێزگا وەفدێک رەوانەی بەغدا بکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە.

بە بۆچوونی ئازاد جەباری، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، کێشەی کەرکوک کێشەی زەوییەو ئەمە کێشەی سەرەکی کەرکوکە، پێیوایە «رەگو ریشەمان زەوییەکانمانە، ئەگەر کوردەکانی کەرکوک زەوییەکانیان پێ نەدرێتەوە، هەر ئاوارەن لە کەرکوک، پرۆسەی تەعریبکردنی کەرکوک لە ئەرزو ئاوەوە دەستپێکردووەو ویستوویانە کورد لە کەرکوک پەراوێزبخرێتو ئاوارە بکرێت.

جەباری باسی لەوەشکرد، لە کەرکوکدا نزیکەی (٤٥) هەزار کێشەی موڵکداریی هەیەو چارەسەرکردنی ژمارەیەک لەو کێشانە پێویستی بە (١٠) ساڵی دیکە هەیە.

پرۆسەی بە عەرەبکردنو داگیرکردنی زەوی کشتوکاڵیی لە کەرکوکدا بە چەند قۆناغێک دەستپێکردووە، بەشێوەیەک کە لە ماوەی (٤٠) ساڵی رابردوودا (١) ملیۆنو (٢٠٠) هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵیی پارێزگای کەرکوک بەر ئەو پرۆسەیە کەوتوونو تائێستا نەگەڕاونەتەوە دەستی خاوەنە رەسەنەکانی، قۆناغی یەکەم، بریتیبوو لە دەرچوونی بڕیارێک لەلایەن (مجلس قيادة الثورة)، بەو بڕیارانەش گوندەکان وێرانکرانو دواتر دەستکرا بە سڕینەوەی زەوییەکان لەناوچەی بەشیر، پاشان لە ساڵی (١٩٩٥)دا هەموو ئەو زەوییانەی کە بەناوی کوردو تورکمانەوە بوون وەرگیرانەوە، ئەم بڕیارە (٩٠٠) هەزار دۆنم زەوی لە سنووری پارێزگای کەرکوک گرتەوە.

بە بڕوای مەهدی موبارەک، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکوک، ئەو بڕیارانە تایبەت بووە بە عەرەبکردنی ناوچەکوردییەکان بەشێوەیەک زەوییەکان لە کوردو تورکمان وەرگیراونەتەوەو کراون بەناوی یەکێک لە وەزارەتەکانەوە، لەوانە وەزارەتی دارایی‌و وەزارەتی نەوت، یان وەزارەتی کشتوکاڵ، «ئەم بەناوکردنەوەیەش سەرەتا بۆ ئەوەبووە، کە ئەو زەوییانە لەژێر دەستی کورد یان تورکمان دەربهێنن، پاشان دابەشیبکەن بەسەر عەرەبی هاوردەدا».

بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی لە پارێزگای کەرکوک لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا دەستەی کێشەی موڵکداریی پێکهێنرا، بەڵام بە وتەی چاودێران ئەو دەستەیە نەیتوانیوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

شێرزاد عادل، ئەندامی لیژنەی مادەی (١٤٠)و قوربانییانو پاکتاوی رەگەزی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق هەوڵدرا ئاسەواری ئەو تەعریبکردنە بسڕدرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە دەستەی کێشەی موڵکداریی پێکهێنرا، لە ماوەی (٧) ساڵی رابردوودا لە کەرکوک نزیکەی (٤٥) سکاڵا پێشکەش بەو دەستەیە کرا، بەڵام تائێستا ئەو دەستەیە (٥٪)ی کارەکانی نەکردووە، چونکە حکومەتی عێراق هیچ جۆرە هاوکارییەکی بە ئاراستەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نەکردووەو چەندجارێک رێگربووە لەبەردەم کارەکاندا.

هەرچەند لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کراوە، بەڵام تائێستا هەنگاوی جدیی بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکەدا نەنراوەو کێشەکەش وەکو خۆی ماوەتەوەو تائێستا بەشێک لە دانیشتووانە رەسەنەکەی شارەکە بەتایبەت کوردەکان نەگەڕێنراونەتەوە سەر خاکو ئاوی خۆیان.

بەپێی بڕگەی (ا) مادەی (٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، کە دواتر گۆڕا بە مادەی (١٤٠) «پێویستە حکومەتی عێراق سەرجەم کێشە موڵکایەتییەکانی ناوچە بارگرژەکان چارەسەر بکات بەشێوەیەکی خێراو بە گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ کەمکردنەوەی ئەو ستەمەی، کە رژێمی بەعس لەو ناوچانەی کردووەو گۆڕانکاریی بەسەر دیمۆگرافیای ناوچەکاندا هێناوە بەتایبەت کەرکوک، هەروەک تێیدا هاتووە: «بەپێی یاسای دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتی، پێویستە حکومەت لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەرجەم راگوێزراوو هاوردەو دوورخراوەکان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیانو چارەسەری کێشەکانیان بکاتو بەشێوەیەکی دادگەرانە قەرەبوویان بکاتەوە.

هەروەک بەپێی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە رۆژی (٢٠٠٦/٨/٩) لیژنەی باڵای حکومیی بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، پێکهێنراو لیژنەکە تائێستاش لە کارەکانیان بەردەوامن، هەرچەند دەبوو قۆناغی ئاساییکردنەوە، کە چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریش دەگرێتەوە، لە (٢٠٠٧/٣/٢٩) کۆتایی پێ بهاتایە، بەڵام دوای (٣) ساڵ تائێستا لیژنەکە لە هەنگاوی یەکەمی کارەکانیدایە، هەروەها ئەنجومەنی پارێزگا بڕیارێکی دەرکردووە، کە تایبەتە بە گەڕانەوەی زەوییەکانی کەرکوک بۆ خاوەنەکانیانو هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکانی ئەو پارێزگایە، جگەوە لەوانەش، نەتەوەیەکگرتووەکان تیمێکی پسپۆڕی رەوانەی کەرکوک کرد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی‌و پرۆژەیەکیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ئامادەکردووە.

ئازاد جەباری، پێیوایە؛ سەرکردایەتیی کورد بەتایبەتی نوێنەرانی کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە قسە زیاتر شتێکی ئەوتۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە نەکردووە.

وتیشی: «پێویستە لەوە زیاتر کورد چاوەڕێی بەغدا نەبێت بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، بەڵکو خۆی هەستێت بەو کارە.

بە پێویستیشی دەزانێت: بۆئەوەی کورد ببێتەوە خاوەنی زەوی‌و ئاوی لە کەرکوک، پێویستە هەموو بڕیارەکانی (مجلس القيادة الثورة) هەڵبووەشێنرێتەوە.

# بەغدا گۆڕانکاریی لە چەند پۆستێکی ئیدارەی کەرکوکدا دەکات

رۆژنامە

بەرپرسانی حکومەتی عێراق بەبێ گەڕانەوە بۆ ئیدارەی کەرکوک چەند گۆڕانکارییەکان لە پۆستە ئیدارییەکانی کەرکوکدا کردووەو ئەوەش نارەزایی ئیدارەی شارەکەی لێکەوتووەتەوە.

لەماوەی رابردوودا بە بڕیاری بەرپرسانی وەزیری حکومەتی عێراق هەریەک لە (بەڕێوەبەری ئاوەڕۆ، کارەبا، کۆمپانیای نەوتی باکوور، بەڕێوەبەری دوو بانک، راگری دوو کۆلێژ) لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوەو عەرەبو تورکمان خراوەتەوە شوێنەکانیان.

بە بڕوای چاودێرانو بەرپرسانی ئیداریی کەرکوک گۆڕانکاریی لە پۆستە ئیدارییەکانی کەرکوک لەلایەن وەزارەتەکانی حکومەتی عێراقەوە دەستوەردانە لە کاروباری ئیداریی‌و رێزنەگرتنە لە ئیدارەی شارەکە.

نەسرین خالید، جێگری سەرۆکی لیژنەی دامەزراندن لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: ماوەیەکە وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق دەستیکردووە بە گۆڕانکاریی لە پۆستە ئیدارییەکانی کەرکوکدا بەبێ ئەوەی پرس بە ئیدارەی کەرکوک بکرێت، کە دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستوەردانە لە کاروباری ئیداریی‌و سڕینەوەی سەڵاحیەتی ئەنجومەنی پارێزگایە، بەغداش مەبەستی هەیە لە لابردنی بەرپرسە کوردەکانو دانانی عەرەبو تورکمان لە جێگەیان.

دواترین گۆڕانکاریی لە کەرکوک دانانی (حەمید ساعدی)، کە عەرەبێکی هاوردەیە بە بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکوور، ئەوەش نیگەرانییەکی زۆری ئیدارەی کەرکوکی لێکەوتەوەو ئەوەبوو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە پێکهێنا.

نەسرین خالید وتیشی: «ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێش ئێستا درکمان بەو هەنگاوەی بەغدا کردووەو چەندجارێک هەوڵمانداوە بۆ راگرتنی ئەو کارانە، لەدوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنیشدا بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک پێکهێنراو بڕیارە لیژنەکە سەردانی بەغدا بکاتو ئەنجومەنی پارێزگاش نووسراو ئاراستەی حکومەت دەکات.



# (١٠٠) هەزار کەرکوکیی لە بودجە بێبەشدەکرێن

رۆژنامە

دوای ئەوەی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق بودجەی ساڵی (٢٠١٠ی پارێزگای کەرکوکی بە (١١٥) ملیار دینار خەملاند، بەرپرسانی ئیداریی کەرکوک رەخنە لەو بڕیارە دەگرنو ئەو رێژەیە بۆ پارێزگاکەیان رەتدەکەنەوە.

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق، کە هەفتەی رابردوو ئاراستەی ئیدارەی کەرکوکی کردووە لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان، بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی کەرکوکی دەستنیشانکردووە، کە بڕەکەی (١١٥) ملیار دینارە.

ئیبراهیم خەلیل، سەرۆکی لیژنەی ئابووریی‌و دارایی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: بە بەراورد بە بودجەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بودجەی ئەمساڵی پارێزگای کەرکوک کەمە، چونکە بەپێی سەرژمێریی دانیشتووانی کەرکوک نزیکەی سەدهەزار خێزانی کەرکوک لەکاتی دانانی بودجەی کەرکوکدا حسابیان بۆ نەکراوە. وتیشی: «بودجەی ساڵی رابردووی کەرکوک بۆ پرۆژەکانی ساڵی (٢٠٠٨) تەرخانکراو بەوپێیەش ساڵی (٢٠٠٩) کەرکوک بێبەشبوو لە پرۆژەی خزمەتگوزاریی، ئەمساڵیش ناتوانین پرۆژەی زۆر لە کەرکوک ئەنجامبدەین، ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک نارەزاییمان لەبەرامبەر ئەو بڕیارە دەربڕی».

هەروەک عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک، ئەوەی خستەڕوو، دوای ئەوەی بودجەی تەرخانکراوی پارێزگای کەرکوکمان بەدەستگەیشت، نووسراوێکی نارەزاییمان بۆ وەزارەتی پلاندانان نارد، چونکە ئەو بڕە بودجە تەرخانکراوە رێژەیەکی زۆر کەمەو بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پێداویستییەکانی پارێزگاکەدا ناگونجێت.

بە وتەی بەرپرسانی کەرکوک لە ساڵانی رابردوودا حکومەتی عێراق لە هەموو روویەکەوە کەرکوکی پشتگوێخستووەو بەتایبەت لە مەسەلەی بودجەدا لە دوای پارێزگاکانی دیکەوە هاتووە، لەکاتێکدا لە رووی ژمارەی دانیشتووانەوە بە پێنجەم پارێزگای عێراق دەژمێردرێت، بودجەی ساڵی (٢٠٠٨)ی کەرکوک ( ١٧٢) ملیار دیناربوو، بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) بریتیبوو لە (١١٧) ملیار دینار.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە؛ ئەو بودجەیەی بۆ کەرکوک دانراوە هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە، لەکاتێکدا تەنیا پێوەر بۆ دیاریکردنی بودجەی پارێزگاکان بریتییە لە رێژەی دانیشتووان، بەڵام ئەو رێژەیەی بۆ کەرکوک دانراوە لەگەڵ رێژەی دانیشتوواندا یەکناگرێتەوەو کەمە.

ئەوەشی خستەڕوو، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک داوایکردووە پاشماوەی بودجەی ساڵی (٢٠٠٨و ٢٠٠٩) بگەڕێنرێتەوە، کە بڕەکەی (١٢٣) ملیار دینارە.

بەپێی مادەی (٣) لە پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بریتییە لە (٢) تریلیۆنو (٦٥٤) ملیار دینار.

# کورد دەیان پۆستی سیادیو ئیداریی هەیە لە بەغدا

# سەرکردایەتیی کورد ناتوانێت رۆڵی نوێنەرەکانی هەڵبسەنگێنێت



**«کورد بە بیانووی نەتەوایەتیو ئەوەی کە دەزگای سەربەخۆمان هەبێت وەختە پاشەکشە لە دەزگا فیدراڵییەکان بکات»**

راپۆرتی رۆژنامە

هەرچەندە کورد دەیان پۆستی سیادیو ئیداریی لە حکومەتی عێراق وەرگرتووە، کە پێناچێت لەدوای هەڵبژاردنی داهاتوو کورد بەشێکی ئەو پۆستە هەستیارانە وەربگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە وتەی پەرلەمانتاران وسیاسەتمەداران و چاودێرانی سیاسیی ناتوانرێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە «تا چەند ئەو نوێنەرانەی کورد توانیویانە رۆڵیان هەبێت لەو پرسە چارەنووسسازانەی پەیوەستن بە هەرێمی کوردستانەوە؟».

## کورد لە بەغدا

کـــورد پۆستی ســـەرۆک کـۆمـارو ئەنجومەنی وەزیرانی لەبەغداش پۆستێکی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەیە، ئەمە جگە لە (٧) وەزیر، لەناویاندا وەزارەتی دەرەوە، کە یەکێکە لە پۆستە سیادییە هەستیارەکانو (١٢) بریکاری وەزیر لەگەڵ (٥٧) پەرلەمانتار لە پەرلەمانی عێراقو جێگری سەرۆکی پارلەمان کە دەکاتە (٥/١)ی سەرجەم رێژەی کورسییەکانی پەرلەمان کە (٢٧٥) کورسییە، هـــەروەک پۆستی ســـەرۆکو جێگری سەرۆکی دەیان دەزگاو دەستەی فیدراڵی لە بەغدا وەرگرتووە، وەک ئەندامێتی لەدەستەی نـــەزاهـــە، تـــۆڕی راگەیاندنی عێراقیو ئەندامێتی دادگـــای فیدراڵیو سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکو بەڕێوەبەری گشتییو ئەندام لە دەستەکانی (تـــۆڕی راگەیاندنی عێراقی، زیندانیە سیاسییەکان، چاودێری دارایی، دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی، مافی مرۆڤـو چەندین دەستەی دیکە).

## رۆڵی نوێنەرانی کورد لە بەغدا

پەرلەمانتاران نەیانتوانی رۆڵـــی نوێنەرانی کـــورد لە بەغدا لەو مەسەلە چارەنووسسازانەی تایبەتن بە کورد دیاری بکەن، رەئوف عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، بۆ رۆژنامە بە راشکاوانە ئەوەی خستەڕوو، کە ناتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ تواناو رۆڵی نوێنەرانی کورد لە حکومەتو پەرلەمانی بەغدا بکرێت، چونکە داتایەک لەبەر دەستدا نییەو کوردیش وەک پێویست نەیتوانیوە سوود لەو پۆستانە وەربگرێت کە پێی دراوەو چاودێریی کارەکان بکات کە چۆن بەڕێوەدەچن.

بەهۆی ئـــەوەی کە ناتوانرێت رۆڵی نوێنەرانی کورد لە بەغدا هەڵبسەنگێنرێت، کە چەندین ساڵە کـــاردەکـــەن، پێویستە بیر لە پێکهێنانی دەستەیەکی تایبەت بە هەڵسەنگاندن بکرێتەوە، کە ئەوەش وەک د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، رایگەیاند: پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، پەرلەمان، حیزبو لایەنە سیاسییەکان هەریەک لەلایەن خۆیەوە هەڵسەنگاندنێکیان هەبێت بۆ نوێنەرەکانیان.

## کورد باوەڕی بە هەڵسەنگاندن نییە

ئـــازاد چـــاک، پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی لە پەرلەمانی عێراق، ئەوەی خستەڕوو، کە یەکێک لەو کەموکووڕیانەی کورد هەیەتی لە بەغداو لە هەرێمیش، ئەوەیە کە کورد باوەڕی بە هەڵسەنگاندن نییەو نایکات. دوای (٤) ساڵ کارکردن «رۆژێـــــک نەمانبینی لـــە یـــەکـێـک لە کۆبوونەوەکاندا هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەداو رۆڵی پەرلەمانتارەکان بکرێتو بە یەکێکیان نەوت بۆ لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریی ناکەیتو بۆچوونت نییە، بـۆئـەوەی ئەویش پاساوەکانی خۆی بخاتەڕوو، کە کەموکووڕییەکە چییە ئایا هۆکارەکەی ئـــەوەیـــە عـــەرەبـــی نـــازانـــن، عەقڵیان بە سیاسەت ناشکێو غەدریان لێکراوەو پەراوێزخراون».

## کورد پاشەکشە لە دەزگا فیدرالییەکان دەکات

لەبری گرنگیدان بەو پۆستانەی کورد وەریگرتوون لە بەغدا، هەوڵدەدرێت دەستەی هاوشێوەی ئەو دەزگا فیدراڵیانەی عێراق لە کوردستان دابمەزرێنرێن، کە وەک عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان وتی: «کورد بە بیانووی نەتەوایەتیو ئەوەی کە دەزگای سەربەخۆمان هەبێت وەختە پاشەکشە لە دەزگا فیدراڵییەکان بکات». لە بەرامبەریشدا د.نوری تاڵەبانی وەک چاودێرێکی سیاسیی لەو بڕوایەدا بوو ئەگەر دەستەی هاوشێوەی ئەوانەی بەغداش لە کوردستان پێکبهێنرێت پێویستە هەماهەنگیی بکەنو پێکەوە کاربکەن.

ئـــەو چـــاودێـــرە سیاسییە نموونەی پێکهێنانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی لە کوردستان هێنایەوە، کە پێویستە بە هەماهەنگیی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کاربکات، چونکە ئەگەر سەربەخۆ کاربکات، ئـــەوا دانی پێدانانرێت، ئەمە جگە لەوەی کە پێکهێنانی ئەو دەستە هاوشێوانە پێویستە بکەوێتە دوای پەسەندکردنی دەستووری هەرێم، کە ئەو مافەی بە هەرێمی کوردستان داوە.

## سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەرپرسە

مەحمود عوسمان، ئەندامی کوردی پەرلەمانی عـــێـــراق باسی لـــەوەکـــرد، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەرپرسە لە نەبوونی هەڵسەنگاندنێک بۆ نوێنەرانی کورد لە بەغدا.

مەحمود عوسمان لە لێدوانەکەیدا بۆ رۆژنامە ئەوەشی خستەڕوو، کە نەک هەڵسەنگاندن، بەڵکو تائێستا لە بەغدا نوێنەرانی کورد هەر لە سەرۆکایەتیی کـــۆمـــارەوە بـــۆ وەزیـــرو جێگرەکانو پەرلەمانتارانیش نەتوانراوە کۆبوونەوەیەک بکرێتو هاوڕابن وەک کوتلە لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی کـــورد، ئەمەش هەر سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لێی بەرپرسە.

هاوکات د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە؛ پێویستبوو هەر سەرکردایەتییەک هەڵسەنگاندنیان هەبێت بۆ ئەوانەی لە بەغداو تەنانەت ئەوانەی لە کوردستانیش کاردەکەن،

وتیشی «هەرکاتێک زانـــرا کەسێک کەمتەرخەمەو ناتوانێت کاربکات، پێویستە بـــەو هەڵسەنگاندنە ئـــەدای کەسەکان دیاریبکرێتو ئەوانەی توانایان نییە لە پۆستەکانیان لابدرێن».

## کورد نوێنەرانی لە بەغدا پشتگوێخستووە

عەدنان عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی کـــوردســـتـــان، رەخـــنـــەی ئـــــەوەی لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد هەبوو، کە نوێنەرەکانی لە بەغدا پشتگوێخستووەو لێیان ناپرسێتەوەو هەڵسەنگاندن نییە بۆ کارەکانیان، ئەگەر باش ئیشیان کردبێت کەس پێیان ناڵێت دەستان خۆش، ئەگەر خراپیش کاربکەن کەس ناڵێت بۆ واتان کرد.

## هەڵسەنگاندنی توانا یان ئینتیمای حیزبیی

پێویستە لانیکەم بۆ پەرلەمانی عێراق سەرکردایەتی کورد لێکۆڵینەوەیەکیان لەبەردەست بێت بـۆ هەڵسەنگاندنی ئەندامەکانی خـۆیـان تـا بـزانـرێـت لە خـولـی داهـــاتـــوودا چـــۆن کەسەکان دەستنیشاندەکرێن. بـــەڵام ئـــازاد چاک ئاماژەی بەوەکرد؛ گرنگی بە هەڵسەنگاندنی ئەندامان نەدراوە، چونکە دانانی نوێنەرانی کورد لە عێراقو پەرلەمانتاران لەسەر بنەمای رازیکردنی کەسوکاری شەهیدانو بەرپرسانی سیاسیی حیزبەکانە، لە کـــوردســـتـــان لـــە بـــری هەڵسەنگاندنی راستەقینەی تواناو لێهاتوویی کەسەکان، کە پەرلەمانتار یان نوێنەری کوردن لە عێراق، هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە هەیە کە فلان شەهیدی زۆر داوە یان خزمی فلان بەرپرسە یان حیزب دەیەوێت ئەو دابنرێت بۆ ئەوەی دڵی رازیی بکات، یان لەسەر بنەمای ئینتیما بۆ کەسی یەکەمی حیزب یان ئەندامێکی باڵای ئەو حیزبە، پێوەرێک نییە بۆ هەڵسەنگاندن، بۆیە بوونی لیژنەیەکی بێلایەنو پسۆڕ لە بواری یاساو بوارەکانی دیکە تایبەت بە هەڵسەنگاندنی رۆڵی نوێنەرانی کورد لە بەغدا زۆر گرنگە.

## کۆمیتەو لق بڕیار لەسەر دانانی پەرلەمانتاران دەدەن

بە بۆچوونی د.مەحمود عوسمان دەبـــوو سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە چەند ساڵی رابردوودا نوێنەرەکانیان هەڵبسەنگێنن، کە پێناچێت گرنگی بەولایەنە درابێت ، چونکە ئەگەر بکردایە دەیانزانی کێ کاردەکاتو نەدەهاتن بۆ دیاریکردنی پەرلەمانتارانی خولی داهاتوو لەگەڵ کۆمیتەو لقو ناوچە کۆببنەوەو پەرلەمانتاران دەستنیشان بکەنو ناوچە بڕیار بدات کێ باشە بۆ بەغدا دابنرێت، دەهاتن سوود لەو پەرلەمانتارە چالاکانە وەردەگـــیـــرا کە (٤) ساڵە کـــاردەکـــەنو داکۆکی لە مافەکانی کـــورد دەکـــەن، تا لەبەر رۆشنایی ئەزموونی چەند ساڵەیان ئەو مەرجانە بخەنەڕوو کە پێویستە لە نوێنەرانی کوردا هەبن لە بەغدا.

«نـــەبـــوونـــی ئـــەو لێپرسینەوەو هەڵسەنگاندنە بۆ ئەو کەسانەی نوێنەری کـــوردن لە بەغدا گەورەترین ناحەقیە بەرامبەر بە چارەنووسی کوردو مەسەلە چارەنووسسازەکانی لە بەغدا دەکرێت».

## پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسیو دەستوورییە

لە مادەی یەکەمی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پەرلەمانی کوردستاندا هـــاتـــووە: (ئـەنـجـومـەنـی نیشتمانیی کـــوردســـتـــان- عـــێـــراق تاکە مەرجەعی سیاسیو دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانو دیاریکردنی پەیوەندیی دەستووریی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵیداو دەبێت نوێنەرانی گەلی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقدا لە کاتی خستنەڕووی هەر حوکمو مادەیەک کە پەیوەندیی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندیی گەلی کوردستانەوە هەبێت، لەکاتی دارشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بگەڕێنەوە سەر پرسو رای پەرلەمانی کوردستان).

## کورد لە بەغدا، پەرلەمانی کوردستان بە مەرجەع نازانن

نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە پەرلەمانو حکومەتیش، لـــە هیچ مەسەلەیەکی چارەنووسساز بە هەرێمی کوردستانەوە نەگەڕاونەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، عەدنان عوسمان، لەوبارەیەوە: «هیچ بەرپرسێکی کورد لە بەغدا پەرلەمانی کوردستان بە مەرجەعی خۆی نازانێتو ئـــەو دووجـــــارەش کـــە بـــۆ مەسەلەی کەرکوکو یاسای هەڵبژاردن نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان خۆیان، چوونە بەغداو بەشداریی دانیشتنەکەیان کرد، ئەگەرنا پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا نە داوایـــان کـــردو نە گەڕاونەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان».

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان هۆکاری داننەنانی نوێنەرانی کورد بە پەرلەمانی کوردستان وەک مەرجەعێک، گەڕاندەوە بۆئەوەی کە پێشتر جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری عـــێـــراق، پێی راگەیاندوون کە «خۆم بەرپرسی دۆسیەی کوردم لە بەغدا» هەربۆیە هیچ کەسو لایەنێک ناوێرن بگەڕێنەوە بۆ هەرێم لەو پرسە چارەنووسسازانەی پەیوەستن بە کوردەوەو تەداخول لە ئیشەکاندا بکەن.

# ئێران، بەشێکی عێراق داگیردەکات




ڕاپۆرتی، شالاو فەتاح

دەستبەسەراگرتنی بیرەنەوتی فەککە لەلایەن ئێرانییەکانەوە لە (١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی پێشوو)دا دوو کێشەی گەورەی خولقاند، یەکەم، زیندووکردنەوەی کێشەی سنووری نێوان ئەو دوو کیانە جوگرافییە (ئێران- عێراق) کە لەپێش ناونانی هەر یەکێکیانەوە بوونی هەبووە، دووەم، زیادبوونی نفوزی ئێران‌و مەترسیی دروستکردن لەسەر عێراق، ئەمەش دوای ئەوەی ئێران ترسی هەیە لەوەی عێراق لە بازاڕی نەوتی نێودەوڵەتیدا جێ بە سعودیەو ئێران لێژ بکات.

بەڕای چاودێران ئەمە خەونێکی دێرینەی ئێرانە بۆ داگیرکردنی عێراق‌و لەچەندین قۆناغی مێژوویشدا بە ئاشکرا دەرکەوتووە.

## نەوت، وەک کێشەی سەرەکی

روون نییە، کە بۆچی لەم کاتەدا تاران ئەو هەنگاوەی نا، بەڵام پێدەچێت پەیوەندیی بەو گرێبەستە بیست ساڵییەی بەغداوە هەبێت لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش لەکاتێکدا کە تاران دەیەوێت زاڵیی خۆی بەسەر ئەم ناوچانەدا دووبارە بچەسپێنێت.

حکومەتی عێراق داوای لەو کۆمپانیا بیانییانە کردووە، کە بەرهەمی نەوتی چوار ئەوەندە بکات لەماوەی شەش ساڵدا، ئەمەش دەبێتە هۆی هەژاندنی ئۆپیک‌و وڵاتە سەرەکییەکانی ناردنە دەرەوەی نەوت، وەک سعودیەی عەرەبی‌و ئێران.

لەکاتێکدا مەترسیی ئەوە هەیە، کە عێراق بەهۆی دۆزینەوەی چاڵە نەوتییە نوێیەکانەوە جێگە بە سعودیە لێژ بکات لە بوونە یەکەمین وڵاتی خاوەن نەوتی خاودا، بەڵام ئەگەر ئێران دەستبگرێت بەسەر نەوتی باشووری عێراقی شیعەنشیندا، ئەوا لە جیاتی عێراق، ئێران جێگە بە سعودیەو رکابەرە سوننییەکانی لە خاوەنداریێتی نەوتی خاودا لێژدەکات.

## مێژووی هەوڵەکانی ئێران بۆ داگیرکردنی عێراق

دەستبەسەراگرتنی عێراق لەلایەن ئێرانەوە تەنیا خەونێک نییە، بەڵکو لەمێژووی ئێراندا ئەم رووداوە چەندینجار روویداوەو ئێرانییەکان دەستیان بەسەر ئەو وڵاتەدا گرتووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هەوڵە رەسمییەکانی ئێرانە بۆ دەستبەسەراگرتنی عێراق.

ئەمیر تاهیری، پسپۆڕی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە حەفتاکانەوە ئێرانی جێهێشتووە دەڵێت: ئێرانییەکان هێشتا دان بە عێراقدا نانێن وەک وڵاتێکی خاوەن سەروەریی، ئەو دەڵێت: «بۆ ئێران – عێراق یاخود «وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە، (بلاد مابین النهرین)، یاخود وڵاتی مەزارگە پیرۆزەکانە، ئەمەش بەهۆی شارە پیرۆزەکانی وەک کەربەلاو نەجەفەوە، کە لە هەر شوێنێکی ئێران پیرۆزترن بۆ شیعە، داگیرکردنی عێراق بووەتە خولیای نوخبەی ئێرانیی لەدوای وەدەرنانی سەفەوییەکان لە ساڵی (١٧٩٧) لەلایەن عوسمانییەکانەوە»، دواتر ئەو پسپۆڕە باس لە هەوڵەکانی دواتری ئێران دەکات بۆ دەستبەسەراگرتنی هەندێک شاری شیعەی عێراق‌و دەڵێت: لە«پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی‌و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، مەلاکانی شیعە ویستیان شای قاجار رازیبکەن بۆ زیادکردنی شارە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق بۆ سەر وڵاتەکەیان».

دواتر ئەم هەوڵانە بەردەوامبوون، «لە ساڵی (١٩٥٠)دا هەوڵی یەکخستنی هەردوو وڵاتەکە لەڕێگەی پەیوەندیی زەواجی شایانەوە درا، ئەمەش لەڕێی مارەبڕینی شاهنازی کچی پاشای ئێران بۆ مەلیک فەیسەڵی پاشای عێراق، بەڵام ئەم هەوڵەش شکستی خوارد». داگیرکردنی عێراقیش لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی (٢٠٠٣)دا بۆ کۆماری ئیسلامیی هەڕەشەو هەلیش بوو، هەڕەشەکەش ئەوەیە، کە: «عێراق تاکە وڵاتە زۆرینەی شیعەبێت‌و لەژێر نفوزی ئێرانیشدا نەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی پێشکەشکردنی مۆدێلێکی دیموکراسیی رکابەری خومەینیزم».

هەلەکەش ئەوەبوو، کە: «ئێران بۆشایی دەسەڵات کە بەهۆی رووخانی رژێمی عێراقییەوە دروستبووە پڕبکاتەوەو خەونی کۆنترۆڵکردنی عێراق بێنێتەدی».

پلانی کشانەوەی ئەمریکاش لە عێراق هەلی داگیرکردنەکە زیاتر دەکات، وەک ئەمیر دەڵێت: ئیدارەی ئەمریکا دەرگیری عێراق نییە، وەک ئیدارەی ترومان لە ساڵی (١٩٤٨)دا دەرگیری دۆخی ئەڵمانیای خۆرئاوا بوو، هەربۆیە هەلی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە هەیە لەلایەن ئێرانەوە.

## ناسیۆنالیستەکان‌و پرۆئێرانییەکانی عێراق

کێشەی نێوان عێراق‌و ئێران لەسەر سامانێکی نەوتی نائەکتیڤ بووە هۆی بەرزکردنەوەی دەنگی ناسیۆنالیستەکانی عێراق‌و ترسی زیادبوونی نفوزی ئێرانی لە بەغدا زیادکردووە، کێشەکەش لەوکاتەوە دەستیپێکرد، کە یانزە سوپای ئێرانیی دەستیان بەسەر بیرەنەوتی نائەکتیڤی فەککە لە پارێزگای میسانی عێراقدا گرت، کە نزیکی سنووری هاوبەشی ئێران عێراقەو نزیکەی (٢٥٠)کم لە بەغداوە دوورە، ئەم رووداوەش دوو بابەتی لای عێراقییەکان زیندووکردەوە، (سەروەریی‌و نەوت).

بەرپرسیارانی ئێران‌و عێراق هەفتەی پێشوو دەستیان بە گفتوگۆ کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام لە عێراق کێشەکە گۆڕاو بووە پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەو پارت‌و کاندیدانەی، کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئازاری (٢٠١٠) هەڵدەبژێرن.

لەکاتی داگیرکردنی ساڵی (٢٠٠٣)ی عێراقەوە، نفوزی شیعەی ئێرانی لە عێراقدا زیادیکردووە، ئەمەش دوای ئەوەی پارەو چەک‌و موخابەراتی ئێرانی سنووری عێراقیان دەبڕی‌و نە عێراقییەکان‌و نە ئەمریکاش نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات، زۆرێک لە عێراقییەکان ترسی ئەوەیان هەیە، کە لە غیابی ئەمریکادا وڵاتەکەیان دەبێتە عەمیلی دیفاکتۆی ئێران.

عەواز عەبیدیان کاندیدی پەرلەمانی عێراق وتی: «دەمانەوێت ئەو کێشەیە بەئاشتییانە چارەسەر بکەین، لەبەرئەوە چەک هەڵناگرین تەنانەت رێگە پێدراویش بین، بەڵام دەتوانین بانگی ملیۆنان عێراقی بکەین، لە ئەنبارەوە بۆ بەسرە، بۆ بەرگریکردن دژی داگیرکاریی ئێرانی، کێشە نییە نرخەکەی چەندە، ئێمە بیرەنەوتەکانمان دەپارێزین».

یەکێکی دیکە لە سەرکردە شیعییەکانی عێراق ئەو هەڵمەتەی ئێرانییەکانی بە سوکایەتیپێکردنی خوێنی ئەو شەهیدانەی کە لەدژی داگیرکاریی ئێرانی جەنگاون، دانا، سەرکردە سوننییەکان ئەو «وەڵامە لاواز»ەی ئاسایشی عێراقییان تاوانبارکرد، چونکە هەڵمەتەکە هیچ بەرگریکارییەکی نەبووە، ئەمەش تێکشکانە لە بەرامبەر نفوزی ئێراندا. لەمبارەیەوە ساڵح موتڵەگی سیاسەتمەداری سوننی وتی: «زیاد لەجارێک ئاگادارمان کردوونەتەوە، کە دەستتێوەردانێکی فراوانی ئێرانی هەیە لە کاروباری عێراقدا، بەڵام بەرپرسیارانی عێراقی ئەم کێشەیە پشتگوێدەخەن، چونکە بەڵگەیان نییە، ئایا ئیدی بەڵگەیەکی دیکەمان پێویستە زیاتر لەوەی ئەمڕۆ دەیبینین؟».

لە بەرامبەردا سیاسەتوانەکانی شیعە نەرمتر هەڵوێست وەردەگرن، بەتایبەت ئەوانەی کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە، عەمار ئەلحەکیمی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی لەعێراق داوای هێورکردنەوەی بارودۆخەکەی کرد، سەدرییەکانیش بە سەرۆکایەتی موقتەدا، هەرچەندە ئێرانییەکانیان لەو کێشەیەدا بە «هەڵە» ناوبرد، بەڵام دووپاتیان کردەوە، کە کێشەکە کراوەتە بانگەشەی هەڵبژاردن.

هەندێک عێراقیی دەڵێن؛ کە ئەمریکییەکان ئەو بیرەنەوتییەیان وەک «دیاری»ییەک بەخشیوەتە ئێران‌و هەندێکی دیکە پێیانوایە؛ حکومەتی عێراق لەژێر کاریگەریی تاراندا ئەو کارەی کردووەو بیرەنەوتەکەی داوە بە ئێران. مۆتیڤەکان هەرچییەک بن، ئەو کێشەیە دوورنییە ببێتە یەکێکی دیکە لە کێشە چارەسەرنەبووەکانی عێراق، هەرچەندە عەلی دەباغی وتەبێژی رەسمیی حکومەتی عێراق رایگەیاند: «ئەمە کێشە یان ململانێ نییە، ئێمە تەواو دڵنیاین کە ئەوە خاکی خۆمانەو بەڵگەشمان هەیە».

بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی کێشەکانیشدا هەوڵی چارەسەرکردنیان لە هەردوولاوە هەیە، ئەمەش بە سەردانەکەی مەنوچەهر موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران‌و بەستنی سێ رێککەوتننامە بۆ چارەسەرکردنەکانی کێشەکان‌و سەردانی چاوەڕوانکراوی هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق دێت بۆ تاران لە شووباتی ئەمساڵدا.

**بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە سوود لە (یو.پی.ئای، واشنتۆن پۆست) وەرگیراوە**

# گاندی‌و سرووش، کامیان دەبنە باوکی بزووتنەوەی سەوز

# مانیفێستۆی بزووتنەوەی سەوزی ئێران

ئا: رۆژنامە

پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامیی، رۆڵی پێشەنگیان لە ئێراندا وەرگرتووە، ئەمەش لەدوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی (٢٠١٠)ی ئێران‌و ئەمەش ترسی عەسکەرییبوونی ئێران زیاد دەکات. لە لێکۆڵینەوەیەکی دەزگای رەندا، ئامۆژگاریی سیاسەتوانانی ئەمریکا دەکرێت کە «بایەخێکی زۆر» بە لێدوانەکانیان بدەن لەبارەی ئێرانەوە، بۆئەوەی هەلی ئەوە نەداتە رێبەرانی ئێران تەرکیزی خەڵک لەسەر کێشە ناوخۆییەکان بگوازنەوە.

## زیادبوونی نفوزی پاسەوانانی شۆڕش‌و ترسی عەسکەرتاریی

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکەی تینک تانکی رەند، «لەماوەی دەیەی رابردوودا، پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامیی پێشەنگییان بەدەستهێناوە، بەهۆی زیادکردنی تەرکیزی دەسەڵاتی ئێرانی بۆ سەر ئاسایش»، دواترو هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەی ئێرانیش هەلی زیاتری دایە هێزەکانی ئاسایش، ئەمەش ترسی لەلای ریفۆرمیستەکان‌و تەنانەت ئەو کۆنزەرڤاتیڤانەش دروستکردووە کە لە دزەی عەسکەرتاریی بۆ دەسەڵاتی ئێران دەترسن. دواتر ئامۆژگاری سیاستمەدارانی ئەمریکا کراوە کە بە وردیی تێبینی ئەوە بکەن‌و بزانن دەسەڵاتی پاسەوانانی شۆڕش زیاد دەکات یان کەمدەکاتەوە.

## ئۆپۆزسیۆنی ئێران یەکدەگرن

بزووتنەوەی سەوزی ئێران هێشتا نەبووەتە دژە-شۆڕشێک، بەڵام رووداوەکانی ئەم دواییە پیشانیاندا کە بەو ئاڕاستەیەدا دەڕوات. حەوت مانگ دوای پرۆتێستکردنی هەڵبژاردنەکان، ئۆپۆزسیۆن مانیفێستۆی خۆی لە ئێراندا بڵاوکردەوەو تێیدا هاتووە کە دەیانەوێت رووی ئێران بگۆڕن. لەدوای هەینی حەفتەی پێشووەوە، سێ لێدوانی دیار دراوە دەربارەی ریفۆرم لە ئێران، یەکێکیان، لەلایەن میرحسێن موسەوی، سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، دووەمیان لەلایەن کۆمەڵێک رۆشنبیری ئێرانییەوە لە دەرەوەو سێیەمیشیان لەلایەن کۆمەڵێک پرۆفیسۆری زانکۆوە.

لێدوانەکان کۆمەڵێک مەرجیان بۆ ئاگربەست داناوە وەک، دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی ئێستاو ناساندنی سەربەستی‌و دیموکراسیی فراوان‌و بەدواداچوونی هێزەکانی ئاسایش، ئەوانەی کە بەشدارییان کرد لە کپکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران‌و کۆتاییهێنان بە دەوری حکومەت لە سوپاو زانکۆو دیندا.

ئەم لێدوانە یەکەم ئاماژەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانە بەوەی چی دەوێت‌و بەرچاوڕوونییەکیشە بۆ دنیای دەرەوە سەبارەت بەوەی کە ئێران چی بەسەردێت لە حاڵەتی دەسەڵات گرتنەدەستی ئۆپۆزسیۆندا. ئەمەش لە مانیفێستۆیەکی (١٠)خاڵیدا بەتەواوەتی روونده‌بێتەوە کە لەلایەن چەند پیاوێکی ئایینیی دەرەوەی وڵاتی ئێرانەوە ئامادەکراوەو داوای دەستلەکارکێشانەوەی دەستبەجێی مەحمود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆکی ئێران دەکەن کە هەڵبژاردنەوەی بووە هۆی توورەکردنی جەماوەرو تۆمەتبارکردنی بە ساختەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا. ئەم مانیفێستۆیە داوای نەهێشتنی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینیی دەکات بەسەر هەڵبژاردنەکانداو لەجێگەی کۆمیتەیەکی سەربەخۆی هەڵبژاردن دابنرێت کە کەسانی ئۆپۆزسیۆنیشی تێدابێت. ئەمە جگە لەوەی داوا دەکرێت، تەواوی گیراوە سیاسییەکان بەربدرێن بەتایبەت خوێندکارو ژن‌و کارمەندانی ئێن.جی.ئۆ. ئەوان داوای دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆ دەکەن کە سەرۆکی دادگا بە هەڵبژاردن دابنرێت، ئەمە جگە لەوەی داوا دەکرێت، سەربەستیی تەواو بدرێتە هەموو جۆرەکانی ماس کۆمۆنیکەیشن.

لەنێوان نووسەرانی مانیفێستۆی ئۆپۆزسیۆندا، چەندین کەسی ناسراو هەن، لەوانە فەیلەسوف، عەبدولکەریم سرووش، باوکی بزووتنەوەی سەوزو لەسەر وێبساتێکی ئۆپۆزسیۆن بڵاوکراوەیە، لەمبارەیەوە عەبدولکەریم سرووش وتی: «بزووتنەوەی سەوز تەنیا بە پرۆتێست‌و خۆپیشاندانەکانی بەناوبانگە، ئێستا کاتی ئەوەیە کە بە ئایدیاکانیشی بەناوبانگ بێت».

لەناو مانیفێستۆکەدا داواکراوە لە خەڵکی کە واقیعی بن‌و چاوەڕوانی زیادلە بزووتنەوەی سەوز نەکەن، لەمبارەیەوە سرووش دەڵێت: «هەندێک خەڵک چاوەڕواندەکەن کە بزووتنەوەی سەوز موعجیزە بخولقێنێت، داوای شتی نەکراو دەکەن، ئێمە دەڵێین کە ئەمە بزووتنەوەیەکی دیموکراتییەو ئەگەر باوکێکی هەبێت ئەوا گاندییە، ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە ناتوندوتیژیی‌و دیموکراتی سەنتەری ئەو گۆڕانەن کە بزووتنەوەی سەوز دەیەوێن».



**لە لۆس ئەنجلس تایمزەوە وەرگیراوە**

# زۆریی «غیابات»، پەرلەمانی عێراق ئیفلیج دەکات

راپۆرتی هەستیار قادر

ڕێژەی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران، پەرلەمانی عێراق ئیفلیج دەکات لەم هەفتەیەشەوە ناوی پەرلەمانتارە ئامادەنەبووەکان رادەگەیەنرێت، بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەش دووبارە کاندیدنەکردنەوەو بانگەشەی پێشوەختی هەڵبژاردنی پەرلەمانتارەکان هۆکاری سەرەکیی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتارانن لە دانیشتنەکاندا.

لەگەڵ ئەوەی هەدوو مانگی کانونی دووەمو شوبات وەک پشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دیاریکراوە ئەنجومەنی ناوبراو ناچاربوو ئەو پشووە بشکێنێت بۆ پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)، بەڵام لە دانیشتنی دوو هەفتەی رابردوودا نیسابی ڕێژەی پێویستی یاسایی دانیشتنەکان بەهۆی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتارەکانەوە تەواونەبوو کە وایکرد دانیشتنەکان داوابخرێتو هەردوو پرۆژەیاسای بودجەو ئاکاری هەڵبژاردن پەسەند نەکرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبێت هەردوو پرۆژەیاساکە بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٠١٠/٣/٧)دا پەسەند بکرێن.

مەحمود حەمەئەمین، ئەندامی لیژنەی ئەندامانو پەرەپێدانی پەرلەمانتاران لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێی وایە، هەندێک لە پەرلەمانتاران بە ئاراستەکردن لەلایەن لیستەکانیانەوە ئامادەی دانیشتنەکان نابن بەوپێیەی بە وتەی ناوبراو لیستی ئیئتلافو بەشێک لە سوننەکان لە دژی دەوڵەتی یاسا نایانەوێت بودجەی ساڵی (٢٠١٠) پەسەند بکرێت لەترسی ئەگەری بەکارهێنانی بودجە لەلایەن نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە، بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کە سەرۆکایەتی لیستی دەوڵەتی یاسا دەکات.

ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکاندا لە کاتێکدایە، کە بەپێی بڕیارێکی پەرلەمان هەر پەرلەمانتارێک ئامادەی دانیشتنەکانی رۆژێکی پەرلەمان نەبێت بڕی (٥٠٠) هەزار دینار لە مووچەکەی دەبڕدرێت، بەڵام مەحمود حەمەئەمین بۆ رۆژنامە ئاشکرایکرد؛ کە چەندین پەلەمانتار هەن ئامادەی هیچ دانیشتنێکی پەرلەمان نابنو پارەکەشیان لێنابڕدرێت، هاوکات بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە بەشێک لەو پەرلەمانتارانەی کە ئامادەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران نابن، ئەوانەن کە بۆ جارێکی دیکە لەلایەن لیستەکانیانەوە نەپاڵێوراونەتەوەو ئامادەنەبوونیشیان لەو دانیشتنانەدا وەک کارتێکی گوشارو نارەزایی لە دژی لیستەکانیان بەکاردەهێننو بەدیوێکی دیکەیشدا ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا بڕیاردەری پەرلەمانی عێراق باسی لەوە کرد، کە هەندێک لەو پەرلەمانتارانەی ئامادەی دانیشتنەکان نابن بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان پاڵێوراونو بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە بانگەشەو کارکردن بۆ هەڵبژاردن ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان نابنو وتیشی: «هەندێک لە پەرلەمانتاران فێری کەلتوورێکی دڵناخۆشکەر بوون، کە دێنە پەرلەمان بەڵام دواتر لە کافتریای پەرلەمان دادەنیشنو بەشداریی دانیشتنەکانی پەرلەمان ناکەن»

لە پاڵ کێشەی ڕێژەی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاراندا نەخۆشییەکی درێژخایەنی دیکە هەیە، کە هەر لەسەرەتای پێکهێنانی ئەم پەرلەمانەی عێراقەوە لە ساڵی (٢٠٠٥) وە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، کە ئەویش ئامادەنەبوونی بەردەوامی هەندێک لە پەرلەمانتارانە لە دانیشتنەکاندا، لەوبارەیەشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پەرلەمانی عێراقەوە بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە هەریەک لە ئەیاد عەلاویو غازی عەجیل یاوەرو ئەنوەر یاوەر تائێستا ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی عێراق نەبوونو مانگانەش پارەی خۆیان وەردەگرنو هەندێکی دیکەیش لە پەرلەمانتاران ڕێژەی ئامادەبوونیان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت، وەک ئیبراهیم جەعفەریو مەهدی حافزو فەلاح نەقیبو ئەیاد جەمالەدینو عەبدولعەزیز حەکیم (بەر لە مردنی) ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا؛ کە لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستانیشدا دیاردەیەکی لەوجۆرە بەدیکراوەو د.رۆژ نوری شاوەیش لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی پەرلەماندا تەنیا بۆ سوێند خواردن هاتووەتە بەردەم پەرلەمان تا ئەوکاتەی پەرلەمانتار مەحما خەلیل لە جێگەی دانرا.

بۆ ڕێگرتن لە ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا، بڕیارە پەرلەمانی عێراق ڕێوشوێنی راگەیاندنی توندتر بگرێتەبەرو لەوبارەیەشەوە محەمەد ئەبوبەکر بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەگەڵ ئەیاد سامەڕایی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەراندا دۆسییەی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتارانمان لە دانیشتەکاندا تاووتوێکردووەو بڕیارە لەم هەفتەیەوە ناوی پەرلەمانتارە ئامادەنەبووەکان بەشێوەی رۆژانەو لە (٢٠٠٩/٨/٩)وە، تائێستا لەسەر ماڵپەڕی ئەنجومەنی نوێنەران بڵاوبکرێتەوە تا لەڕێگەی راگەیاندنەکانەوە بکرێتە دۆسییەیەکو کاری لەسەر بکرێتو بێتە گوشار بۆ سەر لیستەکانیان»

ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە وتەی بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشتر بڕیاری بڕینی مووچەی پەرلەمانتارە ئامادەنەبووەکان وەک پێویست جێبە جێنەکراوەو وتیشی: «لە کێشەی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتارەکاندا لیستەکان بۆ یەکتری دەپۆشنو مۆڵەتەکانیان دەسڕنەوە»


پارلەمانتاران مینبەرەکانیان چۆڵدەکەن

# مشتومڕی ئەگەری کۆبوونەوەی پەرلەمانتارانو بەعسییەکان درێژەی هەیە

راپۆرتی، بەهادین یوسف

بێ ئاگاداری لیستی هاوپەیمانی کوردستانو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق فریاد رواندزی ئەندامی هاوپەیمانی لەگەڵ وەفدێکی چوارکەسی سەردانی دیمەشق دەکاتو لەبەرامبەریشدا ئەندامانی پەرلەمان داوا لە لیژنەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی دەکەن بە راپۆرتێک زانیاری تەواویان بدەنێ سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی سوریا، لەبەرامبەر ئەو هەواڵانەی کە باس لە کۆبوونەوەی ئەو لیژنەیە دەکەن لەگەڵو بەعسییەکاندا.

هەفتەی رابردوو وەفدێکی پێنج کەسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی سوریایان کردو بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، ئەو وەفدە لەگەڵ بەعسییەکان کۆبوونەتەوە بۆ رازیکردنیان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیی عێراقو چوونی وەفدەکە لەکاتی پشووی پەرلەماندا گومانی لای پەرلەمانتاران دروستکردووە، بەوپێیەی زۆرینەی کوتلەکان ئاگاداری ئەو سەردانەو کۆبوونەوەکانی وەفدەکە نین.

ئەمە لەکاتێکدایە، کە زەکیە ئیسماعیل حەقی، ئەندامی لیژنەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە بەغدا رایگەیاند: ئەندامانی لیژنەکەیان چوونەتە سوریا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردەکانی بەعس بۆئەوەی رازییان بکەن بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بکەنو هاوکات فەلاح شەنشەل سەرۆکی لیژنەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی کۆبوونەوەی ئەو وەفدەی پەرلەمانی لەسوریا لەگەڵ بەعسییەکان بە (تاوانی ئەخلاقی)و (دژایەتی دەستوور) دانا، ئەگەر ئەنجامیاندابێت.

سەبارەت بەسەردانی شاندەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش بۆ سوریا، فریاد رواندزی ئەندامی لیژنەکە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو وەفدە پێکهاتبوو لە نوێنەری لیژنەکانی مافی مرۆڤو لیژنەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی سەر پەرلەمانی عێراقو دەستەی باڵای گشتیی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی عێراقو بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، وەک نوێنەری کوتلەکانمان یان حیزبەکانمان نەچووینەتە سوریاو سەردانەکە زۆر دیاریکراو بووە، ئامانجەکەیشی تەنیا کۆبوونەوە بوو لەگەڵ جالیەی عێراقی لەسوریا، تا بزانین ژمارەی عێراقییەکانی سوریا کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە تۆمارکراون چەندنو ئەوانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە چەندنو کێشەکانیان چییە».

وتیشی: «بەپێی نووسراوی ئیداریی سەرۆکایەتیی پەرلەمان ژمارە (٢٥٤٠) لە (٢٠٠٩/١٢/٣٠) وەفدەکە چووەتە سوریاو لەم سەردانەدا ئاگاداری وەزارەتی بەرگرییو سەفارەتی عێراقی کرا بوو، بۆ ئەو مەبەستە، سەردانەکە تەنیا جالیەی عێراقیمان بینیو لەگەڵ نزیکەی (٨٠) کەس کۆبوونەوەیەک کرا، نە لەگەڵ ئەندامانی بەعسو نە لەگەڵ حیزبی بەعس کۆنەبووینەتەوە لەگەڵ هیچ فەرمانبەر یان کارمەندێکی حکومەتی سوریاش کۆنەبووینەتەوە، نە بڕیاری سیاسیی پێشینە هەبووە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بەعسییەکان، چونکە کۆبوونەوە لەگەڵ بەعس کارێکی نادەستورییە».

سەبارەت بەو هەڵایەی لەسەر سەردانەکەیان کرا رواندوزی وتی: «ئەندامێکی لیژنەکە، کە ویساب شاکرە ئەو هەرایەی دروستکرد دوای ئەوەی لە دواساتەکاندا سەفەری ئەمریکای کرد رایگەیاندبوو؛ گوایە ئێمە لەگەڵ بەعسییەکان کۆبووینەتەوە».

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو لیژنەیەش (٢١٥٤٢٩) عێراقی لەسوریا لەلایەن کۆمسیۆنی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە تۆمارکراون.

هاوکات لە کۆبوونەوەی رۆژی یەکشەممەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا، سەرۆکی ئەنجومەن داوای لە لیژنەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی کرد راپۆرتێکیان پێشکەش بکات سەبارەت بەو سەردانەو کۆبوونەوەکانیان.

بە وتەی د.محەمەد ئەحمەد سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو بۆ رۆژنامە: «تائێستا روونەبووەتەوە ئەو وەفد لەگەڵ کێ کۆبوونەتەوە، ئەگەر دەرکەوت لەگەڵ بەعسییەکان کۆبوونەتەوە ئەوە کارێکی دژی دەستوورو دژی سیاسەتی سەرکردایەتی کوردەو دەبێت لێپێچینەوەو بەدواداچوونی بۆ بکرێت».


فریاد رواندزی

# پەرلەمانتارێک بە چەپڵە پێشوازیی لە سووکایەتیکردن بە کورد دەکات

راپۆرتی، رۆژنامە

پەرلەمانتارێکی سەر بە رەوتی سەدر لە ڤیستیڤاڵێکدا چەپڵە بۆ شاعیرێک دەکوتێت، کە سوکایەتی بەکورد دەکاتو لە بەرامبەر ئەمەدا، لیستی یەکگرتوو و ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیش داوای روونکردنەوە لە رەوتی سەدر دەکەنو بەپێویستی دەزانن ئەو پەرلەمانتارە داوای لێبوردن لە میللەتی کورد بکات، ئەگەرنا داوای لێسەندنەوەی حەسانەی لێدەکەن.

لە فیستیڤاڵێکی شیعریدا، کە هەفتەی رابردوو لە بەغدا بەڕێوەچوو شاعیرێکی عەرەبی بەناوی (سەمیر سەبیح) هۆنراوەیەکی بەناوی (ها کاکە حەمە) خوێندەوە، کە سوکایەتییەکی زۆری بەکورد کردوو ئاماژەی بەوە کرد؛ کورد ویژدانی نەماوەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا عەرەبو تورکمانەکان ئەو خاکە دزراوەیان (کەرکوک) لەکورد وەردەگرنەوە، وەک هاندانێکیش بۆ ئەو شاعیرە پەرلەمانتاری سەدر (فەوزی ئەکرەم تەرزی) بەچەپڵەرێزانەوە پێشوازی لەو شاعیرە کردووە.

لەکۆبوونەوەی رۆژی یەکشەممەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کوتلەی یەکگرتوو بەرەسمیی یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانو کوتلەی سەدری کرد بۆئەوەی هەڵوێستی خۆیان لەوبارەیەوە روونبکەنەوە، ئەو پەرلەمانتارەش داوای لێبوردن لە کورد بکات، هەروەک د.رەئوف عوسمان پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی لەبەیاننامەیەکدا نارەزایی خۆی نیشانداو داوای روونکردنەوەی هەڵوێستی لەکوتلەی سەدری کردو ئەوانیش بەڵێنیاندا بەزوترین کات وەڵام بدەنەوە.

لەوبارەیەوە د.محەمەد ئەحمەد سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو بەرۆژنامەی راگەیاند ئەو سوکایەتیکردنەمان پێ قبوڵ نییە بەرەسمیی داوامان لە کوتلەی سەدر کردووە، کە هەڵوێستی خۆی روونبکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بەدواداچوون دەکەین».

ئەو هۆنراوەیە، کە بەناوی (ها کاکە حەمە)وە بوو لە کەناڵی (بیلاد)ی سەر بەئیبراهیم جەعفەرییەوە بێ پچڕان پەخشکراو چەندین سوکایەتی بەکورد کردوو بە «ویژدان مردوو و رووقایم» ناوی دەبات، لەگەڵ چەندین تۆمەتو وتەی نابەجێ.

فەوزی ئەکرەم تەرزی پەرلەمانتاری سەر بە رەوتی سەدر دانیشتووی قەزای دووزی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدینەو یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی، کە بەدانیەمۆی دانانی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقو مادەی (٦)ی هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق دادەنرێتو بەردەوام دژایەتی داواکارییو خواستەکانی کورد دەکات لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقداو بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش کوتلەی سەدر لە پارێزگای هەولێر کاندیدی کردووە.


فەوزی ئەکرەم

# ــکومەت پشکی ئەو خەڵکەی بۆ کوێ بردووە؟



# لە سایەی بودجە زەبەلاحەکەی کوردستان، حـــ

فۆتۆ ستۆری: هیوا جەمال









## بەڵێنی دەیان پرۆژە بە هەڵەبجەییەکان دەدرێتەوە

# هەڵەبجە دەکرێتە بەهەشت؟

بەدواداچوونی،
شارا عەبدولڕەحمان

ماوەیەکە بەرپرسە حکومیی‌و حیزبییەکان، بەردەوام باس لە بەرەوپێشبردن‌و ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریی دەکەن کە لە هەڵەبجە ئەنجامیدەدەن بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەو گرنگیدان بە کەسوکاری قوربانییانی ئەو شارە شەهیدەو لەبیربردنەوەی هەرنەبێت کەمێک لەئازارەکانیان، بەڵام تائێستا سەرەداوی هیچکام لەو پرۆژانە دیارنییەو دانیشتووانی ئەو قەزایەش نازانن، ئایا کەی هەڵەبجە دەکرێتە بەهەشت.

### بۆ بەرچاوڕوونی

ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٧) د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح بە یاوەری وەفدێک لە وەزیرانی حکومەتی هەرێم، سەردانی شاری هەڵەبجەی کردو جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە کردەوە کە لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێمدا بەخەڵکی ئەو شارەیان دابوو، هەر لەسەردانەکەشیدا چەندین ڕاسپاردەو پێشنیاز بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەی شارەکە خرانە بەردەمی سەرۆکی حکومەت‌و شاندی یاوەری.

بەڵام دوای ئەوەی بەرپرسانی ئیداریی‌و کەسایەتی‌و نوێنەری شەهیدان‌و قوربانییانی ئەو شارە دووبارە لە بەڵێنەکانی حکومەت بێئومێدبوون، ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٤) سەردانی سەرۆکی حکومەتیان کردو بەئامادەبوونی چەند وەزیرێکی کابینەی شەشەم، دووبارە ڕاسپاردەو پێشنیازەکانیان خستەوە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

### بەڵێنە قەبەکانی سەرۆکی حکومەت‌و وەزیرەکانی

لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەنێوان بەرپرسانی ئیداریی‌و کەسایەتی‌و نوێنەری شەهیدان‌و قوربانییانی هەڵەبجەو سەرۆکی حکومەت‌و ژمارەیەک لە وەزیرەکانی کابینەکەیدا گرێدرا، د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح تەئکیدی کردەوە کە کار بۆ بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێوشوێنی یاسایی‌و دەستووریی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەگرێتەبەر.

هاوکات د.بەرهەم سووربوونی خۆی لەسەرکردنەوەی زانکۆ لە هەڵەبجە دەربڕی‌و بەوەفدی میوانی ڕاگەیاند، کە وەزارەتی خوێندنی باڵای ڕاسپاردووە ئامادەکاریی بۆ کردنەوەی زانکۆکە بڕەخسێنێت.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە کۆمەڵێک پرۆژەی دەستنیشانکردبوو کە بۆ شارەکەیان پێویست بوون، سەرۆکی حکومەتیش سەرجەم داواکارییەکانیانی خستە بەردەم وەزیرە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنیان.

### دەکرێتە شارێکی ڕاستەقینە

لەچوارچێوەی چەند پرۆژەیەکدا کە بڕیارە ئەنجامبدرێن، وەزیری شارەوانی‌و گەشتوگوزار ڕایگەیاند، بۆ ساڵی (٢٠١٠) چەند پرۆژەیەک بەبڕی (٢٢)ملیار دینار بۆ هەڵەبجە جێبەجێدەکەن.

هاوکات نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ئاوی بەشێک لە گەڕەکەکانی هەڵەبجەو گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەناوچەی هەڵەبجەو قیرتاوکردنی شەقامەکان‌و تەواوکردنی شۆستەکان لەساڵی (٢٠١٠)دا، بەشێک بوون لەو پرۆژانە.

### کشتوکاڵ دەبووژێتەوە

لەلایەکی دیکەوە وەزیری کشتوکاڵی کابینەی شەشەمی حکومەت، گرنگیدانی بە بواری کشتوکاڵی لە ناوچەی هەڵەبجەدا دووپاتکردەوەو ڕایگەیاند: وەزارەت ژمارەیەک خانووی پلاستیکی بۆ جوتیارانی ئەو ناوچەیە دابین دەکات‌و بەشێک لە جۆگەکانی ئاودێریش کۆنکرێت دەکرێن.

### ئاوەداندەکرێتەوە

لە بواری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوونیشدا، وەزیری ئاوەدانکردنەوە کە هاوکات لەگەڵ وەفدەکەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا لە هەڵەبجە بوو، وتی: «دیزاین‌و دەرخستەی بە دووسایدکردنی سەیدسادق-هەڵەبجە تەواوبووەو دەخرێتە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)وە، ئەمە جگە لە دروستکردنی ژمارەیەک خانوو، هاوکات بە بڕی (١٩)ملیار دینار هەندێک پرۆژە لەجێبەجێکردندان.

### پەروەردەو داد و ئابووریی

لەبارەی پەروەردەوخوێندنیشەوە، وەزیری پەروەردە بڕیاریدا سەرجەم داواکاری وەفدەکەی هەڵەبجە جێبەجێبکات‌و پێش کۆتایی ساڵیش وەزیری خوێندنی باڵا بە مەبەستی بەرنامەڕێژی کردنەوەی زانکۆی هەڵەبجە، سەردانی ئەو شارەی کرد.

هاوکات‌وەزارەتی‌داد‌و‌ئابوورییش بەکردنەوەی بەڕێوەبەرێتیی تاپۆو خەزێنە لەو شارەدا ڕاسپێردران.

### بریندارانی کیمیاباران، بێبەرامبەر چارەسەردەکرێن

هەر لەو کۆبوونەوەیەی ئەنجومەنی وەزیراندا لەگەڵ وەفدی هەڵەبجە، سەرۆکی حکومەت بڕیاریدا خەرجیی چارەسەری نەخۆشەکانی پاشماوەی کیمیاباران هەمووی بکرێت بەخۆڕایی‌و لەوبارەیەشەوە دەسەڵاتی تەواوی دا بە وەزیری تەندروستی‌و کاروباری شەهیدان.

### دووبارە پرۆژەکانی حکومەت‌و حیزب تێکەڵکران

لە کۆبوونەوەکەی وەفدی ئیداریی هەڵەبجە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمدا، د.بەرهەم وەزارەتی ڕۆشنبیریی بۆ دروستکردنی هۆڵی بۆنەکان لە هەڵەبجە ڕاسپارد، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەسەر بودجەی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی (ی. ن. ک) بڕیاردرا هۆڵی بۆنەکان لە گەڕەکی گریانەییەکان‌و کانییەقوڵکەو گوندی شەکراڵی دروستبکرێن.

هاوکات هەر لەسەر بودجەی ئەو، (٥)پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەسنووری هەڵەبجە جێبەجێدەکرێن، کە ئەوانیش (لێدانی (٣)بیری ئیرتیوازی‌و سیاجکردن‌و سەوزکردنی دوو یاریگای تۆپی پێ)ن.

### کەی ئەم بەڵێنانە جێبەجێدەکرێن؟

لەئێستادا هەڵەبجە خۆی لەنێوەندی ئەو هەموو بەڵێنە گەورەو قەبانەی دەسەڵاتدارانی حکومیی‌و حیزبیدا دەبینێتەوەو کەسوکاری قوربانییانی کیمیابارانیش دەپرسن، ئایا دەبێت کەی ئەم بەڵێنانە بچنە بواری جێبەجێکردنەوەو هەڵەبجە بکرێتە بەهەشت.

### هەڵەبجەی بێ قایمقام

فوئاد ساڵح ڕەزا، دوایین قایمقامی هەڵەبجە بوو کە لە (٢٠٠٩/٩/١) یاداشتی گرتنی بە تۆمەتی «تێوەگلانی بە گەندەڵیی‌و دیارنەمانی ملیۆنان دینار لە بودجەی وشکەساڵیی سنووری هەڵەبجە» لەلایەن دادگای شارەکەوە بۆ دەرچوو، لەو ڕۆژەشەوە ئەو قایمقامە بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتووەو تائێستا کەس نازانێت لەکوێیە.

لەئێستاشدا بڕیارە گۆران ئەدهەم کە لەسەر ئاینی کاکەییەکانەو سەرۆکی دەستەی داکۆکی لە قوربانییانی هەڵەبجەیە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بکرێتە قایمقامی شارەکە، بەڵام ئەو هەواڵە لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستای ئاینیی هەڵەبجەوە دژایەتی دەکرێت‌و بەیاننامەشیان بۆ ئەو مەبەستە دەرکردووە.

نارەزاییەکەی مامۆستایانی ئاینی لەبەر ڕۆشنایی بەڵێنێکی سەرۆکی حکومەتدا سەریهەڵداوە، کە لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ هەڵەبجە بەخەڵکی ناوچەکەی داو وتی «ئەمجارە خۆیان قایمقامی هەڵەبجە هەڵدەبژێرن‌و حیزب نایچەسپێنێت بەسەریاندا».

بەو هۆیەشەوە وتاربێژانی مزگەوتەکان‌و مامۆستایانی ئاینی پێیانوایە، دەبێت ئەو بەڵێنەی سەرۆکی حکومەت بێتە دی‌و ئەمجارە هەڵەبجە خۆی قایمقام هەڵبژێرێت، هەروەک لە دوایەمین چاوپێکەوتنیدا کە لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنەدا ئەنجامیدابوو، شێخ محەمەد شێخ خالید موفتی، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی شاری هەڵەبجە وتی «هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەو بڕیارەدا ناکۆکین، بەڵام ئەگەر بەڵێنەکەی سەرۆکی حکومەت جێبەجێکراو لە هەڵبژاردندا خەڵکی هەڵەبجە دەنگیاندا بە گۆران ئەدهەم، ئەوا ئێمە پیرۆزبایی لێدەکەین».


گەڕەکی شەهیدانی هەڵەبجە، هەموو زستانێکی شەهیدبوونێکە فۆتۆ: ئارام نەجیم

## بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان

هەموولایەکمان شاهیدی ئەوەین کە ڕژێمی بەعس گەورەترین تاوانی نامرۆڤانەی بەرامبەر بە شاری هەڵەبجە ئەنجامداو (٥) هەزار هاوڵاتیی بێگوناهی ئەم شارەی بە چەکی کیمیایی شەهیدکرد.

ئێستا شاری هەڵەبجە لە هەموو دنیادا ناسراوەو زۆربەی وڵاتانی جیهان بەهۆی ئەم شارەوە گەلی کورد دەناسن، شاری هەڵەبجە بووەتە سیمبولی خەبات‌و تێکۆشانی گەلەکەمان.

ئێستا هەوڵێکی زۆر لە ئارادایە بۆئەوەی ئەو تاوانە گەورەیە بەجینۆسایدی گەلێک بناسرێت لەسەر ئاستی جیهانی‌و مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی مۆنۆمێنتەکانی جیهان بۆ ئاشتیی، کە لەساڵی (١٩٩٢) دامەزراوە.

کەواتە حەقی خۆمانە کە شانازیی بە شاری هەڵەبجەوە بکەین‌و ڕێزو حورمەت‌و خۆشەویستیمان بۆ ئەو شارەو دانیشتووانەکەی هەبێت.

لێتان ناشارینەوە ئێمەی بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجە ڕەخنەو گلەیی زۆرمان هەیە، کە خزمەتگوزاریی پێویست بۆ شارەکەمان دابیننەکراوەو یارمەتی کەسوکاری شەهیدانیش وەکو پێویست نەدراوە، لەلایەکی دیکەشەوە گلەییمان لە بەرپرسانی شەهیدانی هەڵەبجە هەیە.

لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٩) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی شەهیدانی هەڵەبجەو شارەزوور بە ئۆتۆمبێلی هەمان بەڕێوەبەرێتییەوە دەچێت بۆ ڕاوکردن بۆ دەوروبەری گوندی ئەحمەد برنەی شارەزوور، لە سەعات هەشتی شەودا لەگەڵ پۆلیسی دارستان بەشەڕدێن‌و لە ئەنجامی تەقەکردندا پۆلیسێک بریندار دەکرێت، دوای ئەوە ناوبراو دەگیرێت‌و دەدرێتە دادگاو بۆ ماوەی (٨) ڕۆژ زیندانیی دەکرێت بە تۆمەتی ڕاوکردن‌و تەقەکردن‌و تەزویرکردنەوە، کە ئەمانە هەموو نایاسایی بوون.

ڕاوکردن‌و تەقەکردن قەدەغەیەو ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەشی تەزویرکردبوو بۆئەوەی نەناسرێتەوە لە ڕێگای لێدانی لەزگە بەسەر هەندێک لە ژمارەکانداو ژمارەی پێشەوەو دواوەی ئۆتۆمبیلەکە وەکو یەک نییە.

زۆر لامان سەیرە کە هەڵەبجە بەو گەورەییە لەسەر ئاستی جیهان‌و خاوەنی ئەو هەموو شەهیدە، کەسێک بکرێتە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی شەهیدان‌و ئەو شارە، کە ئەوە کەسایەتی بێت، زۆریش بەلامانەوە سەیرە کە تائێستا لە پۆستەکەی خۆیدا ماوەو لانەبراوە! ئێمە وەکو کۆمەڵێکی زۆر لە بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجە نارەزایی توندی خۆمان بەئێوەی بەڕێز ڕادەگەیەنین، داواتان لێدەکەین کە لە پێناوی حورمەتی شەهیدانی هەڵەبجە ناوبراو لە پۆستەکەی لابەرن.

لەگەڵ ڕێزماندا

**لەچیاتی بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجەو شارەزوور**

# حکومەت کۆمپانیاکانی خانووبەرە دەوڵەمەند دەکات!!

# قەرزەکانی حکومەت بازاڕی کۆمپانیاکان گەرم دەکات

بەدواداچوونی، محەمەد ساڵح حەمەلاو

**هەرچەندە حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی بانکی خانووبەرەو سندوقی نیشتەجێبوونەوە پارە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون تەرخان دەکات، بەڵام یاسین مەحمود، وەبەرهێنەر لە بواری نیشتەجێکردن، ئاماژە بەوەدەکات؛ واقیعی ئێستای ئیشکردنی کۆمپانیاکانو بازرگانو بەڵێندەرو وەبەرهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا بەجۆرێکە، کە ناتوانن بەپێی مەرجو ڕێنماییەکانی ئەندازیاری عێراقیی کاربکەن، لەبەرئەوە پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە هەیە.**

### قەرزی خانووبەرە تاچەند قەیرانی نیشتەجێبوونی چارەسەرکردووە

لەنێوان ساڵەکانی (٢٠٠٣ – ٢٠٠٦)، (٢٩) هەزار هاوڵاتی پێشینەی خانووبەرەیان لە ئیدارەی سلێمانی وەرگرتووە، بەپێی بڕیاری (١٠٤٥٢) لە بەرواری ٢٠٠٨/٩/٢٣ دا بڕیاری خەرجکردنی پێشینەی خانووبەرە بۆ جاری دووەم لە کوردستاندا دەستپێکردەوە، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو بڕوایەدان ئەوە بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە.

گەلاوێژ عەلی، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرە، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد؛ تائێستا نزیکەی (١٢) هەزارو (٨٠٠) مامەڵە پێشکەش بە بەڕێوەبەرێتییەکەیان کراوە بۆ وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرەو تائێستاش نزیکەی (١١٧) ملیار دیناریان وەک پێشینە داوە بە هاوڵاتییان.

پێشیوایە هەرچەندە قەرزەکانی بانکی خانووبەرە هەنگاوێکە بە ئاراستەی تێپەڕاندنی قەیرانی نیشتەجێبوون، بەڵام هاوڕابوو لەگەڵ ئەوەی کە تائێستا قەیرانی نیشتەجێبوون لە کوردستان چارەسەرنەکراوە.

عومەر محەمەد جوڵا، بەڕێوەبەری سندوقی نیشتەجێبوون لە سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد؛ پێش ئەوەی ئیدارەکان یەکبگرنەوە ئیدارەی سلێمانی بە تەنیا توانیویەتی پێشینەی خانووبەرە بدات بە هاوڵاتییان. وتیشی: «لەدوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتیی سندوقی نیشتەجێکردن، تائێستا نزیکەی (٥) هەزار هاوڵاتی بۆ وەرگرتنی قەرزی سندوقی نیشتەجێبوون مامەڵەیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرێتییەکەمان کردووە».

ئیسماعیل گەلاڵی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوابوو؛ قەرزی خانووبەرە کەمترین کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون هەبووە، لەبەرئەوەی ئەو پارەیەی کە تەرخانکراوە بۆ قەرزی خانووبەرە بڕێکی زۆر کەمەو نابێتە هاوکارییەکی باش بۆ هاوڵاتییان، کە بتوانێت کێشەی نیشتەجێبوونی خۆی پێ چارەسەربکات.

یاسین مەحمود، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە تەنیا پێدانی قەرزی خانووبەرەو سندوقی نیشتەجێبوون بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون، چونکە ئێستا هیچ خانوویەک لە کوردستاندا بە (٢٠– ٢٥) ملیۆن دینار دروستناکرێت.

وتیشی: «بۆئەوەی قەیرانی نیشتەجێکردن چارەسەربکرێت، دەبێت حکومەت زەرەر لە خۆی بداتو بە هەزاران تەن شیشو چیمەنتۆ بکڕێتو بە نرخێکی کەمتر بیداتەوە بە هاوڵاتییان».

### قەرزەکانی حکومەتو بانێکو دوو هەوا

بەپێی بنەماکانی دەستوور، عێراق وڵاتێکی فیدراڵەو پێویستە بڕیارو یاساکان هاوشێوەی یەکتربن، بەڵام کاتێک دێتە سەر پێدانی مووچەو پێدانی پێشینە، ئەو بڕیارانەی لە ناوەند کاریان پێدەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ ناکرێت، بۆ نموونە جگە لە سێ پارێزگاکەی کوردستان، بڕی (٣٠) ملیۆن پێشینە بە هاوڵاتییان دەدرێت، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لە شارەکانی کوردستاندا (١٢) ملیۆن پێشینە دەدرێت بە هاوڵاتییان، بەڵام لە قەزاو ناحییەکاندا (٩) ملیۆن دینار دەدرێت بە هاوڵاتییان، کە ئەوەش پێچەوانەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی شارۆچکەو گوندەکانی کوردستانە.

هاوڵاتی محەمەد ئەحمەد، ئاماژەی بەوەکرد؛ پێدانی (١٢) ملیۆن دینار پارەیەکی زۆر کەمە، ئەوە لەکاتێکدایە کە نرخی کەرەستەکانی بیناسازیی ڕۆژانە لە بەرزبوونەوەدایە.

کاروان عەلی، کە سەرگەرمی مامەڵەی وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرەبوو وتی: «ئێستا لە شارۆچکەیەکی وەک چەمچەماڵدا (٩) ملیۆن دینار دەدرێت بە هاوڵاتییان، بەڵام لە کەرکوک (٣٠) ملیۆن دینارە، ئەمەش جیاوازییە لەنێوان بڕیارەکانی حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێمدا».

### سندوقی نیشتەجێکردن بازاڕی بانکی خانووبەرەی بڕیوە

بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی نیشتەجێبوون حکومەتی هەرێم لەماوەی (١٨) ساڵی تەمەنیدا نەیتوانیوە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرێت، ئەوە لەکاتێکدایە کە دەیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون لە کوردستان، بەڵام گرفتەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە تائێستا حکومەتی هەرێم پلانێکی ستراتیژیی بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی نیشتەجێبوون لە کوردستاندا لەبەردەسدا نییە، هەربۆیە لەدوای دامەزراندنی دەستەی وەبەرهێنان لەپاڵ پێدانی قەرزی خانووبەرەدا سندوقی نیشتەجێبوونیش دامەزرا.

عومەر محەمەد جوڵا، بەڕێوەبەری سندوقی نیشتەجێبوون باسی لەوەکرد، سندوقی نیشتەجێبوون بەپێی بڕیاری ژمارە (٤٥) لەمانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٨)دا بوو و بەشێکی زۆری ئەو هاوڵاتییانەی کە نامە پێشکەش بە بەڕێوەبەرێتییەکەیان دەکەن گەنجن. وتیشی: «قەرزەکان بەو کەسانە دەدرێت کە دەیانەوێت یەکەیەکی نیشتەجێ لە یەکێک لە کۆمپانیاکان بکڕنو ڕێژەی قەرزەکەش جیاوازە، بۆ نموونە بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانو کەمئەندامانو ئەو کوڕو کچانەی کە تەمەنیان لەنێوان (١٨– ٣٠) ساڵاندایەو کچێکیش ئەگەر تەمەنی لە سەروو (٣٥) ساڵەوە بێتو پرۆسەی هاوسەرگیریی ئەنجام نەدابێت لەگەڵ دانیشتووانی قەزاو ناحییەکان بڕی (٥٠٪)ی تێچووی پرۆژەکانیان لە ڕێگەی سندوقی نیشتەجێکردنەوە بۆ دەدرێت.

یاسین مەحمود، باسی لەوەکرد، «سندوقی قەرزی نیشتەجێبوون دوو خاڵی پۆزەتیڤی تێدابوو، یەکێکیان ئەوەیە کە بە پێچەوانەی بانکی خانووبەرەوە بڕی قەرزەکەی لە قەزاو ناحییەکاندا زیاترەو ئەوەش بووە هۆی سەرکەوتنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە هەڵەبجەو چەمچەماڵو کەلارو کفریو ئاکرێو ڕانیەو کۆیە، خاڵێکی دیکەش ئەوەیە، کە کەرتی تایبەتیشی کاراکردو بووەهۆی دروستبوونی دەیان کۆمپانیا، کە ئێستا لە بواری نیشتەجێبووندا کاردەکەنو بواری وەبەرهێنانیشی لە کوردستاندا بەرەو پێشەوە بردووە، ئەوە سەرباری ئەوەی سندوقی نیشتەجێکردن هەنگاوێکە بە ئاراستەی خزمەتکردن بە کرێنشینان».

هونەر عومەر سورچی، خاوەنی کۆمپانیای هیرۆن، وتی: «قەرزی سندوقی نیشتەجێکردن سوودی زیاترە لە قەرزی خانووبەرە، بەتایبەت بۆ ئەو هاوڵاتییانەی کە دەیانەوێت لە ڕێگەی کۆمپانیاکانو کەرتی وەبەرهێنانەوە یەکەی نیشتەجێبوون بکڕن».

پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٨)دا یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێکردنی پەسەندکرد، بەڵام تائێستا ئەو یاسایە وەک یاسا گەلێکی دیکە لەسەر ڕووپەڕی کاغەزەو نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئیسماعیل گەلاڵی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە؛ هەرچەندە ئەو یاسایە ناتوانێت قەیرانی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان چارەسەربکات، بەڵام تاڕادەیەک بەشداریی دەکات لە کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون.

### پێشنیازەکانی زانایانی ئایینیی قبووڵ ناکرێن

دانانی بڕێک پارەی دیاریکراو بەناوی خەرجیی کارگێڕیی کە بە (سوو) ناودەبرێتو بڕەکەی (٢٪) ساڵانە دەچێتە سەر ئەو پارەیەی کە هاوڵاتییان وەریدەگرن، بەشێک لە هاوڵاتییان تائێستا ئامادەنین ئەو قەرزەی حکومەت وەربگرن.

محەمەد ئەمین پێنجوێنی، خوێندکاری دکتۆرا، ئاماژەی بەوەکرد؛ زانایانی ئایینیی تائێستا چەندین پێشنیازیان داوە بە حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانە لەلایەن دکتۆر عەلی قەرەداغییەوە پێشنیازی ئەوەکرا، حکومەت لەبری ئەوپارە زیادەیەی لە هاوڵاتییانی وەردەگرێت، دەکرێت پول دروست بکاتو وەک چۆن لە مامەڵەی ڕەگەزنامەو پێناسی باری شارستانیدا پول بەکاردەهێنرێت لەبەرامبەر ئەو پارەیەی لە هاوڵاتییان وەردەگیرێت، دەکرێت پول بەکاربهێنرێت، بەڵام دواجار ئەو پێشنیازە قبووڵنەکراو کاری پێنەکرا. وتیشی: «دوای ئەوەش پێشنیازێکی دیکە پێشکەشکرا، ئەویش ئەوەبوو کە حکومەت بانک بکاتە وەکیل لەنێوان خۆییو هاوڵاتیدا، بەڵام هەرچەندە ئەو پێشنیازەش لەلایەن لیژنەی فتوای سلێمانییەوە فتوای لەسەردرا، بەڵام لیژنەی فتوای هەولێر قبووڵی نەکرد».

بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێزیش جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە زۆرێک لە دانیشتووانی هەرێم ئامادەنین ئەو قەرزەی حکومەت وەربگرن بەهۆی ئەو بڕەپارەیەوە، بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بەو زیادەیەدا بکرێت کە لە هاوڵاتییان وەردەگیرێت.

### شێوازی پێدانی قەرزەکان نەگونجاون

پێدانی قەرزی سندوقی نیشتەجێبوون بە سێ قۆناغە، بەڵام زۆرجار ئەو کۆمپانیانەی لە کوردستان خانوو بۆ هاوڵاتییان دروست دەکەن شێوازی قەرزەکەیان بە پێنج قۆناغە، هەربۆیە کێشە بۆ هاوڵاتییانو وەبەرهێنەکان دروست دەبێت.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای هیرۆن ئاماژەی بەوەکرد؛ سیستمی وەرگرتنی پارەی هاوڵاتییان لە پڕۆژەکەی ئەودا بە پێنج قۆناغە، بەڵام ئەو پارەیەی هاوڵاتییان لە سندوقی نیشتەجێبوون وەریدەگرن بە سێ قۆناغ وەریدەگرنو ئەوەش وادەکات لەکاتی وەرگرتنی قیستەکانی ئەواندا زۆرجار هاوڵاتی پارەی قیستەکانی نەبێت. وتیشی: «داوای ئەوەمان کردووە گۆڕانکاریی لە سیستمی پێدانی قەرزەکاندا بکرێت، بەڵام تائێستا وەڵامێکی ڕەسمیمان بەدەست نەگەیشتووە».

### ڕێگایەک بۆ دەوڵەمەندبوونی کۆمپانیاکان

ئێستا ژمارەیەک لە کۆمپانیاکان ڕوویان لە بواری نیشتەجێکردن کردووە، ئەوە لەکاتێکدایە کە توانای داراییو ئەزموونی بەشێک لەو کۆمپانیانە لاوازەو لە ڕابردووشدا چەندین نموونەی ئەو کۆمپانیانە لە کوردستاندا بوونیان هەبووە، کە شکستیان هێنا.

یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرێتیی دەستەی وەبەرهێنانی سلێمانی بە وەکالەت، ئاماژەی بەوەکرد؛ هۆکاری ئەوەی کە ئێستا بەشێک لە کۆمپانیاکان ڕوویان لە بواری نیشتەجێکردن کردووە، ئەوە جگە لەوەی ڕێژەی دانیشتووان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبووندایە هاوکات قەیرانی نیشتەجێبوونو کۆچی پێچەوانەش لە گوندەکانەوە بۆ ناوشارەکانو کۆچکردنی بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان لەو هۆکارانەن کە ئێستا قەیرانی نیشتەجێبوون لە کوردستان لە زیادبووندایە.

وتیشی: «بەشێکی کەم لە وەبەرهێنەران ئێستا سەرگەرمی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژین، بەڵام زۆرێک لە وەبەرهێنەکان بیر لەوە دەکەنەوە لە بوارێکدا کاربکەن کە سوودەکەی زیاتربێتو لەماوەیەکی کورتیشدا سەرمایەکەیان بۆ بگەڕێتەوە، وەک ئاشکراشە ئێستا لەلایەن حکومەتەوە قەرز بە هاوڵاتییان دەدرێت، هەربۆیە دەبینیت بەشێکی زۆر لە کۆمپانیاو وەبەرهێنەکان ڕوویان لە بواری نیشتەجێکردن کردووە».

بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز هەرچەندە بەپێویستی دەزانێت چاو بە پڕۆژەو کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەدا بخشێنرێتەوەو ڕێکبخرێن، هۆشداریی ئەوەشیدا «ئەگەر ئەو یەکەی سەرپەشیارییە دروستنەکرایە، ئەوا لە کوردستاندا کارەسات دروست دەبوو». ئەوەشی نەشاردەوە، کە ئێستا واقیعی ئیشکردنی کۆمپانیاکانو بازرگانو بەڵێندەرو وەبەرهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا بە جۆرێکە کە ناتوانن بەپێی مەرجو ڕێنماییەکانی ئەندازیاری عێراقی کاربکەن، هەربۆیە پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە هەیە.



## «سیاسییەکان بەرپرسیارن»

# توندوتیژیی بەرامبەر بە ژنان پەرەدەسێنێت

**راپۆرتی، رۆمان بانەیی**

**بەگوێرەی دوایین راپۆرتی نێرراوی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق کە بە (یۆنامی) ناسراوە، ئەو راستییەی دووپاتکردەوە کە توندوتیژیی بەرامبەر بە ژنان لە کوردستانو عێراقدا لەچاو ساڵانی رابردوودا پەرەی سەندووە، رێکخراوەکانو چالاکوانانی بواری مافەکانی مرۆڤو داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان، هەوڵدەدەن هەڵمەتێکی بەرفراوان دەستپێبکەن بۆ بەرگرتن بەو هەوڵانەی کە دەیانەوێت لەژێر پەردەی شەرەفو چەند بابەتێکی تردا، دەستدرێژیی بکەنە سەر مافەکانی ژنان.**


د.کازم حەبیب

دکتۆر کازم حەبیب، توێژەرو چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ئاماژە بەوەدەکات، لایەنو حیزبە سیاسییەکانی عێراق بەتایبەت ئەوانەی کە باکگراوندێکی ئاینییان هەیە، دەیانەوێت بە ناوی پاراستنی کەرامەتەوە لە رۆڵی ژنان کەمبکەنەوەو پەراوێزیان بخەن، ئەوەش پاساوی بۆ توندڕەوو ئەو کەسانە دروستکردووە بوار بە ژنان نەدەن لە کایە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکاندا رۆڵی خۆیان بگێڕن.

بە گوێرەی راپۆرتەکەی یۆنامی، تەنها لە هەرێمی کوردستانداو لەساڵی (٢٠٠٩) دا سەدان حاڵەتی توندوتیژیی بەرامبەر بە ژنان ئەنجامدراونو ئەو ئامارەش لەچاو ساڵانی رابردوودا زیادیکردووە، ئەوەش سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە کۆمەڵگەو دەسەڵاتدارانی کورد نایانەوێت هەنگاو بەرەو پاراستنو دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ بنێن بە تایبەت ژنان، بەڵکو بەپاساوی شەرەفپارێزییو کەرامەتەوە دەیان ژن کوژراونو دەیانی تریشیان رووبەڕووی توندوتیژییو دەستدرێژیی بوونەتەوە.

سەنتەری یەکسانیی ژنان کە بارەگاکەی لە دانیمارکە، بەنیازە هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ بەرگرتن لە توندوتیژیی بەرامبەر ژنان دەستپێبکات، بەیان ساڵح، رێکخەری سەنتەرەکە باس لەوەدەکات، هەرچەندە ژنانی عێراق لەمەرگەساتو نەهامەتییەکاندا پشکی شێریان بەردەکەوێت، بەڵام لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە بەشێوەیەکی بەرچاوو کارا هاتوونەتە گۆڕەپانەکەوەو دەیانەوێت بەرگریی لەمافەکانیان بکەن، لەبەرامبەریشدا کەسانێکی زۆر کە چاویان بەکرانەوەو یەکسانی تاکەکان هەڵنایەت، دەیانەوێت لە رۆڵی ژنان کەمبکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین کۆسپو تەگەرەیان لەبەردەمدا دروست دەکەن.

هەرچەندە حکومەتی هەرێم دامەزراوەی تایبەتی بە پاراستنی ژنان کردووەتەوەو پەرلەمانی کوردستانیش یاسای تایبەتی بە پاراستنی ژنانی پەسەندکردووە، بەڵام یۆنامی باسی لەوەکردووە کە (ژنکوشتن لەکوردستاندا بەبێ سزا تێپەڕدەبێت)، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی، وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرێتیی تایبەت بەتوندوتیژیی بەرامبەر بە ژنانی دامەزراندووەو بودجەی تایبەتی بۆ تەرخانکردوون، یۆنامی ئەوەشی روونکردووەتەوە کە بە پاساوی شەرەفەوە چەندین مێینە لەساڵی (٢٠٠٩)دا کوژراونو بکوژەکانیش بە سزای خۆیان نەگەیشتوون، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکانێکی توندڕەو هیچ گرنگییەک بەیاساو رێساکان نەدەن.

دکتۆر کازم حەبیب لەوبارەیەوە وتی: «هەرچەندە ژنان بەشێوەیەکی کارا هاتوونەتە گۆڕەپانەکەوە، بەڵام زۆرێک لە پیاوان دەیانەوێت وا پیشانبدەن کە ژنان لاوازنو ناتوانن رۆڵی کارا ببینن، بۆیە دەیانەوێت بە کوشتنو دەستدرێژییو توندوتیژیی ژنان بترسێنن».

ئەو توێژەرە جەختی لەوەکردەوە کە سەنتەری یەکسانیی ژنان بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو مافەکانی مرۆڤ، پلانی دارشتووە هەڵمەتێکی فراوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو عەقڵییەتانە دەستپێبکات کە پیلان لەدژی ژنان دەگێڕنو کار بۆ ئەوە دەکەن کە ژنان پەراوێز بخرێنو وتیشی: «هەڵمەتەکە لەمساڵدا دەستپێدەکاتو پێویستە ئەو هەنگاوانە بەرەو پێشەوە ببرێن کە تا ئێستا ژنان بەدەستیان هێناون، چونکە هەست بەوەدەکەین، فشارێکی زۆر خراوەتە سەر چالاکوانانی بواری پاراستنی مافەکانی ژنان».

چاودێرانی بواری مافەکانی مرۆڤ بۆچوونیان وایە، رێژەی توندوتیژییو دەستدرێژیی بۆ سەر ژنان زۆر لەو ژمارەیە زیاترە کە لەلایەن دەزگا رەسمییو رێکخراوەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، چونکە تا ئێستاش لەچەندین ناوچەدا بەشێوەی نهێنی، هێرش دەکرێتە سەر ژنانو پێی نازانرێت، کازم حەبیب هۆکاری ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە دەسەڵاتدارانو سیاسییەکان، بە مەبەست کار بۆ راگرتنی توندوتیژیی بەرامبەر بە ژنان ناکەن، بەڵکو هەوڵدەدەن ژنان پەراوێز بخرێن، چونکە وەکو کاڵا سەیری ژنان دەکەنو بەلایانەوە نەنگییە ژن لەپۆستە باڵاکانو دامەزراوە گرنگەکاندا بوونیان هەبێت، چونکە بوونی ژنان لە ناوەندە هەستیارەکاندا دەتوانێت سنوورێک بۆ ئەو گەندەڵیو ناهاوسەنگییە دابنێت کە ئێستا لەعێراقدا دەگوزەرێتو وتی: «لەم چەند ساڵەدا ئەوە روونبووەتەوە کە ژنان بەشێوەیەکی دادگەرییانە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکاندا کردووەو لەسەر بنەمای مەحسوبییەت هەڵوێستیان نەنواندووە، بۆیە سیاسییەکان دەیانەوێت ئەو رۆڵە لەژن بسەنرێتەوە».

# پرسی ژنان... حکومەتو پەرلەمانو راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان

**راپۆرتی، ستارە عارف**

**رەوشی ژنان هیچ گۆڕانکاریی جدیی بەخۆیەوە نەبینیوەو بەپێی ئامارەکانی حکومەتی هەرێم توندوتیژیی لە هەڵکشاندایە، ئەوە سەرەڕای دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتیی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژ بە ژنان. لە نوێترین راپۆرتیدا یونامی ئاماژە بەوە دەکات؛ بکوژانی ژنان سزانادرێنو کوشتن بە بیانووی شەرەف لە زیادبووندایە، هەروەک لە کابینەی شەشەمی حکومەتدا رێژەی ژن زۆر کەمە، کە ئاماژەیە بۆ بێ توانا نیشاندانی ژنان لە کارە ئیداریو حکومییەکاندا.**



## توندوتیژیی لەچاوی جیهانەوە

لە نوێترین راپۆرتی یۆنامیدا دەربارەی مافی مرۆڤ، ئاماژە بەوە دەکات؛ لە هەرێمی کوردستاندا هەوڵ هەیە بۆ باشکردنی باری ژنانی هەرێمەکە، بەڵام هێشتا تاوانی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف بەردەوامەو بکوژانو تاوانبارانی ژنان ئازاد دەکرێنو تاوانەکەیان بەبێ سزا تێدەپەڕێنرێت. لەبارەی زیندانیانیشەوە دەڵێت: هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە نموونەیەکی جیاوازتر لە عێراق پێشکەش بکات، زیندانەکان قەرەباڵغنو بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

## ئامارە حکومییەکان

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتیی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژ بە ژنان، کە لە (٢٠٠٧/٧/٤)داو لەدوای تیرۆرکردنی (دوعا)وە، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمەوە بە ئامانجی رێگرییو کەمکردنەوەی توندوتیژیی لەسەر ژنان دامەزراوە، تەنیا لە پارێزگای سلێمانیدا لە (٦) مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٩)دا (٦٠٣) حاڵەتی توندوتیژیی لەسەر ژنان هەبوونو (٣٢٧) حاڵەتیان توندوتیژیی جەستەیی بوون، راپۆرتەکە هۆکاری توندوتیژییەکەی بۆ لایەنی دەروونیی پیاوان گەڕاندووەتەوە، کە توانای خۆ کۆنترۆڵکردنیان نامێنێت، هەروەها نزمیی ئاستی رۆشنبیرییو پەروەردەییو نەریتی کۆمەڵایەتیو ئابووریی خێزان.

لە رۆژی (١٩)ی نۆڤەمبەریش، کە سەرەتای هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنانە، بەڕێوەبەرێتیی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژ بە ژنان لە سلێمانی ئاماری مانگەکانی کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)ی راگەیاند، کە (٣٧٨) حاڵەتی سووکو قورس بوون، کۆی گشتیی لەساڵی (٢٠٠٩)داو تەنیا لە پارێزگای سلێمانیدا (٩٨١) حاڵەتی توندوتیژیی بوون دژ بە ژنان.

## کۆتا بۆ ژنان

لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا سیستمی کۆتا بۆ گەیاندنی رێژەیەکی زیاتری ژنان بە دەسەڵاتی یاسادانان پەیڕەوکراو رێژەکەی (٢٥٪)وە بۆ (٣٣٪) زیادیکرد، ئەمە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەدەستکەوت دادەنرێت، بەڵام ئەم سیستمە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە ناکۆک لەگەڵ پرەنسیپی یەکسانیی نێوان ژنو پیاوو چەمکی دیموکراسی ناو دەبرێت، چونکە پێویستە رێگە بە ژن بدرێت بەهێزو ئیرادەی خۆی بێتە پێشەوە، زۆرێک لە وڵاتان پشت بە سیستمی کۆتا دەبەستن، لەوانە باشووری ئەفریقا لەساڵی (١٩٩٤)ەوەو لەساڵی (١٩٩٦)ەوە لە وڵاتانی عەرەبی بەکاردێتو یەکەمجاریش لە میسر ساڵی (١٩٦٤)وە بەدەقی دەستووریی پشتگیریی لێکراوە، ئێستا سیستمی کۆتا لە وڵاتانی مەغریبو فەلەستینو میسرو عێراق بەکاردێت، کە رێژەی ژن لە پەرلەمانەکانیاندا (٩,٦٪) تێناپەڕێت.

## کابینەی شەشەم چی بۆ ژن پێیە؟

رۆژی (٢٠٠٩/١٠/٢٨) پەرلەمانی کوردستان بۆ دەنگدان لەسەر کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم کۆبووەوەو دەنگی پێدا، بەگوێرەی ئەو چاوەڕوانییانەی ژنان کە پێشبینیی رێژەیەکی باش لە ژنانیان لەناو ئەو (١٩) وەزارەتەدا دەکرد، بەپێچەوانەوە دەرکەوت تەنیا یەک ژن بۆ پۆستی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەستنیشانکرا، ئەوەش پێچەوانەی ئەو سیستمەیە کە دەسەڵات قایل بووە لەسەری، ئەم هەڵوێستە چالاکوانانی بواری ژنانی توڕەکردو بە چەندین وتارو نووسینو بەیاننامە شەرمەزار کرا، لەکاتێکدا لەم قۆناغەدا ئاستی توندوتیژیی بە هەموو جۆرەکانیەوە لەسەر ژنانو هەراسانکردنی سێکسیو خەتەنەکردنو هەڵاواردنی ژنان لە زیادبووندایەو پێویست بە یاساو دەزگای حکومیی هەمەجۆر بۆ داکۆکیکردن لێیان دەکات، بەڵام لە کارە حکومییەکاندا ژنان بە رێژەیەکی زۆر پشتگوێخراون. لە کابینەی پێنجەمدا وەزارەتێک بەناوی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان دانرابوو، هەرچەندە لەسایەی ئەم وەزارەتەشدا رەوشی ژنان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینی، بەڵام لابردنی ئەم وەزارەتە بووە هۆی گلەییو رەخنەی رۆشنبیرانو رێکخراوەکانی ژنان، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەماندا پێشنیازی وەزارەتێکی ژنانی کرد، هەرچەندە پشتگیریی تەواوی ژنانی بەدەست نەهێنا، بەسەرنجدان لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان لە کابینەی پێشوودا کە بێ کاریگەر بوو.

## هەوڵی نوێی کابینەی شەشەم

لەدوا کۆبوونەوەی خۆیدا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنێکی باڵای بۆ ژنان دا، کە راستەوخۆ گرێدراوی حکومەت بێتو سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتی بکات، ئەگەر لە بۆشایی رۆڵی ژن لە حکومەتدا ئەم ئەنجومەنە پێکدێت، گرێدراوی پەرلەمان بێت زیاتر یاساییو کاراو دوور لە دەسەڵاتی حیزب دەبێت، چونکە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا بوونی هەیە، بەڵام گرێدانەوەی بە حکومەتەوە پرسی ژن لە چوارچێوەیەکی تەسکدا قۆرغ دەکات، بەتایبەتی کە کابینەی شەش ئامادەنەبووە دوو ژن لە کابینەکەیدا وەزیر بن، بۆیە ئەوانەش کە بۆ ئەم دەزگایە دادەنرێن هەمان کەسانی دیاریکراوی حیزبو حکومەت دەبنو توانای هیچ هەنگاوو قسەکردنێکی سەربەخۆیان نابێت، ئەگەر ئامانج لێی دارشتنی سیاسەتی حکومەتە لەمەڕ مەسەلەی ژنان، ئەوا لەسەرەتاوە حکومەت بەشدارە لە توندوتیژیی دژ بە ژنانو هەڵاوێردنیان. وەک لە راپۆرتەکەی یونامیشدا هاتووەو بەشدارپێنەکردنی ژن لە کابینەی نوێدا جۆرێکی دیارە لە توندوتیژیی دەسەڵات دژ بە ژن.

## پەرلەمانی کوردستان چۆن دەڕوانێتە پرسی ژن

لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا پڕۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیی لەساڵی (٢٠٠٧)دا لەلایەن لیژنەی داکۆکی لە ئافرەتانەوە ئامادەکرابوو، کە لە (٢٥)مادە پێکهاتبوو، بەڵام لە (٢٠٠٨/٩/١٠)وە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت، دوای هەشت مانگ مانەوە لەلای حکومەت، پڕۆژەیەکی دیکە ئامادەدەکرێتو رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٧) لەم خولەی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوەو پڕۆژەیاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینەش تەنیا باسی هەیە.

پێشکەشکردنی پڕۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ، کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتەوە رەتدەکرێتەوە بە بیانووی ناردنەوەیان بۆ ماڵو کارنەکردنیان لە دەرەوە، جگە لەمانە لەلایەن هەندێک لە چالاکوانانی ژنانیشەوە تێبینیی لەسەرە وەک ئەوەی کە لە وڵاتان هیچ یاسایەک بەناوی رەگەزەوە دانانرێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی سەرجەم کۆمەڵگە دادەنرێت، بەڵام بەگوێرەی زانستی ئابووریی، کە کاری ژن لەناو ماڵدا بەکار ناژمێردرێت، بە هەڵەیەکی ئابووریی ژمێردراوە، چونکە رەنجو کاری هەموو تاکێک دەبێت داهاتەکەی بچێتەوە ناو کۆی داهاتی نەتەوەییەوەو ژمێرەی کاری بۆ بکرێت، چونکە ژن لە ماڵدا رەنج دەداتو بۆی ناژمێردرێت، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدان حسابی بۆ بکرێت.

## تا (١/١٧) ماوەکەی درێژکراوەتەوە

# ئەندەرپاسی مۆزەخانە مانگێکی دیکە دەخایەنێت

راپۆرتی، سەنگەر جەمال

**ئەو ئەندەرپاسەی لە بەردەم مۆزەخانەی شاری سلێمانی لە مانگی (٨)ەوە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو بڕیاربوو بە (٣) مانگ تەواو بکرێت، ماوەی کارکرکردنەکەی تا (١/١٧) درێژکراوەتەوەو لێپسراوی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانیش دەڵێت:» مانگێکی تریشی دەوێت«.**


٢٠١٠/١/١٠ کار لە پرۆژەکەدا دەکرێت

دروستکردنی ئەندەرپاسی نزیک مـۆزەخـانـە کۆمپانیایەکی تورکی جێبەجێی دەکات لە بودجەی پەرەپێدانی (٢٠٠٨)ی پارێزگای سلێمانیدا، بڕی (١٠) ملیارو (٧٨١) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ تەرخانکراوەو بڕیاربوو لەماوەی (٣) مانگدا تەواو بکرێت، کە لە (٨/٤)ەوە دەست بە کارکردن کراوە تێیدا، پرۆژەکەش یەکێکە لەو (٦) ئەندەرپاسەی بڕیارە بۆ چـارەسـەری ئەو گرفتو قەرەباڵغیانەی ناوشار دروستبکرێت، کە بەهۆی زۆریی ئۆتۆمبێلو تەسکیی شەقامەکانەوە کێشەی دروستکردووە.

ئەنوەر ساڵح، لێپرسراوی پرۆژەکانی پارێزگا بە وەکالەت، لەبارەی دواکەوتنی وادەی پـرۆژەکـە وتـی: «ئێمە وەک پارێزگا (٦) مانگمان دانا بۆ وادەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، بەڵام خاوەنی ئەو کۆمپانیایە تەندەری بە سێ مانگ لێدابوو، ئەوەبوو بەو ماوەیە تەواو نەدەبوو، بـەڵام خاوەنی کۆمپانیاکە داوای قەرەبووی کردووە بەو پاساوەی ئەو لە مانگی (٦)دا گرێبەستی کردبوو، کە پرۆژەکە لەماوەی سێ مانگی (٦، ٧، ٨)دا جێبەجێبکات، کە کەشوهەوا خۆشە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم قایل نەبوون لەو کاتەدا پرۆژەکە ئەنجامبدرێت بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە».

بەوپێیەی وادەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە کەوتووەتە مانگی (١٠و ١١)، کە بەشێکی بەهۆی بارانو کەشوهەواوە کاری تێدانەکراوە، هـەروەک بوونی گرفت لە کێبلاتی کارەباو تەلەفۆناتدا، خـاوەن کۆمپانیا داوای قەرەبووی کردووەتەوە.

لەوبارەیەشەوە ئەنوەر ساڵح وتی: «بـە نووسراوێک داوای قەرەبووی کاتیی کـردووەو بەرزمانکردەوە بۆ پارێزگاو قەرەبووی (٤٦) رۆژی بۆ کرایەوە بەوپێیەش دوا وادەی کەوتە (١٢/١٧)، دواتریش لەبری مانگی (٦) یەک مانگی دیکەی بۆ درێژکرایەوە، کە (٢٠١٠/١/١٧)ەو دەبێت لەو کاتەدا تەواوبکرێت».

هەرچەندە زیاتر لە دوومانگ وادە بۆ پرۆژەکە زیادکراوەو تائێستا غەرامە نەکراوە، بەڵام لێپرسراوی پرۆژەکان لەو بڕوایەدا نییە لەو وادەیەشدا کە بۆی دیاریکراوە پرۆژەی ئەندەرپاسەکە تەواو بکرێت، ئەوەش بەهۆی داواکاریی فەرمانگەی کارەباوە، وتیشی: (١/١٧)یش تەواو نابێت، چونکە فەرمانگەی کارەبا داوای هەندێک کاری زیادەی کـردووە، کـە نزیکەی (٢) هەفتەی دیکەی دەوێـت، ئەگەر ئێستا نەکرێت دەبێت دواتر پرۆژەکە دووبارە کاری تێدا بکرێتەوەو هەڵبکەنرێتەوە، لەبەر ئەو هۆیانەش رەنگە مانگێکی دیکە بخایەنێت»، ئاماژەی بەوەشکرد: جگە لە داواکارییەکانی خۆیان هەر کاتێکی دیکە پرۆژەکە دوابکەوێت کۆمپانیاکە غەرامە دەکەن.

بـڕیـاربـوو دوای کـەوتـنـەکـاری ئـەنـدەرپـاسـی مـۆزەخـانـەکـە چەند پرۆژەیەکی دیکەی ئەندەرپاس بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام تائێستا هیچکام لەوانە ئەنجامنەدراون. هەروەک ئەنوەر ساڵح دووپاتی کردەوە، کە تائێستا دەست بە هیچکام لە ئەندەرپاسەکانی دیکە نەکراوە هۆکارەکەشی بۆ بوونی کێشە لە دیزاینەکەدا گەڕاندەوە.

# ساڵێکە پێداویستی بۆ نەخۆشخانەی کۆیەو تەقتەق دابیننەکراوە

کۆیە ئاری سابیر

**ساڵێکە هەردوو بینای نەخۆشخانەی سەد قەرەوێڵەیی کۆیەو نەخۆشخانەی تایپی (A) لە تەقتەق تەواوبووە، بەڵام تائێستا وەزارەتی تەندروستی نەیتوانیوە پێداویستی ئامێری پزیشکیو کارمەندو پزیشک بۆ ئەو دوو نەخۆشخانەیە دابینبکات.**

کـاروان شـوان، (٢٨) سـاڵ هاوڵاتییەکی دانیشتووی کۆیە باسی لەوەکرد، تائێستا زۆربەی هاوڵاتییانی کۆیە بۆ نەشتەرگەریی گەورە سەردانی نەخۆشخانەکانی هەولێر دەکەن لەبەر نەبوونی پزیشکی شارەزاو نەخۆشخانەی پێشکەوتوو، وتی: «ئێستا رێژەی دانیشتووانی سنووری کۆیە نزیکەی سەد هـەزار کەسە، پێویستە نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتووی هەبێتو هۆڵی نەشتەرگەرییو پزیشکی هەموو بەشەکانی تێدابێت».

تائێستا پزیشکێکی نەخۆشییەکانی ژنانو منداڵبوون بە رەسمیی لە سنوورەکەدا نییە، پزیشکێک بەشێوەی کاتیی لە هەولێرەوە هاتووەو هەفتەی سێ رۆژ دەوام دەکات، لەکاتێکدا زیاتر لە (٤٠) هەزار ژن هەیە لە سنوورەکەداو سەرەڕای ئەوەی پزیشکی چاوو چەند بەشێکی دیکەش هەر نییە. بە وتەی کـاروان «ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی حکومەت لەبەرئەوەی لە شارەکان پزیشک زۆرە».

پـرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی سەد قەرەوێڵەیی لە کۆیە (٥،٧٢٢،٤٣٢) پێنج ملیۆنو حـەوسـەدو بیستو دوو هـەزارو چـوارسـەدو سیو دوو دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، لە ٢٠٠٦/١/٧ دەستکراوە بەکارکردن لەو پرۆژەیەداو ماوەی پرۆژەکە (٥٤٠) رۆژە، کە بڕیاربوو لە ٢٠٠٧/٧/٧ تەواوبکرایە، بەڵام لەکاتی دیاریکراودا دواکەوت.

محەمەد عەلی ،(٣٩) ساڵ هاوڵاتییەکی دیکەی دانیشتووی تەقتەق رەخنەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرت کە لە رووی تەندروستییەوە هیچ گرنگییەکی بە ناحیەکە نـەداوە، وتی: «ئەو نەخۆشخانەیەی لە تەقتەق هەیە جگە لە چارەسەری سەرەتاییو پێدانی حەبو دەرزی هیچ شتێکی دیکەی لێناکرێت، ئەوەش هاوڵاتییان دەتوانن لە دەرمانخانەکان بۆخۆیان بیکڕن، ئێستا تەقتەق بەوشێوەیە فراوان بووەو رێژەی دانیشتووانەکەی زیادیکردووە لە رووی تەندروستیشەوە هەر حسابی ساڵی هەشتاکانی بۆ دەکرێت».

محەمەد وتی: «هەموو هاوڵاتییانی ناحیەی تەقتەق دەبێت بۆ هەر نەشتەرگەرییەک یاخود بینینی پزیشکی پسپۆڕ سەردانی شارەکانی دیکەی کوردستان بکەن، کە زۆربەی خەڵکەکەی هەژارنو توانای ئەوەیان نییە بچنە شارەکانی دیکە، (٣) ساڵە دەڵێن ئەو نەخۆشخانە تازەیە دەکرێتەوە نەشتەرگەریشی تێدا ئەنجام دەدرێت، کەچی تائێستا هیچی بۆ دابیننەکراوە».

بینای نەخۆشخانەی تایپی A لە تەقتەق بڕی دوو ملیۆنو سی هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوە لە ٢٠٠٥/٥/١٤ لەلایەن کۆمپانیای ئاسا دەستکراوە بەکارکردن تێیدا، لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی گشتیی تەندروستی کۆیەوە سەرپەرشتی دەکرا، ماوەی پرۆژەکە (٤٠٠) رۆژ بووە، بەڵام پرۆژەکە زۆر لەکاتی خۆی دواکەوت.

سـەبـارەت بە دواکەوتنی ئـەو دوو بینایە، دکتۆر ئـارام رۆسـتـەم، بـەڕێـوەبـەری گشتیی تەندروستی کۆیە، هۆکارەکەی گـەڕانـدەوە بۆ گۆڕینی کۆمپانیای سەرپەرشتیاری پرۆژەکەو وتی: «لەسەرەتادا پرۆژەی نەخۆشخانەی تەقتەق درابوو بە کۆمپانیایەکی تورکی ماوەیەک کاری تێداکرد، دواتر پرۆژەکەی بەجێهێشتو درایەوە کۆمپانیایەکی خۆماڵیی، ئەمەش وایکرد پرۆژەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دوابکەوێت».

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی کۆیە وتی: «ئێمە لە سنووری کۆیە کێشەی کەمیی پزیشکی پسپۆڕمان هەیە، هەفتەی رابـردوو وەزیـری تەندروستی سەردانی کۆیەی کردو بەڵێنی پێداین کە پزیشکی ژنانو چاوو پێستو سڕکردنمان بۆ دابینبکات، نەخۆشخانەی تەقتەقیش ئێستا خەریکی کڕینی ئامێرە پزیشکییەکانن بۆی، دوای کڕینی ئەو ئامێرانە ئێمە داوای پزیشکو فەرمانبەر دەکەین بۆی دابمەزرێت، بەدڵنیاییەوە ئەمساڵ دەکەوێتە کارو نەخۆشخانە سەد قەرەوێڵەییەکەی کۆیەش ئەرزی پێداویستییەکانی دراوەتە کۆمپانیاکان».

# مەترسیی دووبارە تەقینەوەی ئاوەڕۆکەی سلێمانی دەکرێت

رۆژنامە

**مەترسیی دووبارە تەقینەوەی ئاوەڕۆی نزیک پەیمانگای هونەر جوانەکانی سلێمانی دەکرێت بەهۆی هاتنە دەرەوەی گازی میسانو بەوتەی پسپۆڕێکی کیمیاییش ئەو گازە مەترسیی گەورەی هەیەو ئەگەر بە قەتیسی لەژێر زەویدا بمێنێتەوە مەترسیی تەقینەوەی لێدەکرێت.**

ئـەو ئـاوەڕۆیـەکـە لـە گەڕەکی بەرانانەوە بۆ سەرەتای شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (شەست مەتری)، درێژدەبێتەوە، بەهۆی کەمیی مەنهۆڵو قەتیسبوونی گازەکە تێیدا مەترسیی تەقینەوەی لێدەکرێت.

د.بارام ئەحمەد، مامۆستای بەشی کیمیا لە زانکۆی سلێمانی، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، لەبەرئەوەی گـازی مـیـسـان لـەو زێـرابـەوە دێتە دەرەوە، کە زۆر بەخێرایی گـردەگـرێـتو زۆر مەترسیدارە، بەتایبەت ئەگەر بێتو رێژەکەی زۆربـێـتو شوێنەکەشی تەنفیزی نەبێت، ئەوا بە بوونو بەرکەوتنی بە مەوادی گڕکەوتوو کارلێک دەکاتو هەموو ئەو شوێنە گردەگرێت، واتە بە درێژایی مەنهۆڵەکە ئاگر لەژێر زەویدا دەکەوێتەوە، ئەمەش مەترسیدارە.

د.بـارام، هاوکات سەرۆکی ئەو لیژنە پسپۆڕییەی زانـکـۆیـە، کە راسپێدراون بۆ لێکۆڵینەوە لەو گازەو مەترسییەکانی، ئاماژەی بـەوەدا؛ گومان دەکرێت بەردی کاربۆنیی کە لە خاکدا دروست دەبێت لەژێر زێرابەکەدا هەبێتو ئەوجۆرە بەردە کاتێک تەڕ دەبێت گازی یسانی لێدەردەچێت، کە زۆر مەترسیدارە.

هەرچەندە ئـەو گومانە هەیە، بەڵام نەتوانراوە یەکلاییبکرێتەوە، چونکە بە وتەی ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی، دوای تەقینەوەکەی پار بەشێکی ئەو زێرابە هەڵکەندرا، بەڵام نەگەیشتنە ئەوەی لێکۆڵینەوەی لێبکرێتو وەک خۆی داپۆشرایەوە.

بۆ رێگرتن لـەو مەترسییەی ئەو گـازە دروستی دەکـات، لیژنە پسپۆرییەکەی زانکۆ پێشنیازیان کردووە، کە مەنهۆڵی زیاتر بە درێژایی ئەو ئاوەڕۆیە دابنرێت، بەمەرجێک مەنهۆڵەکان بەپێی ستانداردی جیهانی دروستبکرێن، چەند رۆژ جارێکیش چەند تانکەرێک ئاو بکرێت بە زێرابەکەدا تا رێگە لە قەتیسبوونی گازەکە بگرێت.

هــەروەک هـاوڵاتـیـانـی ئـەو گەڕەکانە ئاگادارکراونەتەوە کە هەر مادەیەکی سووتەمەنی لەو مەنهۆڵانە دووربخەنەوە، چونکە کارلێک لەگەڵ ئەو گازەدا دەکەنو ئاگرکەوتنەوەو تەقینەوەی لێدەکەوێتەوە.

ساڵی رابـردوو بەشێکی زۆری ئـاوەڕۆی گەڕەکی رزگاری لەنزیک پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەقییەوەو سـەرەڕای ئـەوەی هێزە ئەمنییەکان حاڵەتەکەیان گەڕاندەوە بۆ کارلێکی گازی، بەڵام مەترسیی لەنێو دانیشتوانی ئەو گەڕەکەدا دروستکردو ئێستاش ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەیە.


دیمەنێکی ئاوەڕۆکە دوای تەقینەوەی
فۆتۆ: ئەرشیف

## (٣٠ی نیسان)، هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان دەکرێت

# حیزب دەستی لە دانانی نوێنەری مامۆستایاندا وەردایەوە

راپۆرتی، شارا عەبدولڕەحمان

بڕیارە (٣٠)ی نیسانی ئەمساڵ هەڵبژاردنی سەرۆکو ئەندامانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ئەنجامبدرێتو لە یەکەم قۆناغی پرۆسەکەشدا کە هەڵبژاردنی نوێنەری مامۆستایانە لە خوێندنگەکاندا، دووبارە حیزب دەستی لە کاروبارەکان وەرداو لە ژمارەیەک خوێندنگەی سلێمانیدا کۆمیتەکانی یەکێتی نوێنەریان دیاریکردووە.

لەکۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٩)دا یەکێتیی مامۆستایان، نووسراوی ڕەوانەی سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگەکانی هەرێم کرد بە مەبەستی دیاریکردنی نوێنەری خۆیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا، ئەو پرۆسەیە لە زۆربەی قوتابخانەو خوێندنگەکاندا بەڕێوەچوو، بەڵام لە ژمارەیەک لە خوێندنگەکانی سنووری سلێمانیدا کێشە لە دانانی نوێنەرەکاندا دروستبوو، بەهۆی ئەوەی کۆمیتەکانی یەکێتی دەستیان هەبوو لە دانانی نوێنەرەکاندا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە یەکێک لە دواناوەندییەکانی سلێمانییەوە بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد، کە لە هەڵبژاردنێکدا بەزۆرینەی دەنگ نوێنەرێکیان دیاریکردووە، بەڵام دواتر بەبیانوویەکی نارەوا، هەڵبژاردنەکە دووبارە کرایەوەو بەڕێوەبەرەکە کە ئەندام کۆمیتەی یەکێتییە، نەیهێشت ئەو مامۆستایە ببێتە نوێنەر «ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەو مامۆستایەی دەنگی زۆری هێنابوو سەر بەهیچ لایەنێکی سیاسیی نەبوو»، هەربۆیە مامۆستایەکی دیکەیان کردە نوێنەری قوتابخانەکە «کە خۆی قایل نەبوو بەوەی ببێتە نوێنەر لە هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایاندا».

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بە گۆڕینی نوێنەرەکەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو بڕیاری گواستنەوەی ئەو مامۆستایەشی دەرکردووە کە لەهەڵبژاردنەکەدا زۆرترین دەنگی هێنابوو، ئەمە لەکاتێکدا «ئەو مامۆستایە یەکێک بووە لە باشترین مامۆستایانی خوێندنگەکە».

لەلایەکی دیکەوە بە وتەی ژمارەیەک لە مامۆستایان، بەهۆی ئەوەی بڕوایان بە سەربەخۆبوونی یەکێتیی مامۆستایان نییە، بەشدارییان لەهەڵبژاردنی نوێنەری مامۆستایاندا نەکردووەو هاوکات بە وتەی سەرچاوەیەکی دیکە، لە هەندێک لە قوتابخانەکاندا هەڵبژاردنەکە هەرنەکراوە، یاخودئەگەرکرابێتیش ئەنجامەکەی ڕەوانەی یەکێتیی مامۆستایان نەکراوەتەوە.

ڕۆژی یەکشەممە (١/١٠) لقی سلێمانی یەکێتیی مامۆستایان لەگەڵ سەرجەم نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی مامۆستایان کۆبوونەوەو ڕێوشوێنەکانی چۆنێتیی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایاندا تاووتوێکران.

سیروان نوری، سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی مامۆستایان، بوونی چەند کێشەیەکی لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی مامۆستایاندا بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوە، بەڵام وتی «بەئاسانی ئەو کێشانە چارەسەرکراونو چەند مامۆستایەک هەڵبژێردراون بۆ نوێنەرایەتیکردنی مامۆستاکانی خوێندنگەکانیان لە یەکێتیی مامۆستایاندا، بەگشتیش پرۆسەکە بەباشی بەڕێوەدەچێت».

سەبارەت بە دیاریکردنی ڕۆژی (٣٠ی نیسانی ئەمساڵ بۆ هەڵبژاردن لە یەکێتیی مامۆستایاندا، سیروان نوری وتی: «لەپێشدا بڕیاربوو مانگی ئازار هەڵبژاردنەکە ئەنجامبدرێت، بەڵام بەهۆی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو پشووی خوێندنگەکانەوە دواخرا بۆ مانگی نیسان».

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، لەساڵی (٢٠٠٢)ەوە هەڵبژاردنی ئەنجام نەداوەو ماوەی چوار ساڵە شەرعیەتی لەدەست داوە، تاکە ڕێکخراویشە لە دنیادا کە بەبێ خواستی ئەو چینەی نوێنەرایەتییان دەکات، ئەندام وەردەگرێت، هەر بەو هۆیەشەوە لەئێستادا زیاتر لە (١٠٠)هەزار ئەندامی (زۆرەملێ)ی هەیە.

سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکە پێکهاتووە لە سەرۆکو جێگر، بەڵام دوای یەکگرتنەوەی یەکێتیی مامۆستایانی سلێمانیو سەندیکای مامۆستایانی کوردستانی هەولێر، سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکە پێکهاتووە لە دوو سەرۆک کە سەر بە یەکێتیو پارتینو هەر شەش مانگ جارێک، سەرۆک لە یەکێک لەو دوو حیزبە دەبێت.

## حاجیاوا:

# (٣)ساڵە بینایەکی خوێندن چۆڵکراوە

شاسوار مامە

ماوەی (٣)ساڵە لە ناحیەی حاجیاوا، بینایەکی خوێندن چۆڵکراوەو بەهۆی پارێزگاریی نەکردنییەوە هیچ مەرجێکی خوێندنی تێدا نەماوە.

ئەو بینایە لە ساڵی (١٩٨٩) بۆ قوتابخانەیەکی (٩)پۆلی لە دوو نهۆمدا دروستکراوەو تا (٣) ساڵ لەمەوبەر خوێندن تیایدا بەردەوامبووەو قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتی تێدابووە، بەڵام بەهۆی خراپی بیناکەو ڕۆچوونییەوە مەترسیی ڕووخانی دروستکردووە، بۆیە چۆڵکراوە، لە دوای چۆڵکردنیشییەوە بیناکە بەشێوەی جیاجیا تێکدراوە، هەرچەندە لە دوای دروستکردنییەوە سێجار نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام ئێستا حکومەت دەستبەرداری بیناکە بووەو لە تەنیشتیەوە بینایەکی دیکەی بۆ قوتابخانەی ڕۆژهەڵات دروستکردووە.

ئیبراهیم حەوێز کەریم، بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیە لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو بینایە بەهۆی مەترسیی ڕووخانییەوە چۆڵکراوەو مەرجی خوێندنی تێدا نەماوە، ڕاشیدەگەیەنێت کە زەویی بیناکە بەهۆی فشەڵییەوە بۆ بینا نابێتو ناکرێت نۆژەن بکرێتەوە.

پشتگوێخستنی ئەو بینایەو دروستکردنی بینایەکی نوێ لەکاتێکدایە، کە ناوچەی پشدەر پێویستی بە بینای قوتابخانەی زیاتر هەیە.

# (٨٨) خێزانی هەڵەبجە، داوای (١٢٢) منداڵی ونبوو دەکەن

ئارام نەجیم

زیاتر لە (٨٨) خێزانی هەڵەبجەی شەهید، داوای (١٢٢) منداڵی ونبوو دەکەن، کە لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەداو لە (١٩٨٨/٣/١٦)دا لە خێزانەکانیان ونبوون، ئەمەش دوای ئەوەی لەماوەی ڕابردووداو دوای (٢١)ساڵ گەنجێکی ئەو شارە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دۆزرایەوەو ئومێدی لای ئەو خێزانانە دروستکرد کە منداڵەکانیان لێ ونبووە. سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانیش ڕایدەگەیەنێت کە تا دۆزینەوەی (عەلی) هەموو داواکانمان بۆ دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکان پشتگوێدەخران، داواش دەکات کە کابینەی تازەی حکومەت، دۆزینەوەی ئەو منداڵانە بخاتە بەرنامەی کارەکانیەوە.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تا دۆزینەوەی (عەلی)، ئەوەندە گرنگیی بە داواکارییەکانمان نەدەدرا لەلایەن هیچ کەسێکەوە، داوامان ئەوەیە ژوورێکی عەمەلیاتی تایبەت بە دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکان بکرێتەوەو سەرجەمی خێزانەکانیش کە داوای منداڵیان کردووە، نموونەیەکی خوێنیان لێوەربگیرێت.

هەروەها نیگەرانبوو لەوەی کە خەمساردییەک لەکابینەکانی پێشوودا هەبووە بۆ دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکانو وتیشی: «هیوادارین ئەم کابینەیە هیواکانمان بهێنێتەدیو بەجدیی کار بۆ دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکان بکات».

# یان لەگەڵم بە، یان دوژمنی

ئاراس شێخ یاسین

ئەو ناونیشانەی سەرەوە یەکێک بوو لە دروشمە سەرەکییەکانی فەلسەفەی حوکمی ڕژێمی سەدام کە پێیوابوو: هەر دوو سەنگەر هەیەو سێیەمیان نییە، بەرزکردنەوەی ئەو جۆرە دروشمانەش لەلایەن دەسەڵاتێکی وەک حیزبی بەعسەوە کارێکی نامۆو دزێو نەبوو، چونکە ئەو حیزبە لەهەموو تەمەنیدا بە ڕاستی ئیدیعای (دیموکراسی، فرەحیزبیی، فرەمینبەری، ئازادیی تاک ...تاد)ی نەکردووەو هەموو خراپەیەکیشی کردووەو خۆیشی لەبەرپرسیارێتیی ڕەفتارەکانی نەدزیوەتەوە، چونکە حیزبی بەعس بووەو بڕایەوە، بەڵام مومارەسەکردنی دیاردەکانی (نانبڕین، تلاندنەوەی تۆمەت بەسەربەرامبەرداو خۆدەربازکردن لە ئەنجامی تاوانو هەڵە، ڕاونان، لێسەندنەوەی پۆستی کارمەندیی، گرتن، چاوسوورکردنەوە، تەقەلێکردن، کوشتن، ناوزڕاندن، سووکایەتی پێکردنی نوێنەرانی ڕاگەیاندنی بەرامبەر، سووتاندنی نووسینگەی پەرلەمانتار، ناچارکردنی نووسەرە ئازادەکان لەسەر بەکارهێنانی ناوی خوازراو....تاد) کە ئاقاری زەقی ڕژێمی بەعس بوونو ئەمڕۆ پەیڕەو بکرێنەوە لەلایەن دەسەڵاتێکی خاوەن دروشمگەلی وەک (سۆشیال دیموکراسی، فرەحیزبیی، فرەمینبەری، ئازادیخواز)ەوە کە لەماوەی زیاتر لە (١٨)ساڵ دەسەڵاتداریدا نەیتوانیبێت تاقە کێشەیەکی چارەنووسسازی میللەتەکەی چارە سەربکات، بەو هەموو ئیمکانیاتە دارایيو سەربازییو دیبلۆماسیو دەسەڵاتی مەرکەزیو کەناڵە لە ئەژمارنەهاتووی ڕاگەیاندنەوە. خۆسەپاندنی تاکلایەنە لەپێناو دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتو سامانی وڵاتدا چ پاساو بەهانەیەکی هەیە، بێجگەلە پراکتیزەکردنێکی دووڕووانەی دروشمی قێزەونی (یان لەگەڵم بە، یان دوژمنی)، بەڵام لەژێرپەردەی دیموکراسیدا ڕەهەندێکی نیشتمانیو نەتەوەیی هەیە؟

لەوانەش سەیرتر هەڵمەتی خەڵک تۆقاندنی ئەم دواییەیە کە زۆر زیاتر لەو ڕەفتارە ناشارستانییانەی سەرەوەی لەخۆگرتووە.

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێم کە خۆی پایەیەکی قایمی دەسەڵاتە، پاساوێکی لاوازی هێناو نەچووە ژێرهیچو خۆیو دەسەڵاتەکەی لە بەرپرسیارێتیی دزییەوە کە وتی (هەندێک لەو ڕووداوانە کێشەی تایبەتین، سیاسیی نین!!)، بەڵام جەناب: بۆچی هەر لەم دەرفەتەدا خەڵک شوێن تۆڵەی کێشە تایبەتییەکانی دەکەوێتو لەهەموو ئەو ناوچانەدا کە لە ژێردەسەڵاتی ئێوەدان؟

ئەی خێرە: زیانلێکەوتووی هەموو ڕووداوەکان هەر لە لایەنی نەیارن؟! دەبێت دەستدرێژکاران گوللەبەندی کاک ئەحمەدی شێخ بە کەمەریانەوە بێت کە بوونەتە (ڕەجوول حەدیدی)و کەس چاریان ناکات؟ ئەی پێتوانییە ڕێنمایی سیاسییو مەرکەزی، نەک کێشەی شەخسی لەپشتی ڕووداوەکانەوە خۆی مەڵاس دابێت؟ لەئەنجامدا هۆی ئەو ڕووداوانە هەر چیو هەرکەس بێت، ئەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ئێوە بەرپرسی ڕاستەوخۆن لە پاراستنی ئازادییو ئاسایشو سەروماڵی هاوڵاتییان بەبێ جیاوازیو هەرکاتێکیش ئەو بابەتانە کەوتنەبەر مەترسی، هیچ پاساو و بیانوویەک قبووڵ ناکرێت. ماوەتەوە بڵێین، بێگومان دووبارەکردنەوەی ئەزموونی دۆڕاو لە دۆڕان زیاتری لێدەکەوێتەوەو خراپترینیشیان پەیڕەوکردنی سیاسەتی تاکڕەویو بێباکیو زەوتکردنی دەسەڵاتە بە پرەنسیپی میکیاڤیلییانە کە نموونەی شکستخواردووی زۆرە لە جیهانداو ناڕەزایی دەربڕینی بەرپرسێکیش هیچ نرخێکی نابێت، ئەگەر نەکێشێتە سەر سەروەرکردنی دیموکراسی بەهەموو پرەنسیپو بنەماکانییەوە.

# «تا دامەزراندن کرێکاریی دەکەم»

راپۆرتی، ئەکرەم تۆفیق



سیروان خەڵەف (٢٤ساڵ)، دوای (١٤) ساڵ خوێندنو بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم، ئێستا بە کرێکاریی بژێویی ژیانی خۆی پەیدا دەکات، ئەوەش بەهۆی نەبوونی کارو دانەمەزراندنییەوە.

سیروان ڕەخنە لەوە دەگرێت، کە دوای ئەو هەموو خوێندنە سوود لە بڕوانامەکەی وەرنەگیراوەو دانامەزرێت، لەکاتێکدا بەشێک لە خوێندنگەکانی سنوورەکەی پێویستیان بە پسپۆڕییەکەی هەیە، هەروەک پێیوایە؛ جیاوازی دەکرێت لەنێوان دەرچووەکانداو دەڵێت: «بەپێی یاسای پەروەردە بۆ دامەزراندن دەبێت دەرچوو پلەی یەکەمی بەدەستهێنابێت، یا کەسوکاری شەهیدو ئەنفال بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو کەسانەی مەرجەکانیان تێدایە دانامەزرێنو تەنیا کۆمەڵێک خوێندکار دامەزراون، کە ئەو مەرجانەیان نییە»، باسی لەوەشکرد چەندینجار سەردانی بەڕێوەبەری پەروەردەو لایەنە پەیوەندیدارەکانیان کردووەو بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان پێداون، بەڵام تائێستا دانەمەزرێنراون.

جگە لە چەند دەرچوویەکی کەم، تائێستا دەرچووانی ساڵی (٢٠٠٨و ٢٠٠٩)ی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی چەمچەماڵ دانەمەزرێندراون، ئەوە لەکاتێکدایە کە بەشێکی خوێندنگەکانی ئەو سنوورە پێویستییان بە مامۆستای پسپۆڕە.

شێخ حسێن شێخ مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، نەیشاردەوە کە دەرچووانی پەیمانگەی مامۆستایانی ساڵی (٢٠٠٩/٢٠٠٨) دانەمەزراونو وتی: «زۆرێک لە خوێندکارە دەرچووەکانی ساڵەکانی پێشوو دامەزراون، ئەمساڵیش کۆمەڵێک منداڵی شەهید دامەزراون»، ئاگاداری خۆیانی لە کێشەی ئەو دەرچووانە نیشانداو ئاماژەی بەوەشکرد؛ کە داوایان لە وەزیری پەروەردە کردووە سەرجەم دەرچووەکان دابمەزرێنرێت «وەزیریش بەڵێنی پێداوین سەردانی سلێمانی بکات، ئێمەش لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەداینو چاوەڕێی هاتنی وەزیری پەروەردەین بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی دووبارە قسەی لەگەڵدا بکەینەوە، تا لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران باسی لێوە بکەنو ڕەزامەندیی ئەنجومەن وەرگیرێت بۆ دامەزراندنیان».

بەڵام بەشێکی زۆری ئەو دەرچووانە نیگەرانن بە دانەمەزراندنیانو هەندێکیان ڕەتیدەکەنەوە، وەک پێویست کارکرابێت بۆ دامەزراندنیان.

دڵشاد کامیل، دەرچووی ساڵی ڕابردووی بەشی زانستیی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی چەمچەماڵە بە پلەی یەکەمو باوکیشی ئەنفالکراوە، بەڵام تائێستا دانەمەزراوە، ئەو وتی: «هەموو مەرجەکانی دامەزراندنم هەیەو چەندینجار بەڵێنی دامەزراندنمان پێدراوە، بەڵام هیچیان جێبەجێنەکراون».

# هەڵوێستێک لەسەر داوای چاککردنی مووچە

ئازادی کاک مستەفا



مـاوەیـەکـە باس لە چاککردنی مووچە دەکرێت.. ئـەم باسکردنە وەک ویـژدان‌و بەتەنگهاتنەوەی بـژێـویـی هاوڵاتییانەوە، بـیـرێـکـی زۆر پـیـرۆزە.. هەر کەسێکیش یان لایەنێکیش پشتگیریی لـێ بکات، ئەوە خۆی لەخۆیدا نیشانەی بەتەنگ هاتنەوەی باری ژیان‌و گوزەرانیی هاوڵاتییەو بـڕوا بوونە بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی، داواکە خۆی لەخۆیدا لەخزمەت تاک بەتاکی کۆمەڵە، لەڕێگەی ئەمجۆرە بیرکردنەوەو داواکـاریـیـانـەوە دەتـوانـرێـت بەمیللەت رابگەیێنرێ، چەند بەپەرۆش‌و دڵسۆزیت‌و ئاگاداری هەموو پێداویستی‌و ئازارەکانیانیت، ئەوکات بڕوا بوونەکان بەدەست دەکەوێت‌و دەردەکەوێت لەنێوان دەسەڵات‌و میللەتدا..

دیارە ئەم داوایە وەک پڕۆژەیاسایەک دەبـێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت لەنێو پەرلەمانداو پشتگیریی بۆ بەدەست بهێنرێت، پاشان بۆ ئەنجومەنی وەزیران..تاد.

ئەو فلتەرانەی کە پێیدا تێپەڕدەبێت.. خۆیان لە مووچە باڵاکاندان، ئەم پڕۆژەیەش داوای ئـەوە دەکـات کە مووچە باڵاکان نزم بکرێنەوە، مووچە نزمەکانیش بەرز بکرێنەوە.

مـن لـێـرەدا بـەلـێـبـووردنـەوە دەڵـێـم، ئەگەرچی کەس زاتی ئەوەی نییە بڵێت؛ نابێ مووچەکەمان دابەزێنرێت.. بەڵام بەشێوەیەک لەشێوەکان بەکردەوە کار بۆ ئەوە دەکرێت، کە ئەو پڕۆژەیە سەرنەگرێت.. لەبەرئەوە ئەو پڕۆژەیە بەو شێوەیەو بەو داوایە سەرکەوتنی زۆری لـێ بەدی ناکرێت؟

بەبڕوای من واز لەو مووچە دابەزینە بهێنرێت چاکتر وایە داواکە وا بکرێت، کە هەڵسن بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕو یاساییانە لەسەر بژێویی تاک بکرێ، بەوەی بزانرێت بە مووچە یاخود دەستکەوتی رۆژانە، یاخود مانگانە دەتوانێت ژیانی سادە بەسەر ببات.

دیـارە تـاک دەبـێـت بەخێزان، پاشان تەمەن‌و زۆریی‌و کەمیی‌و پیرو پەککەوتوو ژیان لەشاردا، لە لادێکاندا، پێویستییەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، کارکردن بە مووچەی کەم، چەند کەس ئیش دەکات، کرێی خانوو زۆرو کەم‌و کاتی سەرماو گەرما، بەسەرهاتی کتوپڕو لەناکاو وەک لافاو.. تا لە هەموو ئەم شێوانەدا.. زۆر شتی دیکە.. دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت، کە ئەو هێڵەی دانراوە بۆ بژێویی لەوە زیاتر نەیەتە خوارەوە.

دانانی ئەم یاسایە زۆر چڕوپڕی دەوێت‌و وردەکاریی زۆری دەوێـت‌و هەروا ئاسان نییە!! بەڵام خۆشبەختانە بۆ ئەمڕۆی ئێمە بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانە زۆر ئەستەم نییە.

دەتوانرێت زۆر بەئاسانی لەوڵاتانی دەرەوە بەدەستکەوێت، جا ئەوە لەڕێگای دەوڵەتەکانەوە بێت، یاخود لەڕێگای کوردانی هەندەرانەوە بێت، من زۆر لەو بڕوایەدام کوردانی دەرەوە بەبێ هیچ دوودڵییەک‌و بەبێ بەرامبەر تـاڕادەیـەک هەڵوێستیان دەبێت کارەکان ئاسان دەکەن، چ بەهاتنەوەی خۆیان چ بەزانیارییەکی باش رەنگە زۆریان لەو بوارەدا کار بکەن‌و زانیارییەکی باشیان هەبێت، ئەگەر لێرە ماوەیان بدەن کارەکە بەئەنجام بگەیەنن.

هەرچەندە هەمووومان چاک دەزانین دەسـەڵات‌و حکومەت زۆر چاک لەهەموو وردەکارییەکان زۆر بەوردیی دەزانن.

لە کۆتاییدا واز لە دابەزینی مووچەی باڵا بهێنن، چونکە نابێت، رێگەی دووەم بگرنەبەر بەرهەمی زۆرترو خێراتری لـێ دەکەوێتەوە. ئەم کارە هەتا سەعاتێک زووتـر بکرێت‌و ئاورێک لەو ژیانەیان بدرێتەوە چاکترە.. نەک بەساڵ‌و دوو ساڵ‌و بگرە زیاتر بکرێت.

# نامەیەک لە نانبڕاوێکەوە بۆ بەڕێز مام جەلال

عەلی گەرمیانی

لە ساڵانی (١٩٧٨)ەوە تاکو ئەمڕۆ دەربـەدەرو رەنج بێبەری دوای یەکێتیم، چونکە ئەوەندە باوەڕم پێی بووە لەدوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥)ەوە، کە ئەو دەمە منداڵێک بووین لەچاو ئەو حەماسەت‌و دڵسۆزییەمان کە پەیوەندیمان کرد بە شانە نهێنییەکانی کۆمەڵەوە لەساڵی (١٩٧٨)، بۆیە لە راستگۆیی‌و دڵسۆزیی کارکردنمان لەگەڵ ی.ن.ک تا ئەم ساتەوەختە هیچ ئەم بەرەوبەرو ئەمسەرەوسەرێکمان نەکردووە، جگە لە یەکێتی نەبێت، کە ئەرکەکانمان تێدا خۆبەخشانە جێبەجێکردووە، هەموو بەرژەوەندییە گشتییەکانمان خستبووە پێش بەرژەوەندیی شەخسی‌و بێ دوودڵیی بیرکردنەوە لە خۆسەپاندن‌و خۆپێگەیاندن‌و قۆستنەوەی ئەو هەلانەی دەهاتنە پێشمان، کە دەمانتوانی وەکو ئەو لێپرسراوانە بکەین کە ئەمڕۆ تاکە راستگۆو دڵسۆزی یەکێتین، خراپی‌و دەرپەڕاندنی منیش لەناو یەکێتیدا لەدوای (٣٠) ساڵ خزمەتکردن تەنیا لەسەر ئەوە بووە پشتگیریی گەندەڵیم نەکردووە، بە رەش نەموتووە سپی‌و بێدەنگ نەبووم لە ئاست بەکارهێنانی باوەڕو کورسی‌و پلەوپایەو مادیی‌و مەعنەویی‌و بەفیڕۆدانی بۆ خواستی نەشیاوو لابەلای بەرژەوەندیی شەخسی‌و درۆکردن لەگەڵ خەڵکدا لەپشتی مینبەری حیزبەوە، نانبڕینی ماڵ‌و منداڵی ئێمەش لەدوای هەژدە ساڵ تەفەروغکردنمان لەپێناو خزمەتکردنێکی بێگەردی ئەم چەند ساڵەمدا بۆ یەکێتی، کە دەکرا وەکو وەفایەک بۆ منداڵەکانمان هیچ نەبێت ئێمەش وەک ئەو ئەفسەرو رەفیق حیزبی‌و مستەشارو زۆرێک لە دۆستەکانی حیزبی بەعس، یا یەکێتی خانەنشینییەکی ببڕایەتەوە بۆ منداڵە نانبڕاوەکانی ئێمەش، کە کراون بە قوربانیی سیاسەتی مایەپووچی (٣٠) ساڵی ئێمەی ناو یەکێتی، گریمان ئێمەش پەیوەندیمان بە بەعسەوە کردووە ئەم هەژدە ساڵەی دوای راپەڕین.

نانبڕاوکردنی سـەدان پێشمەرگەو کادیرو ئاسایش‌و پۆلیس‌و فەرمانبەرو هتد... لادان‌و دوورخستنەوەی شوێنی کاریان لەبەر بێباوەڕیی بەم ناعەدالەتی‌و نایەکسانییەو بە گەندەڵکردنی سیستمی حـوکـمـڕانـی لـەلایـەن کـۆمـەڵـێـک لە بەرپرسانەوە، جگە لە خۆشەویستی‌و کەسبکردنی راو ویژدانی عەدالەتخوازی بـۆ نـانـبـڕاوەکـان سـووربـوونـیـان بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی هیچی دیکەی بەدوای خۆیدا نەهێناوەو ناشیهێنێ، نانبڕینی منیش کە لەلایەن بەرپرسێکەوە بڕاوە، لەسەر قسەکردن‌و رەخنەو نارەزاییم بووە لە ئەدای بەکارهێنانی دەسەڵاتییەوە کە لە دەستیدا بووە، تەنیا لە خزمەتی ئارەزوو خواستەکانی خۆیدا بەکاریهێناوە، بۆیە رقی لە من بووە نەک لەبەر گۆڕانبوونم، ئەگینا خۆ هەر لە دەوروبەری خۆی زیاتر لە دەیان کەس هەیە بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەوەندەی تێدایە ئەوانە تەحەمولیان لە من زیاترە بۆیە بەو بێدەنگییە رازیبوون.

خۆزگە بەڕێز مام جەلال ئەوەندەی لەماوەی (٣) ساڵی رابردوودا ئەو هەموو راپۆرتە دەوڵەمەندو موبالەغانەی لەسەر خزمەت‌و کارو چالاکی‌و گەشەی حیزبییانە کە لە چـوارچـێـوەی کـارو دەسەڵاتی بەرپرسە یەکەمەکاندا کە لەبەرخاتری مـانـەوەی دەسـەڵات‌و کورسییەکەی خۆیاندا بەرزیانکردووەتەوە بۆ سەرەوە تا دەستخۆشییان لێبکرێت، کە ئەوەش ئەنجامەکەی بوو بەوشێوە، هیچ نەبێت بە لانیکەم تۆزقاڵێک بەڕێزیان دەرگایەکی بۆ قسەو زانیارییەکان‌و رەخنەو پێشنیازەکانی ئێمەی بچووک‌و حساب بۆ نەکراوی خوارەوە بکردایەتەوەو بیپرسیایە لە کێشەو نارەزاییەکانمان، کە ئایا شتەکانی ئێمەش خزمەتی یەکێتی بە تایبەتی‌و هاوڵاتییانی کوردستان بەگشتیی دەکرد یا بە تەنیا ئەو دانە دانە لێپرسراوە نا لێپرسراوانە.

بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دێت: ئەو هەموو دەنگە نارەزاییانە لە سیستم‌و دەسەڵاتە، کە کەس لە فیشەکێکەوە تاکو (١٠٠٠) دیناری تەبعی پێ عەتا نەکردوون، کە تەنیا ویژدانی خۆیان دەکەن بە حەکەم لەسەر سندوقەکانی دەنگدان ئەنجامی بێ باوەڕیی‌و بێ ئومێدیی کۆمەڵانی خەڵک نەبوو لەماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا لە لێپرسراوانی بە هیچ تێرنەبووی لە داهاتی مادیی‌و فریودانی خەڵک بە قسەی زل‌و بریقەدار بەسەر خەڵکی ستەمدیدەی ئەم وڵاتە بێ بەرهەمەدا؟



# شۆڕش، بێ سەوزاییە

هاوکار عەبدولستار

پارکەکانی ناحیەی شۆڕش بوونەتە شوێنی فڕێدانی زبڵ‌و خاشاک‌و بەشێکی ئەو شوێنانەش، کە بۆ پارک دانراون نەخراونەتە بـواری جێبەجێکردنەوە، سەرۆکی شارەوانیش دەڵێت: «لەئایندەدا شەش پارک دروستدەکەین».

ناحیەی شـۆڕش، یەکێکە لەو کۆمەڵگە زۆرەملێیانەی لە ساڵی (١٩٨٨) دوای پرۆسەی ئەنفال رژێمی بەعس بۆ لەخۆگرتنی کەسوکاری ئەنفالکراوان دروستی کردو نزیکەی (٤٥)کم لەشاری سلێمانییەوە دوورە، تائێستا وەک پێویست سەوزایی‌و باخچەی تێدانییە.

هـاوڕێ لەتیف، دانیشتوویەکی ناحیەکەیەو ئاماژە بەبوونی چەند شوێنێک دەکات، کە بۆ پارک‌و باخچە تەرخانکراون لە گەڕەکەکاندا، بەڵام نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوەو شوێنەکانیان بووەتە جێی فڕێدانی خاشاک‌و پێیوایە؛ ئـەوەش زیـان بە تەندروستی‌و ناشرینکردنی سیمای شارۆچکەکەیان دەگەیەنێت.

فەتاح عەلی، دانیشتووی گەڕەکی پیریادیەکان کە گەورەترین گەڕەکی ناحیەکەیەو ئەو دوو باخچەیەی بۆشیان دروستکراوە یەکێکیان سەوزایی تێدایە، ناحیەکە شوێنی چەند باخچەیەکی دیکەی تێدایە، بەڵام کراوە بەزبڵدان‌و «شارەوانی هیچ خەمێکی لێناخوات».

لای خۆشییەوە سـەروەر ساڵح، سەرۆکی شارەوانی شۆڕش، نەیشاردەوە کە بەشێک لەو شوێنانەی بۆ پارک تەرخانکراون بوونەتە زبڵدان‌و وتی: «ئەو شوێنانەی کراون بەزبڵدان رۆژانە پاکیان دەکەینەوە، لە بەرنامەشماندایە لەماوەی داهـاتـوودا شـەش باخچە دروست بکەین».

# دادگا غەرامەیەکی دیکەی بەسەرمدا سەپاند

کەریم قادر محەمەد

من کە هاوڵاتییەکم‌و لەسلێمانی دادەنیشم‌و ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگرم پێیە لەجۆری دوو تەنی، لە بـەرواری (٢٠٠٨/١٠/٢٠) لە فەرعی باخی رازاوە کە دەکەوێتە پشت پارکی ئازادییەوە، تووشی رووداوێک بووم کە بەم جۆرە بوو.

لەفەرعێکدا کە ئیشارەتم هەڵکردبوو بۆئەوەی بگەڕێمەوە، چاوەڕێی دەرفەتێک بووم لەپێشەوە،لەدواوە ئۆتۆمبێلێکی جۆری تەکسی، بیکاشۆ خۆی دا بە ئۆتۆمبێلەکەمدا، کەشفی مرور هاتە سەری کە (٪٧٠)ی درا بەسەر شۆفێری تەکسییەکەداو (٪٣٠)ی درا بەسەر مندا، کەسمان دەعوامان لەسەر کەسمان نەبوو، کەشف وتی، دەبێت بچنە دادگا لە (٢٠٠٨/١٠/٢٠) تا (٢٠٠٩/٦/١)ی خایاندووە.

بـەبـڕێـک پـارە کـە (٨٠٠)هـــەزار دینارە غەرامە کراین‌و هەردووکمان یەکی (٤٠٠)هـەزار دینارمان بەرکەوت، وتمان لـەبـەرئـەوەی غـەرامـە کراوین تەواو رزگارمان بوو، بەڵام لە بەرواری (٢٠٠٩/٨/٢٤) دووبارەو جارێکیتر دادگایی کراینەوە: کەوابوو قەزییەکەیان کردووە بە دوو قەزییە، واتا دووبارە غەرامەی تر کراینەوە کە ئەم جارەشیان یەکی (٣٠) هەزار دینارمان بەرکەوت‌و سەیر لەوەدایە کە (٪٣٠)ی دراوە بەسەر مندا، بەڵام لە غەرامەکردنەکەدا بەهەمان رێژەی شۆفێری تەکسییەکەم دراوە بەسەردا، بە بڕوای ئێوە رەوای حەقە یەک رووداوی هاتوچۆ بکرێت بەسـێجار دادگاییکردن کە دادگایی سێیەمیان خراوەتە (٢٠١٠/٢/٢١)وە، ئایا ئەمە خۆژیاندن نییە لەسەر حسابی خەڵکی هەژارو کاسبکار.

من دەمویست خۆم بگەیەنمە ئەو قەناعەتەی کە بڵێم گەندەڵی نەماوە، بەڵام بەداخەوە هەر بەردەوامە کە هەموومان بەدەست ئەم گەندەڵییەوە کە لەسەرتاسەری هەرێمدا بەشێوەیەکی بەربڵاو دیارەو دەبینرێت،دەناڵێنین،گەندەڵییەکەش لەوەدایە کە ئەو کەسانەی گەندەڵن، کەسانی کەم شەهادە نین، بەڵکو کەسانێکن کە حوکمی کۆمەڵێک هاوڵاتی دەکەن لەشاردا، ئاخۆ ئەگەر مامۆستا گەندەڵ بێت، دەبێت قوتابی چی لێدەربچێت؟

من کە ئەم قسانە دەکەم، بە بەڵگەوە دەیسەلمێنم کە وەسڵی یـەک بە یەک لەغەرامەکانم لایـە کە مـۆری دادگـای پێوەیە.

# پرسگەکان‌و چەند تێبینییەک

هاشم غەمگین

باسکردن‌و خستنەڕووی ئەم تێبینی‌و سەرەنج‌و پێشنیازانە، لەمەڕ چاککردنی رەوشـی پرسگەکان، مەبەست لێی تەنها گرنگی‌و بەیاخدانە بـە خزمەتکردنی هاوڵاتییان‌و رامالینی ئەو گلەییانە کە هەیانە بۆئەوەی بـەرەو چارەسەرکردن بڕۆن، دیارە هاوڵاتییانیش بۆ بەسەرکردنەوەی هەر دامودەزگایەک، پرسگە دەبێتە یەکەم وێستگەی سـەردان‌و پرسیارکردن‌و چاوەڕوانی‌و پشوودانیان، پرسگەکانیش لە چەند روویەکەوە کەموکوڕییان هەیە کە لەخوارەوە بەچەند خاڵێک داوای چۆنێتیی چاکبوونەوەیان دەکەین.

١- پێویستە لە دامودەزگاکاندا، ئەو ژوورەی تەرخان دەکـرێـت بۆ پرسگە، ژوورێکی گەورەو فراون بێت‌و لە رووی جوانکاری‌و پاکوخاوێنی‌و پڕکردنەوەی پێداویستەکانییەوە گرنگی تەواوی پێ درابێت، بۆ ئەوەی هاوڵاتییان تیایدا ئاسودە بن.

٢- پزیشکانی دەروونی هەمیشە باس لـەوە دەکـەن، بۆ ئـەوەی مـرۆڤ لەکاتی چاوەڕوانی‌و دانیشتندا، دووچاری حاڵەتی بیرکردنەوەو لێکدانەوەو تـوڕەبـوون‌و هەڵچوون نەبێت، پێویستە ئەو کاتانە خۆی بە تەماشاکردنی تیڤی‌و بە خوێندنەوەی رۆژنامەو کتێب‌و بە گوێگرتن لە مۆزیک وهتد مەشغول بکات، بەڵام جاری وا هەیە بۆ ئیمزاو تەواوکردنی نووسراوێک یان بۆ بینینی بەرپرس‌و پزیشکێک، دەبێت لانیکەم ٣_٤ کاژێر لە پرسگەکاندا دابنیشین‌و چاوەڕێبین، بـەبـێ ئـەوەی هیچ سـەرچـاوەیـەک بۆ خوێندنەوەو تەماشکردن‌و بۆ مەشغوڵبوون لە پرسگەکاندا هەبن.

٣- هەندێکجار لە پرسگەکاندا حاڵەتی وڕک‌و گریان‌و توڕەبوونی منداڵان دەبینین‌و روودەدات‌و دەبێتە مایەی بێزاربوون، بۆ هێوربوونەوەو نەهێشتنی ئەو حاڵەتە، پێویستە چەند ئامێرێکی بچوکی یاریکردنی منداڵان وەک (ورچ‌و کەروێشک‌و پشیلە)و هتد لە پرسگاکاندا هەبن.

٤- خواردنەوەی چاو کۆفی هەمیشە بۆ ئارامی‌و وریایی مێشکی مرۆڤ پێویستن، لە دامودەزگاکانی ئێمەشدا چاخواردنەوە تەنها بۆ کارمەندان‌و میوانی تایبەتەو هاوڵاتییان مافی چاخواردنەوەیان نییە، لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا لە سـەرجـەم پرسگەکانی دامـودەزگـاو رێکخراوەکاندا، ئامێری ئۆتۆماتیکی تایبەت بە دروستکردنی چاو کۆفی دادەنرێن، بۆئەوەی هەرکەسێک ئـارەزووی خواردنەوەی کرد، خۆی هەستێت ئامادەیبکات بۆ خۆی، ئێستا دەبینرێت لێرە جۆرێکی دی لە ئامێری گەرمکردنی ئاو هەیەو بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرێت، پێویستە بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتییان، ئەو ئامێرانە بکڕرێن‌و لەگەڵ چاو پەرداخی سەفەری لەپرسگەکاندا دابنرێن.

٥- پێویستە کارمەندانی پرسگەکان، بە هێمنانەو راستگۆیانە مامەڵەو وتووێژ لەتەک هاوڵاتییاندا بکەن‌و لە راییکردنی کارەکانیاندا فەرق‌و جیاوازیی پیادە نەکەن، مەبەستمان لێکدانەوەیان بۆ واسـتـەو کەسایەتی‌و خزمایەتی نەبێت، چونکە لەم بارەیەوە توانج‌و گلەییەکی زۆر هەیە. هەروەها باشترە کۆمپیوتەر لە پرسگەکاندا هەبن بۆ تۆمارکردنی ناوو ناونیشان‌و جۆری ئیش‌و کارەکانی هاوڵاتییان.

هیوادارم سەرجەم دامودەزگاکان بە بەیاخەوە لەم تێبینییانە بڕوانن‌و بۆ چاککردنی رەوشی پرسگەکان‌و خزمەتکردنی هاوڵاتییان هیمەت بکەن.

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٣١ – R٤
پرۆژە: ئاوەرۆ و تێکەڵەڕێژکردنی کۆڵانەکانی گەرەکی بەختیاری لە سیدسادق (دووبارە ١).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠١٠/١/١١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠١٠/١/١٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٢) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٩٥٠٠٠٠٠) نەوەد و پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٦٢ – R٣
پرۆژە: دروستکردنی سایدی دووەم بۆ جادەی سەرەکی پێباز (قۆناغی یەکەم).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠١٠/١/١١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠١٠/١/١٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٩٠٠٠٠٠٠) نۆ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٣٠ – R٥
پرۆژە: دروستکردنی بینای ناحیەی ژاراوە (دووبارە١).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠١٠/١/١١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠١٠/١/١٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٦٠٠٠٠٠٠) شانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٦١ – R٢
پرۆژە: دروستکردنی بینای وێستگەی مۆبایل کارەبایی لە ناحیەی تەکیە.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠١٠/١/١١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠١٠/١/١٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**کۆمپانیای نالیا**

**ئاگاداری بەشداربووانی کوردسیتی**

**دوو دەکاتەوە دوابـەروار بۆ هێنانی قیستی دووەمی شوقەکانیان رۆژی پێنجشەممە ٢٠١٠/١/١٤یە بە پێچەوانەوە غەرامە دەکرێن بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠ – ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٦٣ – R٥
پرۆژە: دروستکردنی بینای شارەوانی لە حاجیاوا.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠١٠/١/١١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠١٠/١/١٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠٠) چل ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ – ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید – هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

# ئێمەی کورد لەبەر دڵسافیی خۆمانە لە جامە ئاوێکدا دەکەوینە مەلە؟



ئەحمەد قادر سەعید*

مێژوو بۆمان باسدەکات، کە ئەو گەلەی ئێمە لەبەر سینەسافیی خۆی لە زۆربەی کاتدا بەبێ پەروا دڵی خۆی خۆشکردووەو کەوتووەتە ناو ئەندێشەکانی گەیشتن بە ئامانج و چنینەوەی بەرهەمی رەنج و خەباتی سالانی تێکۆشانی. لەورووەوە دوژمنەکانی بۆ هەڵخەڵەتاندن و چاو پێنووقاندنی، فێڵ و پلانی وردو ئاڵۆزیان بۆ دارشتووەو ئەوەی کوردان رێستوویانە لێیان کردووەتەوە بە خوری.

لە کۆنگرەی سیڤەردا هاوپەیمانان ئەو بەڵێنانەی بە کوردیان دابوو لە پێکهێنانی کیانێکی نیمچە سەربەخۆداو لەسەر لاشەی ئیمپراتۆرە دۆڕاوەکەی عوسمانی، وایکرد کورد ئاهێکی پێدابێتەوەو لەو سەرگەردانییەی کە سەدان ساڵە بەدەستیەوە دەیناڵاند تا سنوورێک رزگاری ببێت و لەناو خاکی وڵاتی خۆی بە ئاسوودەیی بژی، لەگەڵ ئەو بەڵێنانە سەرکردەکانی ئەوساتمان بێئاگا لە پلان و فێڵی دوژمنان یان لەناو خۆیاندا تێکچوون یان شنەی سەرکەوتن پرسە سەرەکییەکەیانی لەبیر بردوونەتەوە. پەیمانی لۆزان ئەو دۆزەخە بوو بۆ کورد رێکخراو جێی پەیمانی سیڤەری گرتەوەو لەناو بەندەکانیدا هیچ بوارێک بۆ چارەسەری دۆزە رەواکەی لەبەرچاو نەگیرا، بەدەرلەوەی کە مافێکی زۆر کەمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی تازە پێکهێنراوی عێراقی پێ ببەخشرێت، دیارە ئەو مافە نەک هەر نەبەخشرا، بەڵکو هەرچی مافی پێشینەش کە بەدەستهاتبوون، سڕانەوەو کارەساتەکان یەک بەدوای یەکدا دابارین و ژیان و خۆشییان لەخەڵکی ستاندەوەو دوژمنانی بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی شەو و رۆژیان دەخستە سەریەک و ئێستاش بەردەوامن.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە، ئێمەی کورد دەرس و پەندو عیبرەت لە رووداوەکان وەرناگرین، بە ئاشکرا ئینگلیزەکان شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیدیان رووخاندو لەسەردەمی دەسەڵاتیان کەمترین مافیان بە رەوای کورد نەدەبینی، کەچی ئێمە بەتایبەت سەرکردەکانمان هەر بەیناوبەین بە فریادرەس و داکۆکیکاری مافەکانمان ناویدەبەن و بە سادەترین ئاوڕلێدانەوە لە بوونە ئاساییەکەی خۆیان دەچنە دەرەوەو ئاوازی سەرکەوتنیان بەگوێی خەڵکدا دەدەن، کێ هەیە نەزانێت ئەمریکا کە ئەمڕۆ لە عێراقدا وەک بوونی سەربازیی و سیاسیی بوونی هەیە، بۆ بەرژەوەندیی خۆی و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەماوەتەوەو مانەوەی داهاتووشی رێکدەخات، ئەم رووداوە کتوپڕانەی لەچەند رۆژی رابردوو لە سەروبەندی هەڵبژاردندا لە عێراقدا روویاندا هەر هەموویان بەئاشکرا دیاربوون کە دەیانویست کورد بخەنەوە ناو تۆڕێکی شەتەکدراو لە پلان و رووبەڕووبوونەوەی دەستکەوتەکانی بووەستنەوە. تاریق هاشمی لە بەکارهێنانی ڤیتۆی تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنداو هەڕەشەی بەکارهێنانەوەی بۆ جاری دووەم، بەرگریی لە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تایبەت بەخۆیان دەکردو پێداگریشی لەسەر کرد، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی ئاخۆ بە ڤیتۆکردنەوەی جاری دووەم چی روودەدات یان رێڕەوی کارەکان بەرەوکوێ دەچێت، لە هەموو لایەکەوە چەندان فشار خرابووە سەر تاریق هاشمی بۆئەوەی لە رای خۆی کەمێک نەرمی بنوێنێت، بەڵام وەک دەرکەوت ئەو پێداگریی کردو پەیمانی خۆی بردەسەرو ئەوەی ویستی لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کوردی لە پەرلەمان و حکومەتی داهاتوودا کردی و بۆی چووە سەر، کەچی ئێمەی دڵساف و سەرکەش بە بەڵێنە دەرەکییەکان، نەک سەرکردەکانمان نەیانتوانی هیچ بکەن، بەڵکو هەر تەنیا بە تەلەفۆنێک و بەیانێکی کۆشکی سپی شنەی سەرکەوتن گەشەی بە هەست و دەروونیان داو باوەڕیان بە بەڵێنەکانیان کردو مەشخەڵی سەوزیان بۆ تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنەکە هەڵکرد. ئەمجۆرە گەشەکردنانە ئەگەرچی لە مەودایەکی کورتدا هەندێک خۆشی دەزێنێتە دەروونەوە، بەڵام کە دەچییە بنج و بناوانییەوە، لە خۆڵکردنە چاو زیاتر شتێکی دیکەی لێ بەدیناکرێت، چونکە هیچ کاتێک نەبووەو نەلواوە دەوڵەتان جگە لە بەرژەوەندیی خۆیان بیر لە شتێکی دیکە بکەنەوەو بۆ وەدیهاتنی داواکاریی گەلان بەرژەوەندیی خۆیان بخەنە بەر باری مەترسییەوە، بەڵام ئەوەی جێی داخ و نیگەرانییە ئێمەی دڵسافین بۆ هەموو شتێک دەڵێین بەسەرچاو و لە جامە چلوێکی تەنکدا دەکەوینە مەلەو وادەزانین هەموو شتێک بڕاوەتەوە.

* پارێزەر

# دیسانەوە پشووی دوومانگە!



د.ئیبراهیم محەمەد جەزا*

هەڵبەت بەپێی دەستووری هەرێمی کوردستان (بەشی یەکەم مادەی ٤٧) پەرلەمان دوو خولی کارکردنی هەیە، کە هەریەکێکیان چوار مانگ دەخایەنێت، واتە ئەندامانی پەرلەمان دوو پشوو وەردەگرن، کە هەریەکێکیان دوو مانگ دەخایەنێت. دوو مانگی یەکەم، کە مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتەو پشووی دووەم مانگەکانی تەمموزو ئاب. ئەمە دەستوور بڕیاری داوەو ئیتر دەبێت خەڵک باس لەوە نەکەن، کە بۆ چوار مانگەو ئایا ناکرێت کەمبکرێتەوە، یان نا! من نازانم پەرلەمانتارانی دنیا چوار مانگ پشوو وەردەگرن، یان نا، بەڵام ئەوە دەزانم کە ئەو دەستوورە لەسەر بنەمای دەستوورەکانی چەندین وڵات دانراوەو هەڵبەت ئەوەشیان هەر لەوانەوە وەرگرتووە.

بێگومان ئەگەر کوردستان دەوڵەت بووایەو سنووری جوگرافیی و سیاسیی خۆی هەبووایەو «پاشکۆی» عێراق نەبووایە، ئەوا پەرلەمانتاری بەڕێز هەشت مانگی بەس بوو بۆ تاووتوێکردنی پرسەکانی هاونیشتمانییان، بەڵام خۆ ئێمە وڵات نیین و دەیان پرسی گرنگ و چارەنووسساز لەپێشماندایە، دەیان و بگرە سەدان گرفتی ئیداریی و سەربازیی و سیاسیی چواردەوری پەرلەمانیان داوە، ئەی ئیتر مانای چی پەرلەمانتاران چوار مانگ بچنەوە بۆ ماڵەوەو دەرگای پەرلەمانیش داخرابێت؟ چۆن دەکرێت پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانی ئەڵمانی یان سویدی بەراورد بکرێت و ئەوان چیان کرد ئەمانیش بیکەن.

سوپاسی ئەو چەند پەرلەمانتارە بە هەڵوێستانە دەکەم، کە داوایانکرد هیچ نەبێت چەند رۆژێک ماوەی ئەم خولە درێژبکەنەوەو بەردەوام بن لە کارەکانیان، بەڵام وەک گشت لایەک دەزانن ئەوانی دیکە رازیی نەبوون!

دەمەوێت ئێستا قسەکانم رووبەڕووی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە بکەم و بە ویژدانەوەو دادپەروەرانە گوێم لێبگرن، ئەگەر قسەکان رەقیش بێت، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حەقە. چۆن پەرلەمانێک ساڵی چوار مانگ لەپشوودا بێت دەتوانێت و پێیدەکرێت لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان بکات؟ کە بەپێی دەستوور دەتوانێت سەرۆکیش لابەرێت (بەشی دووەم مادەی ٦٢)، ئەگەر خۆتان وتەنی پەرلەمان بەرزترین دەسەڵاتە لەکوردستاندا (چونکە هەڵبژێردراوە!)، دەبوو پەرلەمانتار لەهەموو کەس دڵسۆزتر بووایەو لەهەموو تاکێکی ئەم نیشتمانە زیاتر ماندووببووایەو چالاکیی هەبووایە.

ئاخر پەرلەمانتارانی بەڕێز ئێوە کارەکەتان بەبەر خۆرەوەیەو ئارەقە دەکەنەوە، یان لەسەرمادا کاردەکەن و سەهۆڵبەندان و دەست لەرزین ماندووتان دەکات، وەک لە هەندێک لە قوتابخانەکاندا رۆڵەکانی کورد ناتوانن بنووسن لەبەر سەرما، ئەی باشە بە پاچ و خاکەناز بناغەی خانووی هەژاران هەڵدەکەنن؟ وەڵام، نەخێرە، بەڵکو لەناو هۆڵی پەرلەمانداو لەپلەی گەرمیی ژوورداو لەسەر کورسییە گەرم و نەرمەکانی دانیشتوون و گفتوگۆ دەکەن و قسەوباس دەکەن، ئەی باشە ئیتر بۆ چوارمانگ پشوو لەساڵێکدا؟ باشە لەخۆتان پرسیوە، کام فەرمانبەر هەیە چوار مانگ پشوو وەربگرێت؟ تەنیا ئەوە نەبێت کە نەخۆشە (ئێ خۆ ئێوە شکوور بۆخوا نەخۆش نین و رەنگتان سوور دەکاتەوە). تەنانەت مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانیش چوار مانگ پشوویان نییە، ئەگەر سێ مانگیشیان هەبێت ئەوا دیسانەوە مانگێکی بە بەردەوامیی لەخول و راهێناندان، کە کاری مامۆستایان دە هێندە لە کارەکەی ئێوە قورسترەو هەرچەندە مووچەکەشیان دە یەکی ئەوەی ئێوەیە! زویر مەبن، ئەمە مانای ئەوەنییە کارەکەی ئێوە سووک بکەم و نەزانم پەرلەمان چییەو چەند گرنگەو داواش ناکەم بچن بەبێڵەوە لەشارەزوور مەرەزە بکەن، بەڵام ئێوەش واقیعبینانە کاربکەن، هیچ نەبێت هەر جارەی مانگێک پشوو وەربگرن و مانگەکەی دیکە تەرخان بکەن بۆ درێژەدان بە ئیش و کاری خەڵکی وڵاتەکەتان.

ئێوەیەک کە چارەکێکی سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆک وەزیران تەنانەت بەڕێوبەرێکی گشتیی دەوام ناکەن، چۆن دەتوانن لێپرسینەوە بکەن؟ کوا چەندین ساڵ تێپەڕیوەو کێتان سزا داو کێتان دەرکردو کێتان سەرزەنشت کرد؟ من هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئێوەیەکی پەرلەمانتارو منێکی مامۆستای زانکۆو باجییەکی کارگوزاردا نابینم لەڕووی هاونیشتمانیبوونەوە، ئەوەی جیامان دەکاتەوە هەریەکە لەبوارو تایبەتمەندیی خۆیدا کاردەکات.

دە ئێوەش کورد وتەنی؛ پارەکەتان حەڵاڵ بکەن و سەروەرییەکیش لەمێژوودا بۆ خۆتان بنووسن.

پەرلەمانتارە ئازیزەکان ئێوە دەتوانن پەیڕەوی ناوخۆی خۆتان بگۆڕن و پشووەکانتان کەم بکەنەوەو زیاتر کارو چالاکی بکەن.

ئێستا کوردستان لەو ئارامییەدا نییە کە لەسەر شەقامەکانی دەیبینین، ئێمە ئاواتەکانمان زۆر لەوە زیاترە چاوەڕێی خێرودڵنەرمیی بەغدا بین و بە هەزار دوعاو نزا هەموو ساڵێک بودجەو کارەکانمان لەوێ رایی بکەین، ئەوە رۆژێک دێت دوعاو سیاسەت و قسەی برایانە داد نادات،.... بەڕێزان کاری جدیتان لەپێشەو کاتی پشووی دوومانگیی نییە.

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر
بەشی زەویناسی، زانکۆی سلێمانی
ibrahimjaza@yahoo.com

# کەی و چۆن، بارزانی سەرۆکێکی سەرکەوتوو دەبێت



هادی ئەکرەم

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک سەرۆکێکی هەڵبژێرراوی ناو جەماوەر مامەڵە دەکات و دەسەڵاتی زۆری هەیە بە سیستمی هەڵبژاردنی سەرۆک لەناو جەماوەردا، بەپێی یاساش دەسەڵاتی دیاریکراوو گرنگی هەیە، بۆیە ئەگەر بیەوێت سەروەریی بۆ خۆی تۆمار بکات، دەبێت لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنیدا وەک سەرۆکی پارتی مامەڵە نەکات، گرنگە مامەڵەی تەندروست لەگەڵ پرسە گرنگەکان و داخوازییەکانی جەماوەر بکات.

دەبێت سەرۆکی هەرێم ئەوە چاک بزانێت، لەماوەی سەرۆکایەتیی پێشوویدا، چی کردووە چ هەنگاوێکی بۆ خواستەکانی جەماوەر ناوە، بۆ سەرۆکایەتیی ئەم جارەش بەرنامەی چییە، خولی سەرۆکایەتیی ئەم جارەی جیاوازیی زۆرە، بۆیە پێویستە چەندین ئەرک و پێویستیی هەن جێبەجێیان بکات لەوانە:

١-یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، ئەم هێزە لەهێزی شەخسییەوە بکرێتە هێزی پاراستنی حکومەتی هەرێم، سەرجەم ئەو هێزانەی بەناوی لێپرسراوەکانەوە هەن نەمێنن، رێژەیەک پاسەوانیان هەبێت، نەک سەدان پاسەوان، سەدان بارەگای حیزبی جۆراوجۆر هەن، بۆچی هێزی پێشمەرگە پاسەوانیان بن و بودجەیان لەسەر حکومەت بێت، با بارەگای حیزبەکان لەسەر بودجەی خۆیان پاسەوانیان هەبێت، لەهێزی پێشمەرگەدا زۆر گرنگە گەنجانی خاوەن بڕوانامە دەوری کاریگەرییان هەبێت، هەستی نەتەوایەتیی جێگەی حیزبایەتی بگرێتەوە، راگەیاندن رۆڵی خۆی ببینێت، لەناو هێزی پێشمەرگەی ئێستادا کە دەیان کەسی تێکۆشەری تێدایە، ژیانیان بۆ مسۆگەر بکرێت و خانەنشین بکرێن و...هتد.

٢-یەکێک لەو خاڵانەی کە جەماوەر لێی نارازییەو حکومەتی هەرێم دوو ئیدارەیی پێوە دیارە، یەکنەگرتنەوەی وەزارەتی داراییە، ئەگەر لەکابینەی شەشەمدا یەک وەزیری دارایی راگەیەنراوە، بەڵام تائێستاش بە رەسمیی هەردوو وەزارەتی دارایی یەکیان نەگرتووەتەوە، هاوکات لەکابینەکانی پێشوودا داهات و سەرفیان شەفافیەتی پێوە دیار نەبووە، بۆیە پێویستە سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێت و بەزوویی هەردوو وەزارەتەکە یەک پێ بگرێتەوە.

٣-هێزەکانی ئاسایش یەک بخرێنەوەو ببنە هێزی ئاسایشی حکومەتی هەرێم، لە ئاسایشی حیزبی دەربچن و بەرگێکی حکومی لەبەربکەن و بەپێی یاسا مامەڵە بکەن، هەستی نەتەوایەتیی جێگەی حیزبی بگرێتەوە، لەم هێزەدا مەرجێکی گرنگە گەنجانی خاوەن بڕوانامە دەوریان پێبدرێت، لەهێزی ئاسایش کەسانی حیزبی توندڕەو هەن، دەکرێت لەشوێنی حیزبیدا ئەرکیان پێبسپێررێت.

٤-گومانی تێدا نییە راگەیاندن لەهەموو کاتێکدا دەوری کاریگەریی خۆی هەبووە، بۆیە سەرۆکی هەرێم دەبێت دەوری کاریگەریی هەبێت، لە کردنەوەی کەناڵی فەزائی و ناوخۆیی و گۆڤارو رۆژنامە، بەتایبەت بەحکومەت، دوای دروستبوونی شەش کابینە، کام کەناڵی حکومی دەوری هەبووە، تەنها کەناڵە حیزبییەکانن، ئەوانیش بەپێی خواستی حیزبی دەوریان گێڕاوە، لەم کەناڵەدا سەدان پسپۆڕو خەڵکانی بەتوانا بخرێنەگەڕ.

٥-ئەمڕۆ لە هەر لێپرسراوێک بپرسی، دەڵێت گەندەڵی هەیە، یەکێک لە نارازییەکانی جەماوەریش بوونی گەندەڵییە، ئەویش لە رێگەی دەستەی نەزاهەوەو سەڵاحیاتی تەواویان پێبدرێت، نەک دروستکردنی دەستەی نەزاهە یان لیژنەی نەزاهە، لە پەرلەمان شەڕ بکرێت لەسەر سەرۆکەکەی، بۆ ئەوەی عەیبەکانی لێپرسراوانی پێ پەردەپۆش بکرێت، دەکرێت دەستەی نەزاهە لەخەڵکانی یاسایی یان ئۆپۆزسیۆن دروست بکرێت و سەرۆکی هەرێم بەپێی سەڵاحیەتەکانی پشتیوانیی تەواویان بکات. لەماوەی شەش کابینەدا چ کەسێک رووبەڕووی دادگا کراوەتەوە، بەپێچەوانەوە حکومەتی مەرکەزیی، دەیان کەسی رووبەڕووی دادگا کردووەتەوە.

٦-ئەرکێکی گرنگی سەرۆکی هەرێم، هەوڵدانیەتی لە رێگەی پەرلەمانەوە بۆئەوەی یاسای حیزبی دابڕێژێتەوەو بەپێی رێژەی کورسییەکان بودجە بدرێت بە حیزبەکان، نەک لەسەر ئەساسی مەیل و هاوپەیمانێتیی حیزبی.

٧-ئەوەندەی نوێنەرە حیزبییەکان لەوڵاتانی دراوسێ و دەرەوە دەوری گرنگیان هەیە، ئەوەندە نوێنەرە حکومییەکان دەوریان نەبووە، کاردانەوەی خراپی دەسەڵات و نەبوونی دەوریان کوردانی هەندەرانی نارازی کردووە، بۆیە دەبێت سەرۆکی هەرێم پەیوەندییە ناوچەییەکان و دەرەکییەکان بەهەند وەربگرێت و کەسانی شارەزاو پسپۆڕ دابنرێن لەو جێگایانە، نەک دۆزینەوەی کار بۆ کادیرانی حیزب.

٨- دەبێت سەرۆکی هەرێم پشتیوانیی تەواوی وەزارەتی داد بکات و رێگە نەدات کەس دەست بخاتە کاروباری یاساوە، لە زۆر وڵاتدا ئەوانەی لەبواری یاسادا کاردەکەن، حکومەت کە دایمەزراندن، لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەر حیزبێک بیباتەوەو حکومەت دروست بکات، ئەم بوارە ناگرێتەوە بۆ گۆڕانکاری.

٩-بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکانی، جگە لە راوێژکارەکانی، سەرۆکی هەرێم پێویستی بە دوو جێگری شارەزاو بە توانا هەیە، جێگرەکان لەسەر حسابی حیزبی نەبن، بۆیە پێویستە سەرۆکی هەرێم بەبێ جیاوازیی مامەڵە لەگەڵ دەزگاکانی هەرێمدا بکات و دەسەڵاتەکانی خۆی بە راوێژ بەکاربهێنێت.

١-سەرۆکی هەرێم و مامەڵەی لەگەڵ پەرلەمان:

بۆ ئەوەی پەرلەمانێکی ئەکتیڤی هەبێت، گرنگە بەوردیی چاودێریی بڕیارەکانی پەرلەمان بکات، ئەگەر هەریەکە لە دەزگاکانی هەرێم یاسای خۆیان هەیە. لە زۆربەی وڵاتان پەرلەمان دەوری کاریگەریی خۆی هەیە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان تائێستاش حیزب رۆڵی کاریگەریی تێدا دەبینێت، بۆیە گرنگە پەرلەمانی کوردستان بەرگی حیزبی داماڵێت و بەرگێکی حکومیی لەبەربکات، پەرلەمان ئەمجارە لەچاو کابینەکانی تر جیاوازیی خۆی هەیە، ئەویش بوونی ئۆپۆزسیۆنە لەناو پەرلەماندا، گرنگە سەرۆکی هەرێم وەک چاودێری خۆی سەیری بکات، نەک وابزانێت کێشە بۆ پەرلەمان دروست دەکەن، لەپەرلەماندا کاریگەریی حیزبایەتی پێوە دیارە، ئەگەر بەوردیی سەیر بکەین، ئۆپۆزسیۆن چەندین پڕۆژەی گرنگی پێشکەش بە پەرلەمان کردووە کە دێتە سەر دەنگدان، سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنەکە دەنگیان نەدا، ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بەهەمان فراکسیۆن بەدوایدا دەست بەرز دەکەنەوە، بۆیە زۆر گرنگە پەرلەمانتارەکان خاوەنی رای خۆیان بن، بۆیە دەکرێت سەرۆکی هەرێم دەوری هەبێت لە نەهێشتنی ئەو شێوازە کارکردنەدا.

٢-سەرۆکی هەرێم و مامەڵەی لەگەڵ حکومەتدا:

حکومەتی هەرێم دەسەڵاتی خۆی هەیە کە بەپێی یاسا دیاریکراوە، شادەماری داخوازیی و داواکارییەکانی جەماوەری لەئەستۆدایە، هەر کارێکی خراپ بکات، کاردانەوەی بۆ سەر سەرۆکی هەرێم هەیە، یەکێک لە نارازییەکانی تری جەماوەر، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانە کە لە حکومەت و وەزارەتەکاندا هەیە، بۆیە ئەرکی سەرۆکی هەرێمە، ئەوەی دەسەڵاتی خراپ بەکارهێنا، بەپێی یاسا سزا بدرێت، ئەم هەموو گەندەڵییەی باس دەکرێت کێ رووبەڕووی دادگا کراوەتەوە بۆ سزادان، بەپێچەوانەوە حکومەتی مەرکەزیی تائێستا سەدان کەسی رووبەڕووی دادگا کردووەتەوە.

٣-سەرۆکی هەرێم و مامەڵەی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن:

بۆ کەمکردنەوەی دەنگە نارازییەکان و خزمەتکردنی جەماوەر، ئەرکی سەرەکی سەرۆکی هەرێمە، گوێ لە رەخنەو داواکاریی و پێشنیازەکانی ئۆپۆزسیۆن بگرێت، چونکە ئەوانە نوێنەری جەماوەری نارازین لەئەدای حکومەت، ئەگەر سەرۆکی هەرێم دەیەوێت سەرکەوتوو بێت، پێویستە کار بۆ داواکاریی و پێشنیازەکان بکات، چونکە لە ماوەیەکی کورتی پەرلەماندا، ئۆپۆزسیۆن لەپێناو خزمەتی جەماوەردا چەندین پڕۆژەی جوانیان پێشنیاز کردووە، ئایا ئەم پڕۆژانە کە جێبەجێ بکرێن بەشێکی ناگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی سەرۆکی هەرێم.

ئەگەر بەوردیی سەیر بکەین، لە پەرلەماندا لە کاتی دروستکردنی لیژنەکاندا بەتایبەتی لیژنەی دارایی و لیژنەی نەزاهەو لیژنەی یاسایی، هەردوو نوێنەرانی پەرلەمانتارانی پارتی و یەکێتی شەڕیان لەسەر سەرۆکایەتیی ئەو لیژنانە دەکرد، ئایا ئەم لیژنانە، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن سەرپەرشتی بکردنایە لە خزمەتی حکومەتی هەرێمدا نەدەبوون، ئایا ئۆپۆزسیۆن بێجگە لە خزمەتکردن هیچ مەبەستێکی تری هەیە، بۆیە ئەگەر سەرۆکی هەرێم دەیەوێت سەرکەوتوو بێت و شانازیی بە ماوەی سەرۆکایەتییەوە بکات، پێویستە جیاوازیی نەکات و زۆر بەوردیی مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بکات بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕییانەی کەهەبوون و هەن بەشێکیان چارەسەر بکرێن.

# هەژارەکان



سیروان ڕەشید

ڕەنگە هیچ کەس‌و لایەنێک هێندەی ڕۆژنامەنووسان نەتوانن بەباشیی تێستی شەقام بکەن‌و بەئاگابن لە ڕای هاوڵاتییان‌و دیوە ڕاستەقینەکەی ژیانیان.

وڵاتی ئێمە بووەتە دنیایەکی دووکەرتبوو لەنێوان دووجۆر مرۆڤ‌و ژیاندا، یەکێکیان بێ ئەندازە دەوڵەمەندو داراو هەبووەو ئەوی دیکەشیان تەواو هەژارو نەدارو نەبووەو ژیانی کولەمەرگی‌و مەمرەو مەژی دەگوزەرێنێت.

لەم ڕۆژانەدا ڕاپۆرتێکم بە ناونیشانی «لەم وڵاتە نان چۆن پەیدا دەکرێت» بۆ کەناڵی KNN ئامادەکرد، ئێستا هەستدەکەم هەزاران هاوڵاتی ئەم وڵاتە، نەک بەجۆرێک ناژین کە شایستە بە ژیانی ئەم سەردەمە بن، بەڵکو ژیانێک دەگوزەرێنن مەمرەو مەژی بەدەست چۆنێتیی بژێویی ژیانی ڕۆژانەیان‌و پەیداکردنی قوتی ڕۆژانەی منداڵەکانیانەوە دەناڵێنن، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی ئیمکانیاتێکی ئابووریی‌و دارایی باشە، بەڵام سیستمی بەڕێوەبردنی ژیانی هاوڵاتییانی بێ ئەندازە دواکەوتوو و زاڵمانەیە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی، ئەگەر لە هەرێمی کوردستان‌و عێراقدا خێزانێکی (٥) کەسیی داهاتی مانگانەیان (١) ملیۆن دینار بێت، ئەوا پێویستیان بە (٣٥٪)ی ملیۆنێکی دیکە هەیە بۆئەوەی ژیانێکی ئاسایی بژین، واتە پێویستیان بە (١) ملیۆن‌و (٣٥٠) هەزار دینارە بۆئەوەی کرێی خانوو و کرێی کارەباو ئاوو کرێی هاتوچۆو کڕینی جلوبەرگو خواردن‌و پێداویستیی تەندروستی لێبدەن.

هەروەها بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان لەکۆی (١٠١٣٩٨٧) خێزانی هەرسێ شارەکەی هەرێمی کوردستان، (٤٤١٥٩٥) خێزان کرێنشینن‌و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان نییە، کە دەکاتە ڕێژەی زیاتری (٤٠٪)ی ژمارەی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان.

هەژارەکانی کوردستان سوتوو و پشکۆو قوربانیی هەموو شۆڕشەکانی کورد بوون، بەڵام ئەمڕۆ مەحرومترین هاوڵاتییانی ئەم کۆمەڵگەیەن‌و دەسەڵات وەک پێویست خزمەتی بەم توێژە بەشمەینەتییە نەکردووەو بەهیچ شێوەیەک سوودمەند نەبوون لە ئیمتیازاتەکانی حکومەت.

ڕێژەی ئەوانەی لە کوردستاندا لەژێر هێڵی هەژاریدان، واتە لە هەژاریی ئاسایی هەژارترن، نزیکەی (٣٠٪)ی دانیشتووانی هەرێمە، کە دەکاتە زیاتر لە یەک ملیۆن مرۆڤ.

ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی زیاتر لە (٤٠) هەزار خێزان لە کوردستاندا لەسەر مووچەی هەژارانە دەژین، لەچوارچێوەی مووچەی سندوقی هەژارانە، کە بڕەکەی تەنیا (٢٥) دۆلارە بۆ هەر خێزانێک، کە هەژارانە وەردەگرن.

هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە مافی خۆیانە داوای ژیانێکی دادپەروەرانە بۆ خۆیان‌و خێزانەکانیان بکەن، مافی خۆیانە لە چارەنووسی خۆیان‌و ئایندەی منداڵ‌و نەوەکانی داهاتوویان بپرسنەوە، مافی خۆیانە داوای دەرفەتی یەکسان بۆ کارو ژیان بکەن، مافی خۆیانە داوای دادپەروەریی بکەن لە دابەشکردنی پارەو شوێنی نیشتەجێبوون‌و زەوی دابەشکردندا.

چ ویژدانێک قبووڵی دەکات هەزاران خێزانی ئەم وڵاتە بەجۆرێک ژیان بگوزەرێنن کە لەژێر هێڵی هەژارییەوە بێت‌و ژیانی مەمرەو مەژی بگوزەرێنن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەندام پەرلەمانێک مانگانەکەی (٨) ملیۆن دینار بێت، کە لە ساڵێکدا (٤) مانگیش پشووی بێت، وەزیرێکیش مانگی (١٠) ملیۆن دینار مووچەکەی بێت‌و لە ڕۆژێکدا چەند سەعاتێکی کەم‌و لە هەفتەیەکیشدا لەنێوان (٢– ٤) ڕۆژ دەوام بکات.

ئەم جیاوازییە گەورەیە بۆ؟ چ ویژدانێک ئەمە قبووڵ دەکات؟ چ پێوەرێکی ئینسانی‌و ئاسمانیی ڕێگە بەم نادادییە دەدات؟




سەرچاوە

گۆڤاری **سەرچاوە** دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران

(**سەرچاوە**) گۆڤارێکی سیاسی، فیکری مانگانەیە.

لەژمارەی یەکەمدا چەندین بابەتی گرنگی سیاسی و فیکری تێدایە

# کێ باجی تیرۆرکارییەکان دەدات؟



ئاودێر شێخ عومەر

ئەوەی لەسلێمانی‌و هەندێک ناوچەی دیکە لە تیرۆری جۆراوجۆر (تەقەلێکردن، سووتاندنی ئۆفیسی پەرلەمانتار، پەلاماردان بە ئاسن‌و پارچەی ڕەق، سووتاندنی ئۆتۆمبێل‌و سووتاندنی ماڵ‌و باخ ڕوو دەدات) کارێکی بێ نەخشە نییە، بە تایبەت لەوەدا، کە ئامانجی هەموو پەلامارەکان تەنیا ئەو کەسانەن کە لە بزووتنەوەی گۆڕاندا هەڵسووڕاون یان پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانن، بۆ بەرگرتن بەم کردارانە سەرۆکی هەرێم هەندێک هەنگاوی ناوە، ئەگەرچی هێشتا بە عەمەلی نەهاتووەتە کایە، بەڵام تائێستا نە سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و نە وەزیری ناوخۆ هەڵوێستێکی پێویستیان نیشان نەداوە.

پەرەسەندنی تیرۆرکاریی پەیوەستە بە ژیانی تێکڕای دانیشتووانی سنوورێک، کە پێشتر ناوچەی قەڵەمڕەویی یەکێتی بووەو تائێستاش یەکێتی تێیدا کەمینەی دەستگرتووە بەسەر دەسەڵاتدا، چونکە پەرەسەندنی تیرۆر بە تەنیا مەترسیی نییە لەسەر ژیانی ئامانجی کردەوە تیرۆریستییەکان، بەڵکو بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ‌و نائارامییە لەلای تێکڕای دانیشتووانی ئەو سنوورەی تیرۆرکاریی تێدا دەکرێت.

وەستاندنی تیرۆرکاریی، بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی سەرۆکی هەرێم‌و وەزیری ناوخۆیە، هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێم لە ڕووی تیرۆرییەوە ئارامیبەخشن، بەڵام ئەگەر پەلە نەکرێت لە هەنگاوی عەمەلی، ئەوە دەکرێت سلێمانی وەک بەشێک لەو هەرێمەی ئەو سەرۆکایەتی دەکات بە ناوچەیەکی مەترسیدارو نا ئۆقرە هەژمار بکرێت، بۆیە کارەکە پێویستی بە وەستاندن‌و ئاشکراکردنی تیرۆریستان هەیە.

خاڵێکی جێی سەرنج لەو مەسەلەیەدا ئەوەیە؛ وەزیری ناخۆ هەڵوێستێکی دیاریکراوی نییەو هێشتا وەک وەزیری ناوچەی زەرد هەڵسوکەوت دەکات‌و ڕاستەوخۆ نەهاتووەتە ناو ئەو مەسەلە مەترسیدارە، کە دەبوایە پاش هەر پەلامارێکی تیرۆریستیی بگەیشتایەتە سلێمانی‌و ئەگەر دەسەڵاتی بەسەر دەزگا ناشەرعییە چەکدارەکانیشەوە نییە، خۆ دەیتوانی هێزەکانی پۆلیس ڕاسپێرێت، کە ئەرکی سەرشانیان لە دەستەبەری ئۆقرەیی‌و پاراستنی ژیان‌و کەرامەتی هاوڵاتییان ڕایی بکەن، هەر بۆیە بێدەنگی وەزیری ناوخۆ جێی پرسیارەو مایەی ئەوەیە پاش پشوو بانگبکرێتە پەرلەمان بۆ لێپێچینەوە. بێدەنگی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش لە هەمبەر سووتاندنی ئۆفیسی پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە شاری کۆیە جێگای قسەلەسەر کردن‌و شەرمهێنیشە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

ئەگەر ئەو دەزگایانەی پاراستنی ئەمنییەتی سنوورەکەیان پێسپێردراوە، چاوپۆشی بکەن لە بەردەوامبوونی تیرۆر، یان دەرەقەتی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە نەیەن، هەروەها دەزگای قەزاش لەبەر هەر هۆیەک بێت نەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت لەو مەسەلەیەدا، ئەرکی سەرۆکی هەرێم‌و وەزیری ناوخۆیە، ئەو دەزگایانەی سلێمانی ڕووبەڕووی لێپێچینەوە بکەن‌و بەرپرسەکانیان ڕووبەڕووی سزای پێویست بکەنەوە، سەرباری ئەوەش تا ئەو کاتەی سلێمانی دەبێتە خاوەن هێزێکی ئەمنیی، کە بتوانێت بەبێ جیاوازی ژیانی دانیشتووان بپارێزێت، هێزی دەزگای پۆلیس‌و دەزگای قەزایی هەولێرو ناوچەکانی دیکە ڕەوانەی سلێمانی بکەن بۆ پاراستنی ئاسایش‌و ئۆقرەیی شارەکەو قەزاواتکردن‌و ڕەواندنەوەی ئەو مەترسییەی لە شارەکەدا خەریکە پەرە دەستێنێت.

کەمینەی دەستگرتوو بەسەر دەسەڵاتی سلێمانیدا، ئەگەر تائێستا مەسەلەی دواکەوتنی سلێمانی لەڕووی خزمەتگوزارییەوە بەوە پاساو دابێتەوە، کە شارەکە هەر نەبێت پڕە لە ئاسایش‌و ئارامیی، ئیدی ئەو پاساو و شانازیەیشی دۆڕاند.

ئیدی سلێمانی شاری بێ خزمەتگوزاریی، بێ ئاسایشی، پڕ میلیشای ناشەرعیی‌و گرووپی تیرۆریستییە، ئەمەش هێندەی دیکە شار تووشی ماڵوێرانی دەکات، باجی ئەم کردەوانەش هەر دانیشتووان‌و هاوڵاتییانی ئاسایی دەیدەن، دەسەڵاتیش وەک هەمیشە بێ دەسەڵات‌و بێدەنگو بێدەربەستە.